رۆژنامە

www.rozhnama.com

رۆژنامەیەکی رۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 489 یەکشەممە 14/ 6/ 2009 | نرخ 500 دینار | No.489 Sun 14/ 6/ 2009



## ئاگاداریەک لەکۆمپانیای بەرێزەوە بۆ سەرجەم شارەزایانی بواری بیناسازی

کۆمپانیای بەرێز بانگێشتی هەموو ئەو کەسانە دەکات کەستافی کارکردنیان هەیە لەبواری دانانی ئاوو ئاوەڕۆو کارەباو کاشی و لەبغ و گەچکاری دەتوانن سەردانی کۆمپانیا بکەن بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر بۆ خانووەکانی (گرین سیتی، بروا سیتی، چەرموو سیتی)

دووا بەروار بۆ وەرگرتنی تەندەر (٢٠/٦/٢٠٠٩) یە.

ناونیشانی وەرگرتنی تەندەر :

ئۆفیسی سەرەکی کۆمپانیای بەرێز/ سلێمانی.

کەمپی پرۆژەی چەرموو ستی/ چەمچەماڵ.

کەمپی پرۆژەی گۆران ستی/ هەڵەبجە.

کۆمپانیای بەرێز


# پەرلەمانی (ماوە بەسەرچوو) دەستوور هەڵدەپڕوکێنێت

رۆژنامە

سەرۆکایەتی پەرلەمان (ماوەبەسەرچوو) پێشنیازدەکات لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان‌و سەرۆکی هەرێمدا، راپرسی لەسەر دەستووری هەرێمی کوردستان بکرێت‌و پارلەمانتاران‌و شارەزایانی بواری دەستووریش پەسەندکردنەکە لەم ماوەیەدا بە «هەڵپڕوکاندن» ناودەبەن‌و کۆمسیۆنیش داوای ٦٠ رۆژ دەکات بۆ خۆئامادەکردن بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم.

رۆژی چوارشەممەی رابردوو (٢٥) پەرلەمانتار لە روونکردنەوەیەکدا داوایان لەسەرۆکایەتی پەرلەمان کرد، تادوای هەڵبژاردن پەرلەمان هیچ یاسایەک (بەتایبەت دەستوور) جگە لە پەسەندکردنی بودجە، پەسەند نەکات، چونکە لەوبڕوایەدان ئەم پەرلەمانە هیچ شەرعیەتێکی یاسایی‌و جەماوەری نەماوە، هەروەک بەوتەی پەرلەمانتارێک «ئەگەر لەم ماوە کەمەی کە ماوە لەبەردەستی پەرلەماندا دەستوور پەسەندبکرێت، ئەوا شێوە هەڵپڕوکاندنێکی پێوە دیار دەبێت».

زانا رۆستایی ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمان (ماوەبەسەرچوو) لەوبڕوایەدایە «خستنە بەرباسی پرۆژەی دەستوور بەو پەلەییەو بەوشێوە چاوەڕواننەکراوە، گومانی ئەوە دروستدەکات کە گەمەیەکی سیاسی لەپشتەوە هەبێت‌و گەمەکەش لەلایەن پارتی‌و یەکێتییەوە دەکرێت».

کوێستان محەمەد سەرۆکی پێشووی فراکسیۆنی سەوز بەهەمان شێوە بۆچوونی وایە، کە مەبەست لەپەسەندکردنی پرۆژەکە لەو ماوە کورتەی تەمەنی خولی دووەمی پەرلەماندا، «گەمەیەکی سیاسییەو پارتی‌و یەکێتی دەیانەوێت بەر لەهەڵبژاردن پرۆژەکە تێپەڕێنن».

د.شۆرش حەسەن پسپۆڕی دەستووری پێیوایە، یەکێتی‌و پارتی دەیانەوێت لەم ماوە کورتەی کە لەبەردەمی پەرلەماندا ماوە، دەستوور پەسەندبکەن‌و بیخەنە ریفراندۆمەوە، «کەئەمە کارێکی نەشیاوە، چونکە دەستوورەکە خۆی پێویستی بەوە هەیە کەخەڵکی لێئاگادارو هۆشیاربکرێتەوە، بەڵام پارتی‌و یەکێتی پەلەی لێدەکەن، بۆئەوەی ئەو شتانەی مەبەستیانە لەدەستووردا، بیسەپێن».


وردەکاریی زیاتر لە ل ٢و٣دایە


# سوێندخواردن بۆ ئاشکراکردنی لایەنگرانی گۆڕان بەکاردەهێنرێت

## بەبیانووی لایەنگیریی گۆڕان، دوو ئەفسەری پۆلیس دەگوازرێنەوەو ئەفسەرێکی فەرماندەیی دەردەکرێت‌و (٩) سەربازیش وازدەهێنن

رۆژنامە

بەهۆی لایەنگیریی‌و پەیوەندی‌و پشتگیرییان بۆ لیستی گۆڕان، وەزارەتی ناوخۆ فەرمانی گواستنەوەی دوو ئەفسەری پۆلیسی نەوت بۆ بەڕێوەبەرێتی گشتیی پۆلیسی بەرگری‌و فریاکەوتن دەردەکات‌و ئەفسەرێکی فەرماندەیی گشتی هێزی پێشمەرگە لادەدرێت‌و مووچەکەی دەبڕدرێت، دوای ئەوەی هەڕەشەی سوێندخواردن لە ژمارەیەک سەربازانی کەتیبەی (٦)ی سەرۆکایەتی ئەرکانی هێزی پێشمەرگە دەکرێت، بۆئەوەی بزانرێت لایەنگری لیستی گۆڕانن یان کوردستانی، (٩) لە سەربازەکان واز لەکارەکانیان دەهێنن، لەبەرئەوەی داوایانلێکراوە سوێندبخۆن کە دەنگ بە لیستی کوردستانی دەدەن.

بەهۆی لایەنگیرییان لە لیستی گۆڕان، وەزارەتی ناوخۆ لەنووسراوی ژمارە (٨٣٥٣) لە بەرواری (٢٠٠٩/٦/١٠) کە ئیمزای کەریم سنجاری وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی لەسەرە، فەرماندراوە بەگواستنەوەی موقەدەم ئاری رەئوف بێگەرد بەڕێوەبەری پۆلیسی نەوت‌و گازی سلێمانی‌و رائید داود سلێمان خەسرۆ بەڕێوەبەری پۆلیسی نەوت‌و گازی گەرمیان بۆ بەڕێوەبەرێتی گشتیی پۆلیسی بەرگری‌و فریاکەوتن.

سەرچاوەیەک لەبەڕێوەبەرێتی گشتیی پۆلیسی هەرێم بە رۆژنامەی راگەیاند: ئەو ئەفسەرانە هیچ کەمتەرخەمییەکیان لەکارەکانیاندا نەکردووەو بڕوانامەشیان هەیە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کار بۆلیستی گۆڕان دەکەن، جەلال شێخ کەریم بریکاری وەزارەتی ناوخۆ بانگهێشتی یەکێک لەو ئەفسەرانەی کردووەو پێیراگەیاندووە، ئەگەر لایەنگیریی لیستی گۆڕان بکەیت، لەپۆستەکەت لادەدەین، دوای ئەوەی ئەو ئەفسەرانە پێداگیرییان لەسەر بۆچوونەکانیان کردووە، دواتر لەسەر داوای بەرپرسانی یەکێتی بڕیارەکە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە دەرچووە.

رۆژنامە پەیوەندیکرد بە هەردوو موقەدەم ئاری رەئوف بێگەرد بەڕێوەبەری پۆلیسی نەوت و گازی سلێمانی‌و رائید داود سلێمان بەڕێوەبەری پۆلیسی نەوت‌و گازی گەرمیان سەبارەت بە گواستنەوەیان روونیانکردەوە، تائێستا ئەو فەرمانە نەگەیشتووەتە لایان‌و جێبەجێنەکراوە، بەڵام پێیانراگەیاندوون بڕیارێکی لەو شێوەیە دەرچووە. هاوکاتیش دوو ئەفسەری دیکە بەپلەکانی عەقیدو موقەدەم لەشوێنەکانیان دانراون.


درێژە...ل٢


## شەماڵ عەبدولوەفا:



ئێمە لە پێناو گەڕانەوە بۆ ناو خەڵک وازمان لە هەموو پلەو پایەیەک هێنا


ل ٤و٥



## شاری دییەی وەرزشکاران

کۆمپانیای بەرێز قیستەکانی کڕینی شوقەیەکی لەشاری دییە کرد بە 10قیست، بەبڕی دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار دەتوانی گرێبەستی کڕینی شوقەیەک ئەنجام بدەیت جگە لەوە نیوەی پارەی شوقەکان لەسندوقی نیشتەجێبوون بەقەرزی 10ساڵ پێت دەدرێ.



شوقەکانی شاری دییە

تەنها 140 شوقەیەولەمواصەفاتدا بێ وێنەیە.

شوقەیەک بریتییە لە: چێشتخانەو میوان و دوو نوستن و بەلەکۆن و گەنجینە.

کەوانتەری مەتبەخ و سیستەمی ساردو گەرم و دوو مەسعەدی تێدایە.

هەموو شوقەیەک سەوزایی و پارکی کراوەی ئۆتۆمبیل لەخۆ دەگرێ

بۆ زانیاری زیاتر 07501530090

# ـــوو) دەســتـوور هــەڵـدەپـڕوكـێـنـێـت

# پارتیو یەكێتی پرۆژەی دەستووری هەرێم وەك پڕوپاگەندە بەكاردەهێنن

ڕێبین فەتاح

نیازی ئەوە هەیە پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان لەماوەی داهاتوودا لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەند بكرێتو ژمارەیەك لەپەرلەمانتارانیش پێیانوایە، «پەسەندكردنی پرۆژەكە بەو پەلەییە، مەبەستێكی سیاسی لەپشتەوەیەو پارتیو یەكێتی دەیانەوێت وەك پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بەكاریبهێنن».

## پەراوێزخستنی پرۆژە گەورەكە

یەكێك لەبەڵێنە هەرە گەورەكانی لیستە هاوبەشەكەی پارتیو یەكێتی بۆ هەڵبژاردنی خولی دووەمی پەرلەمانی كوردستان، بەڵێنی پەسەندكردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان بوو. دوای پێكهێنانی خولی دووەمی پەرلەمان، لیژنەیەكی تایبەت بۆ پێداچوونەوەو دارشتنەوەی پرۆژەی دەستوور پێكهات، لیژنەكە لەماوەی چوار ساڵی رابردوودا بەردەوام رەخنەی ئەوەی لێدەگیرا كە بەسستی كارەكانی تێدەپەڕێنێت.

ڕێكخراوی ئاسك كە لەماوەی چەند ساڵی رابـردوودا تیمێكی لەشارەزایانی یاسایی بۆ چاودێریكردنی بەڵێنەكانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان پێكهێناو لەماوەی كاركردنی خۆیدا، تیمەكە توانی چەند راپۆرتێكی تێروتەسەل لەبارەی ئەو بەڵێنانەوە بخاتەڕوو، كە لیستە هاوبەشەكەی پارتیو یەكێتی بەر لەهەڵبژاردن بەهاوڵاتییانی هەرێمی كوردستانیان دابـوو، لەڕاپۆرتەكانی ئەو تیمەدا هاتووە، «لیستی هاوپەیمانی كە زۆرینەی كورسییەكانی پەرلەمانی بەدەستهێناوە، ئەو بەڵێنەی بەجێ نەگەیاند كە بۆ پەسەندكردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان بەهاوڵاتییانی دابوو».

ئەمە لەكاتێكدا كە چاودێرانی سیاسی بەدرێژایی ئەو خولەی پەرلەمان پێداگیریان لەسەر پێویستی پەسەندكردنی پرۆژەكە كردووەتەوەو باسیان لەپەراوێزخستنی پرۆژەكە لەلایەن پەرلەمانەوە كردووە.

## بڕیارێكی بەپەلە

لەچەند رۆژی رابـــرووودا چەند سەرچاوەیەكی رەسمییو نارەسمیی ئاشكرایان كـرد، كە پەرلەمان نیازی ئەوەی هەیە لەدوای كۆتاییهاتنی ماوەی كاركردنیو درێژكردنەوەی ماوەكەیان، پرۆژە دەستووری هەرێمی كوردستان پەسەند بكات، دەنگۆی پەسەندكردنی پرۆژەكە لەلایەن پەرلەمانەوە كە ماوەكەی بەسەرچووە، بەشێوەیەكی ئەوەندە كتوپڕبوو، تەنانەت بۆ پەرلەمانتارەكانیش چاوەڕوانكراو نەبوو. ژمارەیەك لەو پەرلەمانتارانەی لەماوەی رابـردوودا قسەیان لەسەر پرۆژەكە كردووە، جەخت لەسەر ئەوە دەكەنەوە كە پەرلەمان نیازی ئەوەی نییە لەم خولەدا پرۆژەكە پەسەند بكات، بەڵام وەك لەچەند رۆژی رابردوودا ئاشكرا بوو، پەرلەمان كتوپڕ ئەو نیازەی بۆ دروستبووەو چاوەڕواندەكرێت لەهەفتەی داهاتووەوە پرۆژەكە لەلایەن سەرۆكایەتی پەرلەمانەوە بخرێتە بەرنامەی كاری دانیشتنەكانی پـەرلـەمـانـەوەو بەر لەهەڵبژاردنی خولی سێیەم لەلایەن پەرلەمانتارانی خولی دووەمەوە پەسەند بكرێت.

## گەمەیەكی سیاسی

ژمارەیەكی كـەم لەپەرلەمانتاران دەتوانن بـەردەوام قسە لەسەر پرۆسە سیاسییەكان بكەنو بوێریی ئەوەیان هەیە خۆیان لەقەرەی گەمە سیاسییەكانی پارتیو یەكێتی بدەن، لەبەرئەوە ناوی ئەو پەرلەمانتارانە بـەردەوام دووبـارە دەبێتەوە.

زۆریـنـەی پەرلەمانتاران كاتێك لەسەر پرسێكی سیاسی پەیوەندیان پێوە دەكرێت، بەچەند پاساوێكی لاواز، وەك ئەوەی «كاتم نییە، لەسەفەردام، نەخۆشمو ئاگاداری باسێكی وانیم...هتد»، خۆیان لەدەست رۆژنامەنووسان دەرباز دەكەن. هەموو ئەو خۆشاردنەوانەش، ئاماژەیەكی ئاشكران بـەوەی گەمەیەكی سیاسی لەئارادایەو پەرلەمانتارەكان نایانەوێت توخنی بكەون.



لـەونـێـوەنـدەدا پـەرلـەمـانـتـارە ئیسلامییەكانو چەند پەرلەمانتارێكی فراكسیۆنی سەوز قسەكەری بەردەوامی سەر رووپەڕی رۆژنامە ناحیزبییەكانن.

زانا رۆستایی ئەندامی لیژنەی یاسایی پـەرلـەمـانو مەكتەبی سەركردایەتی كۆمەڵی ئیسلامی، دانـی بـەوەدانـا، كە خستنە بەرباسی پرۆژەكە بەو پەلەییەو بەوشێوە چاوەڕواننەكراوە، گومانی ئەوە دروستدەكات كە «گەمەیەكی سیاسی لەپشتەوە هەبێتو گەمەكەش لەلایەن پارتیو یەكێتییەوە دەكرێت».

كوێستان محەمەد، سەرۆكی پێشووی فراكسیۆنی سـەوز بەهەمان شێوە بۆچوونی وایە، «مەبەست لەپەسەندكردنی پرۆژەكە لەوماوە كورتەی تەمەنی خولی دووەمی پەرلەماندا، گەمەیەكی سیاسییەو پارتیو یەكێتی دەیانەوێت بەر لەهەڵبژاردن پرۆژەكە تێپەڕێنن».

## دەستوورو پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن

ئـەو ئـەنـدامـەی لیژنەی یاسایی پەرلەمانو سەركردایەتی كۆمەڵی ئیسلامی بۆچوونی خۆی خستەڕوو بـەوەی كە پەسەندكردنی پـرۆژەی دەستووری هەرێم لەوماوە كورتەی تەمەنی خـولـی دووەمــــدا، بـۆئـەوە دەگەڕێتەوە كە «دوو حیزبە سەرەكییەكە دەیانەوێت پرۆژەكە بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنی خولی سێیەم بەكاربهێنن».

رۆستایی رەخنەی ئەوەشی گرت كە «ناكرێت لەوكاتەدا كە پەرلەمان لاوازتـریـن شەرعیەتی هەیە، دەست بۆ گەورەترین پرۆژە ببات كە تائێستا دەستی بۆ نەبردووە»، چونكە پرۆژەی دەستوور گرنگی خۆی هەیەو ناكرێت لەكاتێكدا پەرلەمان پەسەندی بكات، كە «شەرعییەتێكی لاوازی هەیە».

## دەستوورو پەرلەمانتارانی داهاتوو

بەوتەی شارەزایەكی سیاسی كە پێی باش نەبوو ناوەكەی ئاشكرا بكرێت، پەلەكردن لەپەسەندكردنی پـرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان بۆئەوە دەگـەڕێـتـەوە، كە «پـارتـیـو یەكێتی ترسییان لەوە هەیە ئەگەر پرۆژەكە لەو خولەی پەرلەماندا پەسەند نەكرێتو بۆ خولی داهاتوو هەڵبگیرێت، ئەو مادەو بڕگانەی تێدا جێنەكرێتەوە كە هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەكە دەیخوازن، ئەمەش وادەكات چەندی پێیان بكرێت پەلە بكەن لەپەسەندكردنی پـرۆژەكـەدا»، چونكە هەڵبژاردنی داهاتوو پێكهاتەی پەرلەمان بەجۆرێك دەگۆڕێت كە ئەوەی لەم خولەدا بۆ پارتیو یەكێتی مسۆگەر دەبێت، رەنگە لەخولی داهاتوودا مسۆگەر نەبێت.

## دەستوورێكی یەكلایی نەكراوە

پەسەندكردنی پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستان لەكاتێكدایە، كە هێشتا لەلایەن حیزبە سیاسییەكانەوە رێككەوتنی لەسەر نەكراوە، كە پێشتر پەرلەمانتاران ئەوەیان خستبووەڕوو كە كۆمەڵێك مادەو بڕگەی پرۆژەكە لەلیژنەی پێداچوونەوەی پرۆژەی دەستوور رێككەوتنی لەسەر نـەكـراوەو چـاوەڕوانـدەكـرێـت لایەنە سیاسییەكان بەڕێككەوتن چارەسەری بكەن. بەڵام وەك زانا رۆستایی باسیكرد، ئەو مادەو بڕگانە هێشتا رێككەوتنیان لەسەر نەكراوەو مەكتەبی سیاسی پارتیو یەكێتیش جگەلە خۆیان تائێستا لەگەڵ هیچ پارتێكی دیكەی سیاسی لەسەر مەسەلەی دەستوورو ناكۆكییەكان كۆبوونەوەیان نەكردووە.

# ـــەشەی هەڵبژاردنی سەرۆكایەتی ـــم دەستپێدەكات

كـۆمـسـیـۆنـی بـاڵای سـەربـەخـۆی هەڵبژاردنەكان بڕیارە ئەمڕۆ ئەنجومەنی بـاڵای كۆمسیۆن وادەی بانگەشە بۆ پۆستی سەرۆكایەتی هەرێم رابگەیەنێت، وتی: «لەهەفتەی رابـردوودا كۆمسیۆنی باڵا رەزامەندی لەسەر ناوی پاڵێوراوان دەربڕیو موسادەقەی پاڵێواراوان تەوابوو لەڕاگەیاندن بڵاوكرایەوە، ئەمڕۆ ئەنجومەنی كۆمسیۆن كۆدەبێتەوەو لەم هەفتەیەشدا بانگەشەی پۆستی سەرۆكایەتی هەرێم دەستپێدەكات».

دەربارەی دیاریكردنی وادەی بانگەشەی هـەڵـبـژاردنـی پەرلەمانی كوردستان بەرپرسە باڵاكەی كۆمسیۆن رایگەیاند: لەئێستاشدا سەرقاڵی وردبینیكردنی ناوی پاڵێوراوانی قەوارە سیاسییەكانین «لەم رۆژانەدا وردبینی تەواودەبێتو هەفتەی داهاتوو بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمان دەستپێدەكات».

دوای ئـەوەی كـە كۆمسیۆنی باڵا (٥/٢٥ بۆ ٦/٩)ی دیاریكرد بۆ پرۆسەی نوێكردنەوەی ناوی دەنگدەرانی هەرێمی كوردستان، هەفتەی رابـردوو كۆمسیۆن كۆتایی بەپرۆسەكە هێناو بەپێی لێدوانی بەرپرسانی كۆمسیۆن، زۆربەی هاوڵاتییان سەردانی ناوەندەكانی تۆماری دەنگدەرانیان كردووە.

فەرەج حەیدەری لەوبارەیەوە دەڵێت: تائێستا زیاتر لەنیو ملیۆن سەرۆك خێزانی هاوڵاتی هەرێمی كوردستان سەردانی ناوەندەكانی تۆماركردنی دەنگدەرانیان كردووە ئەو رێژەیەش (٨٠٪)ی دەنگدەران دەبێت.

## «بەڕێوەبەری نووسینگەكە پارتییە»

# رزگار عەلی مامەڵە لەگەڵ نەزاهەی كەركوك ناكات

دلێر عەبدولخالق

سەرۆكی ئەنجومەنی پارێزگای كەركوك بەنووسراوێكی رەسمیی دەستەی نەزاهەی عێراقی ئاگادار دەكاتەوە كە ئەنجومەنی پارێزگا مامەڵە لەگەڵ نووسینگەی كەركوكی دەستەكە ناكات، چونكە هەموویان سـەر بەلایەنێكنو «لایـەنـەكـەش پارتییە».

سەرۆكی ئەنجومەنی پارێزگای كەركوك هۆكاری ئەوە دەگەڕێنێتەوە بۆئەوەی دەستەی نەزاهەی عێراقی پرسو راوێـژی بەئیدارەی شارەكە نەكردووە لەكردنەوەی نووسینگەكە.

سـەرچـاوەیـەك لەنووسینگەی دەسـتـپـاكـی (نــەزاهــە) كـەركـوك بەڕۆژنامەی راگەیاند: رزگار عەلی سـەرۆكـی ئەنجومەنی پارێزگای كـەركـوك، نووسراوێكی بەژمارە (١٦٨٨) لـەبـەرواری (٢٠٠٩/٥/٢٠) ئاراستەی دەستەی نەزاهەی عێراقی كردووە لەبەغدا، كە لەنووسراوەكەدا هاتووە: «ئێمە مامەڵە لەگەڵ ئەو نووسینگەیە ناكەین، چونكە هەموویان سەر بەلایەنێكن».

نـووسـیـنـگـەی لـێـكـۆڵـیـنـەوەی دەستپاكی لـەكـەركـوك لەساڵی (٢٠٠٦)ەوە لەلایەن سەرۆكایەتی دەسـتـەی نـەزاهـەی عێراقییەوە لەكەركوك كـراوەتـەوە. ماوەیەكی زۆریشە بەڕێوەبەری ئەنجومەنی پـارێـزگـای كـەركـوك بەبیانووی ئەوەی ئەو نووسینگەیە بێ پرسی ئەو كـراوەتـەوە، مامەڵەیان لەگەڵ ناكات. ئـەو سەرچاوەیە وتیشی: «نووسینگەی نەزاهە دەبێت سەربەخۆ بێتو نابێت لەڕێی پارێزگاكانەوە دابنرێت، هاوكاتیش لەكەركوكدا چەندین فەرمانگە هەیە، كە هەموویان كارمەندەكانیان عەرەبنو یاخود توركمان، كە هیچ ئیجرائاتیان لەگەڵ نـەكـراوە، بـەڵام نووسینگەكەی ئێمە كە بەڕێوەبەرەكەی كوردەو كارمەندەكانیشی لەكوردو عەرەبو توركمان پێكهاتوون، بەوشێوەیە مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت».

لەبەرامبەریشدا رزگـار عەلی سـەرۆكـی ئەنجومەنی پارێزگای كەركوك ئەوەی رەتكردەوە، هۆكاری ئەو نووسراوە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە كە ستافەكەی سەر بەپارتی بنو وتی: «ئەو نووسینگەیە بێ پرسو راوێژی ئێمە كراوەتەوەو نازانین پێكهاتەی نووسینگەكە كـێـن، رەخنەكەی ئێمەش لەدەستەی نەزاهەی عێراقیە نەك نووسینگەكە، چونكە ناكرێت فەرمانگەیەك بـێ پرسی ئیدارە پێكبهێندرێتو بیەوێت بەئارەزووی خۆی هەڵسوكەوت بكات».

# پـــەرلـــەمـــانی (مـــاوە بـــەســـەرچـــ

# پێدەچێت ریفراندۆم لەسەر دەستوور لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەماندا ئەنجامبدرێت

شارا عەبدولڕەحمان

سەرۆکایەتی پەرلەمانی (ماوە بەسەرچوو) پێشنیازدەکات لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان‌و سەرۆکی هەرێمدا، راپرسی لەسەر دەستووری هەرێمی کوردستان بکرێت، بەڵام بەوتەی سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان نزیکەی (٦٠)رۆژو بەبڕوای پسپۆڕێکی دەستووریش نزیکەی (٦)مانگ بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم پێویستە.

فەرەج حەیدەری سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەعێراق، بە رۆژنامەی راگەیاند: سەرۆکایەتی پەرلەمان (ماوە بەسەرچوو) پێشنیازیان کردووە کە لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان‌و سەرۆکی هەرێمدا ریفراندۆم لەسەر دەستووری هەرێم ئەنجامبدرێت، ئەمەش دوای پەسەندکردنی دەستوور لەپەرلەماندا، وتیشی: «بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم پێویست بەبڕیارێک یان یاسایەک دەکات، کە لەپەرلەمانەوە بەدەستمان بگات، بەڵام تائێستا هیچ شتێکی رەسمیمان لەوبارەیەوە بەدەست نەگەیشتووەو سەرۆکایەتی پەرلەمانیشمان راسپاردووە کە ئەگەر بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم دەرچوو، بەزوترین کات ئاگادارمان بکەنەوە».

بەوتەی فەرەج حەیدەری دوای ئەوەی کە بڕیارێک یان یاسایەک بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم لەسەر دەستوور لەلایەن پەرلەمانەوە دەرکراو بودجەی بۆ تەرخانکرا، ئەوا لەوکاتەوە کۆمسیۆن پێویستی بە (٦٠) رۆژە بۆ جێبەجێکردنی ئەو ریفراندۆمە.

لە (٢٠٠٦/٨/٢٢)ەوە پرۆژەی رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە ئامادەکراوەو دوای ئەوەی خرایە بەردەستی رای گشتیی خەڵکو یاساناسان‌و شارەزایانی بواری دەستووریی‌و رێکخراوەکان‌و حیزب‌و لایەنە سیاسییەکان، لیژنەیەک لەلیژنەی یاسایی‌و نوێنەری سەرجەم فراکسیۆن‌و لیست‌و نەتەوەکان پێکهێنرا بۆ لێکۆڵینەوە لەو پێشنیازو تێبینیانەی لەسەر دەستوورەکە هەبوو، تا دارشتنەوە بۆ دەستوورەکە بکرێت‌و دواتر بخرێتە ریفراندۆمی گشتییەوە تا لەلایەن هاوڵاتییانەوە دەنگی لەسەر بدرێت.

هەرچەندە پەرلەمانی کوردستان (ماوە بەسەرچوو) بەنیازە لەم خولەیدا دەستووری هەرێم پەسەندبکات‌و بیخاتە ریفراندۆمی سەرتاسەرییەوە، بەڵام تائێستا کاتی دانیشتن لەسەر دەستووری هەرێم دیار نییە.

تاریق جامباز ئەندامی لیژنەی یاسایی پەرلەمان (ماوە بەسەرچوو)ی کوردستان بەرۆژنامەی راگەیاند: «پێدەچێت بەمزوانە دانیشتن لەسەر دەستووری هەرێم ئەنجامبدرێت، بەو پێیەی کە کارێکی ئەوتۆی تێدانەماوەو نزیکەی چوار ساڵە کاری تێدادەکرێت‌و ژمارەیەکی زۆر بۆچوونی لەسەر وەرگیراوە، پێدەچێت لەم خولەدا پەسەند بکرێت، بەڵام بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم لەسەری ئەوە لەدەسەڵاتی سەرۆکایەتی پەرلەمان‌و کۆمسیۆندایە، نەک ئەندامی لیژنەکان».

بەڵام بەبڕوای چاودێران‌و شارەزایانی دەستووری «ناکرێت پەلە پەل لەپەسەندکردنی دەستوورو ئەنجامدانی ریفراندۆم بکرێت».

د. شۆڕش حەسەن پسپۆڕی دەستووری پێیوایە؛ یەکێتی‌و پارتی دەیانەوێت لەم ماوە کورتەی کە لەبەردەمی پەرلەماندا ماوە، دەستوور پەسەندبکەن‌و بیخەنە ریفراندۆمەوە، «کە ئەمە کارێکی نەشیاوە، چونکە دەستوورەکە خۆی پێویستی بەوە هەیە کە خەڵکی لێ ئاگادارو هۆشیار بکرێتەوە، بەڵام پارتی‌و یەکێتی پەلەی لێدەکەن، بۆئەوەی ئەو شتانەی مەبەستیانە لەدەستووردا بیسەپێنن‌و نەکەوێتە دەست خولی داهاتووی پەرلەمان، چونکە پێدەچێت لەخولی داهاتوودا، ئەندامانی پەرلەمان هەندێک خاڵ هەبێت پێیان قبوڵ نەبێت کە لەدەستووردا جێی بکرێتەوە».

> «خۆئامادەکردن بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم پێویستی بەنزیکەی (٦) مانگ هەیە، تاخەڵکی لێ ئاگادار بکرێتەوەو بۆچوونی دیکەی لەسەر وەربگیرێت، لەبەرئەوە ئەگەر لەو ماوە کورتەی کە لەبەردەمی پەرلەماندایە سەرجەم ئەو کارانەی بۆ بکرێت ئەوا کارێکی نەشیاوەو پرۆسەی دیموکراسی لەهەرێمدا تووشی ئیفلیجی دەکات»

ئەو پسپۆڕە دەستوورییە پێیوایە، «خۆئامادەکردن بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم پێویستی بەنزیکەی (٦) مانگ هەیە، تاخەڵکی لێ ئاگادار بکرێتەوەو بۆچوونی دیکەی لەسەر وەربگیرێت، لەبەرئەوە ئەگەر لەو ماوە کورتەی کە لەبەردەمی پەرلەماندایە سەرجەم ئەو کارانەی بۆ بکرێت ئەوا کارێکی نەشیاوەو پرۆسەی دیموکراسی لەهەرێمدا تووشی ئیفلیجی دەکات».

هاوکات کەریم بەحری ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان (ماوە بەسەرچوو)ی کوردستان ئەوەی بۆ رۆژنامە روونکردەوە کە پێویستە بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم لەسەر دەستووری هەرێم یاسای ژمارە (١٦)ی پەسەندکردنی دەستوور هەموار بکرێتەوە، کە لە (٢٠٠٨/١١/٢٦)دا لەپەرلەمانی کوردستان بۆ دیاریکردنی میکانیزمەکانی دانانی دەستوورێکی هەمیشەیی بۆ هەرێمی کوردستان دەرچووەو لە (١١) مادە پێکهاتووە، وتیشی: «ئەگەر کۆمسیۆنی باڵا نەتوانێت لەوماوەیەی کە لەبەردەستیدا ماوە ئامادەکاری بۆ ریفراندۆم بکات، ئەوا ئەو ریفراندۆمە ناکرێت»

بەپێی ئەو یاسایە دوای تەوابوونی کارەکانی پێداچوونەوەی دەستوور سەرۆکایەتی پەرلەمان دەیخاتە بەرنامەی کارەوەو دوای پەسەندکردنی بەدەنگی دوو لەسەرسێی ئەندامانی پەرلەمان بەهەموو زمانی نەتەوەکانی کوردستان بڵاودەکرێتەوەو پاشان دەخرێتە راپرسی سەرتاسەرییەوەو کۆمسیۆنی باڵا هەڵدەستێت بەسەرپەرشتی پرۆسەی راپرسی بۆ دەستووری هەرێمی کوردستان.

بەوتەی فەرەج حەیدەری هەرچەندە بڕیارە سەرۆکایەتی پەرلەمان لەماوەی (٢)رۆژدا ئەوە یەکلایی بکاتەوە کە ئایا لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمان‌و سەرۆکی هەرێمدا ریفراندۆم لەسەر دەستوور ئەنجامدەدات یان نا، بەڵام کاتی دانیشتنی داهاتووی لیژنەی دارشتنەوەی دەستوورو سەرۆکی پەرلەمان دیار نییە، کە بڕیارە پێش دانیشتنی گشتی پەرلەمان لەسەر مەسەلەی دەستوور ئەنجامبدرێت.

لەوبارەیەشەوە سەلام رەشید بەڕێوەبەری نووسینگەی سەرۆکی پەرلەمان لەلێدوانێکدا بۆ رۆژنامە وتی: «راستە دەنگۆی ئەوە لەپەرلەماندا هەیە کە ریفراندۆم لەسەر دەستوور لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەماندا بکرێت، بەڵام کاتی دانیشتنی لیژنەی تایبەتمەند لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان لەسەر مەسەلەی دەستوور دیار نییەو لەئێستادا عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمان لەسلێمانییە بۆ ئامادەبوونی لەکۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی یەکێتیدا».

هەرچەندە بڕیاربوو لەماوەی رابردوودا سەرۆکی هەرێم لەگەڵ حیزبە سیاسییەکانی کوردستاندا دابنیشێت بۆ تاووتوێکردنی ئەو مادانەی دەستووری هەرێم کەجێی ناکۆکین، بەڵام تائێستا ئەو دانیشتنە ئەنجامنەدراوە، هاوکات پەسەندکردنی پرۆژەکەش هیچ بەرەوپێشچوونێکی بەخۆوە نەدیوە، بەبڕوای چاودێرانی سیاسی پرۆژەیاسای دەستووری هەرێم «کەموکوڕی زۆری تێدایە، کە گرنگترینیان ئەوەیە کە ماف‌و سەڵاحیەتی زۆری داوە بەدەزگای تەنفیزی، بەتایبەتی سەرۆکی هەرێم، لەبەرئەوە پێویستە پەلە لەپەسەندکردنی نەکرێت‌و هەڵبگیرێت بۆ خولی داهاتووی پەرلەمان»، تا دووبارە پێداچوونەوەی بۆ بکرێت‌و ئەو «خاڵە لاوازانە»ی کە تێیدایە چاکبکرێت، چونکە ئەگەر لەم خولەدا پەسەندبکرێت، دوایی هەموارکردنەوەی قورستردەبێت.

بەبڕوای تەها عومەر رەشید شارەزای یاسای گشتی‌و دەستوور، ئەو دەستوورەی کەسێ ساڵە رەشنووسەکەی ئامادەکراوە بەمشێوەیەی کە هەیە نەخرێتە ریفراندۆمەوە باشترە، چونکە «کەموکوڕیی زۆری تێدایە». هاوکات لەریفراندۆمدا خاڵ بەخاڵی دەستوورەکە بۆ خەڵکی شی ناکرێتەوە، بەڵکو بەکۆ دەنگی لەسەر دەدرێت، «لەبەرئەوە پێویستە هەم پەسەندکردنی دەستوورو هەم ریفراندۆمیش لەسەری دوابخرێت بۆ خولی داهاتووی پەرلەمان».

پاشماوەی ل1

## بە بیانووی لایەنگیریان...

...دەرکردن‌و گواستنەوەی ئەفسەرو کارمەندانی حکومیی لەکاتێکدایە کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ئەوە رەتدەکەنەوە هیچ کارمەندێکی حکومیی لەسەر بیروڕای جیاواز دەرکرابێت‌و دوورخرابێتەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە رائید بەختیار رەئوف ساڵح بە رۆژنامەی راگەیاند: مستەفا چاوڕەش لێپرسراوی مەڵبەندی پێشمەرگە بەناوی نوێنەری فەرماندەی گشتییەوە پێیوتم، (تۆ بانگەشەت بۆ لیستی گۆڕان کردووە لەناو ئەفسەران‌و پێشمەرگەکان‌و لایەنگری ئەوانی، بۆیە لەناو ئێمە جێت نابێتەوەو خوات لەگەڵ بێت). وتیشی: «پێشتر سێ جار بانگکراوم‌و تومحم دراوەتێ بۆئەوەی واز لە بۆچوونی جیاواز بێنم، بەڵام من هەر سوربووم لەسەر ئەو بیروڕایەو تا جاری چوارەم بانگکرام‌و دەریانکردم، لەکاتێکدا (١٩) ساڵە پێشمەرگەی یەکێتم‌و سێ جار برینداربووم‌و لەکەناری مەرگ گەڕاومەتەوە».

دوای دەرکردنی ژمارەیەکی بەرچاو لە کارمەندانی حکومیی‌و حیزبی بە بیانووی بۆچوونی جیاواز لەسنووری یەکێتیدا، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان لەبەیاننامەیەکدا دەرکردنی کارمەندانی حکومیی لەسەر ئینتیمای سیاسی رەتکردەوە، لەکاتێکدایە ئێستاش ئەو سیاسەتە درێژەی کێشاوە.


لەوبارەیەوەئەوئەفسەرەی‌فەرماندەی گشتی رەخنەی لە بەیاننامەکەگرت‌و وتی: «حکومەتی هەرێم دەتوانن، بچن لەو بەرپرسانەی فەرماندەی گشتی بپرسن بزانن من وەک ئەفسەرێکی سەربازی لەسەر چی دەرکراوم‌و مووچەم براوە».

رائید بەختیار رەئوف ئەوەشی راگەیاند: بڕوای بە گۆڕان‌و سەربەخۆی دەسەڵاتەکان‌و شەفافیەت هەیەو خوازیارە هێزی پێشمەرگە هێزی پاراستنی حکومەت‌و گەلی کوردستان بێت، نەک هێزی پاراستنی حیزب.

هەر لەو چوارچێوەیەدا دوای ئەوەی هەڕەشەی سوێندخواردن لە ژمارەیەک سەربازانی کەتیبەی (٦)ی سەرۆکایەتی ئەرکانی هێزی پێشمەرگە دەکرێت، بۆئەوەی بزانرێت لایەنگری لیستی گۆڕانن یان کوردستانی، (٩) لە سەربازەکان واز لەکارەکانیان دەهێنن، کە هەموویان کەسوکاری شەهیدان‌و ئەنفالکراوەکانی گەرمیانن.

یەکێک لەو سەربازانە بە رۆژنامەی راگەیاند: بەهۆی ئەوەی ئەفسەرانی کەتیبەکە، گومانیان لە ژمارەیەکی زۆر لە سەربازانی کەتیبەی شەشی سەرۆکایەتی ئەرکانی هێزی پێشمەرگەبوو، کە لایەنگری لیستی گۆڕانن، پێیانوتن سوێندتان دەدەین بۆئەوەی بزانین سەر بەلیستی گۆڕانن یان نا، ئێمەش کە ژمارەمان (٩) سەبازبوو سوێندمان نەخواردو هاتینە دەرەوە، ئەوەشی سەر بەگۆڕان نەبوو مانەوە بێ کێشە.

ئەو سەبازە کە بارەگای کەتیبەکەیان لە (سەرمەیدان) نزیک‌قەزای‌دەربەندیخانە،وتیشی: «لەگەڵ ئەوەی بۆ ماوەی دووساڵە سەربازین‌و هەمووشمان کەسوکاری شەهیدو ئەنفالکراوەکانی گەرمیانیان، بەڵام بەداخەوە بەهۆی لایەنگرییمان بۆ لیستی گۆڕان زۆر نارەحەتیان کردین‌و بێزاریان کردین لەکارەکانمان‌و ئێمەش بەناچاریی سوێندمان نەخواردو وازمان هێنا».


Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Interior
حکومەتی هەرێمی کوردستان

# ئەم هەفتەیە بانگـــ هەرێـــ

رۆژنامە

فەرەج حەیدەری، سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق بەرۆژنامەی راگەیاند: لەم هەفتەیەدا بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ پاڵێوراوانی سەرۆکی هەرێم دەستپێدەکات‌و هەفتەی داهاتووش بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەستپێدەکات.

رۆژی (٧/٦) ئەنجومەنی کۆمسیاران لەکۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بڕیاری رەزامەندی دا لەسەر ناوی پاڵێوراوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی عێراق، کە ئەم ناوانە لەخۆدەگرێت ( د. کەمال میراودەلی، هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد، مەسعود بارزانی، حسەین گەرمیانی، سەفین شێخ محەمەد)

بڕیارە هەڵبژاردنی پەرلەمان‌و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە (٧/٢٥) ئەنجامبدرێت، (٤١) رۆژی ماوە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکە، بەڵام تاکو ئێستا بانگەشەی هەڵبژاردن بەڕەسمیی دەستی پێنەکردووە.

بەوتەی فەرەج حەیدەری، سەرۆکی

# زیی خەڵک، وازمان لەهەموو پلەو پایەیەک هێناوە

**قەراربوو کۆنگرە ببەسترێت، کەچی ئەو کۆنگرە ئیستعرازییەشیان بۆ نەبەسترا، وتیان پلینیۆم دەبەستین، کەچی ئەوەشیان پێنەکرا. دواتر وتیان کۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتی دەبەستین، کە بڕیاربوو ئێمەش بانگ بکەن، کەچی ئەوەشیان نەکرد، ئەم ماوەیە کۆمەڵێک بڕیاریانداوە بە پەلەپروزێ، نازانم ئەم پەلەپروزێیە بۆچی؟**

* کۆنگرەیەکی دیارینەکراوەو لەوانە نییە ئەو کۆنگرەیە ببەسترێت، ئەگەر بشبەسترێت، پێموانییە لە کۆنگرەی دوو باشتربێت، تەنیا کۆنگرەیەکی «ئیستیعرازی» چەپڵەڕێزان دەبێتو هەموو شتەکان حازردەکەنو ڕتووشێکی دەکەنو تێیدەپەڕێنن.

**ڕۆژنامە: ئەو هەڵبژاردنە چ پەیوەندیو کاریگەرییەکی لەسەر ناوخۆی یەکێتی هەیە، ئایا هەڵبژاردن بۆ گۆڕینی واقیعی سیاسیو ئیدارییە یان یەکلاییکردنەوەی خیلافاتەکانی ناوخۆی یەکێتی، چونکە هەندێک لە ڕەخنەگرانو چاودێران پێیانوایە کە ئەو خیلافاتەی ئێستا پەیوەندی بە بەرژەوەندیو ململانێی ناوخۆی یەکێتییەوە هەیە، نەک دابینکردنی خزمەتگوزاریی بۆ خەڵکی کوردستان؟**

* بە موتڵەقی بۆچوونەکە وانییە، چونکە ئێمە دەمانتوانی ئیدارەی ململانێکانمان بکەین لەناو یەکێتیدا، ئەو لیستەی کە جیاوازە لە لیستی یەکێتیو پێی دەڵێن لیستی گۆڕان، ئێمە لەپێناوی پاڵپشتیکردنی ئەو لیستەو گەڕانەوە بۆ ناو خەمی خەڵکو داخوازیی خەڵک، وازمان لە هەموو ئیمتیازو پلەوپایەیەکی خۆمان هێناوە، ئەوەی ئێمە دەمانەوێت خەمی خەڵک هەڵگرینو بیبەینە ناو پەرلەمان، چ پەیوەندییەکی بە ناوخۆی یەکێتییەوە هەیە، ئەم لیستە لیستی خەڵکە بەرامبەر دەسەڵاتێک کە خراپ بەکارهێنراوە.

**ڕۆژنامە: ئەگەر یەکێتی کەمتر لەئاستی چاوەڕوانی خۆی دەنگی بەدەستهێنا، ئەوکات وەزعی یەکێتیو ڕێککەوتنی لەگەڵ پارتی بەرەو کوێ دەچێت؟**

* سەرتاپای هاوکێشە سیاسییەکان لە کوردستاندا دەگۆڕێتو بەدڵنیاییش لە ناوخۆی یەکێتیشدا گۆڕانکاریی ڕوودەدات، ئەوکات دەبێت یەکێتی ئەو پرسیارە لەخۆی بکات کە بۆچی دەنگی کەمی بەدەستهێناوە، ئەگەر ئەو پرسیارەی لەخۆی کردو وەڵامیشیدایەوە، ئەوکات ڕووخساری یەکێتی ڕۆشندەبێتەوە، ئەگەر وەڵامیشی نەدایەوە، ئەوکات زیاتر یەکێتی گلۆر دەبێتەوە.

**ڕۆژنامە: ئەوەی کە پارتی نیوەی کورسییەکانی لیستەکەیانی داوە بە یەکێتی، جۆرێک لە پشتیوانی نییە بۆ یەکێتیو جۆرێکیش لە لایەنگری نییە بۆئەوەی لەم ناوچەیەدا بەسەر نەیارەکانیدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت؟**

* بەوە تەوازن ڕاناگیرێت، بەڵکو بە شتی دیکە ڕادەگیرێت، کۆبوونەوەی مام جەلالو کاک مەسعود بە دوو قۆڵی، بە ڕاسپاردەو بڕیارەکانی ئەو کۆبوونەوەیە تەوازن ڕاگیراوە، ئەوان کە بە لیستی هاوبەش دابەزیون، ئایا بۆ پاراستنی ڕێککەوتنە ستراتیژییەکەیە یان بەرامبەر بە شتێکی دیکەیە؟

**ڕۆژنامە: بەڕای ئێوە بەرامبەر بە چی دیکەیە؟**

* ئێمە وردەکاریی کۆبوونەوەکە نازانین، بەڵام خوێندنەوەم بۆ ئەو کۆبوونەوەیە ئەوەیە کە ڕێککەوتن لەسەر ئەوە کراوە کە هەندێک پۆستی سیادیی بدرێتە پارتیو سازش کراوە.

**ڕۆژنامە: ئایا ئەوە سازشکردنی یەکێتییە یان قەبارەو مافی ڕاستەقینەی خۆیەتی؟**

* هەم سازشکردنەو هەم قەبارەی ڕاستەقینەی خۆیەتی.

**ڕۆژنامە: ئەو نانبڕینەی ئێستا کە یەکێتی لەدژی هەڤاڵەکانی خۆی ئەنجامی دەدات، چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر سومعەی یەکێتیو داهاتووی ئەو حیزبە؟**

* یەکێتی ئەگەر بە ئیرادەو قەناعەتی خۆی هاوڕێکانی خۆی دەردەکاتو نانیان دەبڕێت، پێیاندەڵێت یان پاکانە بکە یان خۆت ساغبکەرەوەو مووچەی پاسەوانەکانیان دەبڕێت، ئەوە سەرچاوان، بەڵام ئەگەر لەژێر فشاری پارتیدایە، بەڕاستی ئەوە شتێکی جوان نییە بۆ یەکێتیو هیچ قیەمێکی تێدا نامێنێت.

**ڕۆژنامە: هیچ زانیارییەک هەیە لەسەر ئەوەی کە ئەو ئیجرائاتانەی یەکێتی لەژێر فشاری پارتیدا بێت؟**

* لە کۆبوونەوەکەی دوکاندا تەئکیدکراوەتەوە لەسەر ئەوەی کە برادەرانی ئێمە لە ئاسایشو فەرماندەییو پۆستەکانی دیکەدا دەربکرێن.

**ڕۆژنامە: ئەوە بۆچوونی ئێوەیە یان زانیاریی وردە؟**

* ئەوە زانیاری دەقیقەو لە برادەرێکی مەکتەبی سیاسی وەرمگرتووە کە بەوشێوەیە ئیجرائات بکەن.

**ڕۆژنامە: کەواتە بۆچی یەکێتی ئێوە دەردەکات، بەتایبەت لەم کاتەدا بۆچی ئەو فشارە دروستدەکات؟**

* ئێستا ئەمانە پارە بە تەکیەو سەرۆک عەشیرەتەکان دەدەنو پاسەوانیان بۆ دابیندەکەن، پارە بە هەموو حیزبەکان دەدەن بە ئیسلامییەکانیشەوەو پاسەوانەکانیان مووچەی لەسەر وەزارەتی ناوخۆیە، ئێ کاکە ئێمە دەمانەوێت هیچ نەبێت هەروەک ئەوانە مامەڵەمان لەگەڵدا بکەن، نەک بچن تەنانەت مووچەی پاسەوانی ئەندام پەرلەمانەکانیشیان بڕیوە کە ئەوە ئەوپەڕی ناقانوونییە، چونکە پەرلەمانتار حەسانەی تایبەتی هەیە. ئێمە لە کۆمەڵێک شتدا شەریکین، لە دروستکردنی یەکێتی، لە خوێنو سەنگەرو خەباتو سەرکەوتنو قوربانیدانو هەموو شتێکدا، ئێستا بە چ مەنتقێک ئەو برادەرانە وا مامەڵەمان لەگەڵدا دەکەن، ئەگەر یەک مسقاڵ لۆژیکیشی تێدابێت هەر قەینا.

**ڕۆژنامە: ئایا پارتی بەوجۆرە سیاسەتە تۆڵەی زیاتر لە چارەکە سەدەیەک لە ململانێی خوێناویی لە یەکێتی دەکاتەوە؟**

* جا ئەوە کەی تۆڵەکردنەوەیە؟ ئەگەر پارتی وا بیربکاتەوە کە بەو ڕێگایە تۆڵەبکاتەوە، ئەویش خۆی دەکەوێتە هەڵەیەکی گەورەوە. با بێینە سەر ڕاستییەکە، ئەگەر یەکێتی ڕازی بێت لەژێر گوشاری پارتیدا ئەو ئیجرائاتانە بکات، ئاخۆ چیتری بەسەردا سەپاندووە، ژێربەژێر بۆ دوای هەڵبژاردن، ئەمە لێکدانەوەیەکی مەنتیقیانەیە بۆ دوای هەڵبژاردن.

**ڕۆژنامە: چۆن دەکەوێتە هەڵەوەو ئەو هەڵەیە چییە؟**

* ئەو حیزبەش وەک یەکێتی خیلافی تێدایە، بەڵام وەک ئەوەی لای ئێمە هەڵنەتۆقیوە، ئێستا ئێمە کۆمەڵێک هاوڕێین لەناو یەکێتیدا کە خیلافمان هەیە لەگەڵ یەکتردا، بەشێک لە ئێمە ئامادەیە لەگەڵ هەموو دنیا وتووێژ بکاتو پەیوەندی دۆستانەی هەبێت، کەچی لەگەڵ هاوڕێکانی خۆی نایکات، هەقە ئەوانە ماڵەکەی خۆیان چاک بکەن لەبری ئەوەی هەندێک ئیجرائاتی نەشیاوو نایاسایی ئەنجامبدەن، کە ئەنجامێکی زۆر خراپی دەبێت.

**ڕۆژنامە: ئەو شەڕەی کە بە پارەی میللەت لەدژی گروپێکی دیاریکراو دەکرێت، چەند شەڕێکی شەرعییە؟**

* ئەو پارەیەی کە ئێستا یەکێتی هەیەتی، ئەگەر هی تەنیا کەسێکە یان گروپێکە، قبوڵە، بەڵام ئەوە بودجەی ئەم هەرێمەیە کە پێیدەڵێن هەرێمی سلێمانی بە قەزاو ناحیەکانیەوە لەگەڵ ناوچەی گەرمیان، لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی ئیجرائاتەکان لەگەڵ خەڵکی پارێزگای سلێمانیدا کراوە، واتە ئەوەی نانی بڕاوەو دەرکراوەو لە پۆستەکەی لابراوە، زۆربەیان خەڵکی پارێزگای سلێمانین کە لەکاتێکدا بودجەکە هی خەڵکی سلێمانییە، ئاخر ئەوە چ لۆژیکێکی تێدایە بە بودجەی خەڵکی سلێمانی شەڕی خەڵکی سلێمانی بکەیت. یەکێتی لە هەر جێگایەکی دنیابێت، بە حیزبو کەسایەتیو مەکاتیبەکانییەوە، هەموویان لەو بودجەیە دەخۆن کە بۆ خەڵکی سلێمانی هاتووەو لەسەر بودجەی ئەم شارە دەژین، تۆ ئەوە بهێنە بەرچاوی خۆتو چۆن تەسەوری دەکەیت، ئەوە شتێکی قورسە.

یەکێتی پێگەی سەرەکی ئەم شارەیە بە قەزاو ناحیەکانییەوە، گرنگیی ئەم شارەش لە دروستبوونییەوە بۆ کوردو جوڵانەوەکەی جێگای بایەخی زۆربووە، یەکێتی نەدەبوو وا مامەڵە لەگەڵ سلێمانیدا بکات، ئیحتیرامو ئیرادەی خەڵکی ئەم دەڤەرە نەگرێتو لە هەموو دەسەڵاتەکانی حکومەتو حیزب وەلایان بخات.

ئێستا کە بودجە دەدرێت بە حیزبەکان، بۆ نموونە یەکگرتووی ئیسلامیی کە ئیستحقاقی خۆیەتی، نزیکەی (٣٠٠) هەزار دۆلاری دەدەنێ کە زۆر کەمترە لە ئیستحقاقی ئینتیخابیی خۆی، ئەوە لەکاتێکدایە کە موئەسەسەی یەکێتی هەیە مانگانە نزیکەی (٢) ملیار دینار وەردەگرێت، ئەو بودجەیەی کە ڕێکخراوە دیموکراتییەکان لە حکومەتی وەردەگرێت، یەک ملیۆن دۆلارە، جگە لەوەی نزیکەی (٢٧٠) ملیۆن دیناریش لە ئیدارەی گشتی وەردەگرێت، کە ئەوەش زیاترە لە ملیارو نیوێک دینار، ئەوە جگە لەو برە پارەیەی کە یەکێتی لە حکومەتی دەسەنێت کە مانگانە (٣٠ بۆ ٣٥) ملیۆن دۆلارە. یەکگرتووی ئیسلامیی حیزبێکە خاوەنی ئیستحقاقی ئینتیخابیی خۆیەتیو نوێنەری هەیە لە پەرلەماندا، کەچی یەک لەسەر پێنجی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان پارەی دەدەنێ.

**ڕۆژنامە: ئێوە بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتی بوون، وتت کە لە ئیشکردن لەو جێگایە ڕازی نەبوویت، بۆچی؟**

* پێش (٢) مانگ نامەیەکم بۆ سکرتێری گشتی نووسیوەو باسی ئەوەم بۆ کردووە کە ئەو مەکتەبەی من کە پەیوەندییەکانی دەرەوەیە، تەنیا پەیوەندی بە پەیوەندییەکانی دەرەوە نییە.

**ڕۆژنامە: چۆن؟**

* مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە دەبێت سیاسەتی یەکێتی لەئاستی دەرەوەدا دابڕێژێت، ئێ من ئاگام لە زۆربەی مەکتەبەکان نەبووەو ئیشەکان لەپشتەوەی من کراوە، هەندێک مەکتەبیش کە پەیوەندییەکی بچووکیان هەبووە پێمانەوە، ئەوە لە ویژدانو قەناعەتی خۆیانەوە بووە. من دووجار نامەم بۆ مام جەلال نووسیوەو بە پرۆژەیەکیش باسی ئەوەم کردووە کە دەبێت ئیشو ڕۆڵی ئەو مەکتەبە بەوجۆرە بێت، بەڵام تائێستا هیچ جارێک وەڵامیان نەداومەتەوە، دواجار پێموت کە من لەو مەکتەبە لابەو کەسێکی دیکە بخەرە ئەوێ کە جێی متمانەی خۆت بێت، ئەویش بۆ بەرژەوەندیی یەکێتیو ڕێکخستنی پەیوەندییەکان، بەڵام ئەوەشی نەکرد.

**ڕۆژنامە: ئەو هەڵمەتی نانبڕینە زیان بە پێگەو ئیعتباری یەکێتی ناگەیەنێت لەنێو سۆسیال دیموکراتەکاندا؟**

* ئەوانیش وەک جاران نین، ئێستا ئەو ڕێکخراوە پڕبووە لە حیزبەکانی ئەمریکای لاتینیو ئەفریقاو ئاسیا، کە پێدەچێت هیچ سیفەتێکی سۆسیال دیموکرتیان تێدانەبێت. تایبەتمەندییەکانی سۆسیال دیموکرات بریتییە لە مافی مرۆڤو دادپەروەرییو دیموکراسی، کە تەسەوردەکەم بەشێک لەو گروپانە نە دیموکراسی بنو نە ئاگایان لە مافەکانی مرۆڤ بێتو نە بەتەنگ دادپەروەرییەوە بن.

**ڕۆژنامە: لەکەیەوە ئەو گۆڕانکارییە لەنێو ئەو ڕێکخراوەدا دروستبووە؟**

* نزیکەی (١٠) ساڵێک دەبێت ئەو گۆڕانکارییانە دروستبووەو بووەتە هۆی ئەوەی بەو ئاقارەدا بڕوات، ئەو ڕێکخراوە جاران قورساییەکی زۆری هەبوو، ئێستا لەناو ڕێکخراوەکەشدا موعارەزە هەیە لەوەی کە بەو ئاقارە خراپەدا دەبرێتو ڕۆشتووە. جاران بوون بە ئەندام لەو ڕێکخراوەدا زۆر قورس بوو، بەڵام ئێستا بەوجۆرە نییە، بۆیە ئێستا هیچ ترسێکی لەو ڕێکخراوە نییە کە سزای بدات.

**ڕۆژنامە: کەناڵێک هەیە کە ئێوە شکات لە یەکێتی بکەن لەسەر نانبڕینو ئەو شتانەی ئێوە بە خروقاتی دەزانن، چونکە کاتی خۆی هەرچی بارەگای یەکگرتوو هەبوو لە بادینان، پارتی سووتاندیو دەنگی ئەو حیزبەش بە هیچ شوێنێک نەگەیشت؟**

* ئەو سەردەمە بەسەرچوو، چونکە ئەم پرۆسەیەی ئێستا نە لەو پرۆسەیەی ئەوکاتە دەچێت، نە کاتەکەشی ئەوکاتەیە، بۆیە بەراورد ناکرێت.

**ڕۆژنامە: ناتوانیت یەکگرتوو بەراورد بکەیت بەم برادەرانەی یەکێتی، یان تەنیا زروفەکەیە کە ئەو شێوە مامەڵەیە تێیدا قابیلی قبوڵ نییە؟**

* هەردووکیان پێکەوە ڕاستن، ئێستا لیستی جیاواز زۆرەو چاودێری نێودەوڵەتی زۆرە، جگە لەوەش کاک مەسعود ئێستا دەیەوێت ببێتە سەرۆکی هەموو خەڵکی کوردستان، بۆیە ناکرێت ئەو مامەڵەیەی ٢٠٠٥ لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامیی بکات، ئەگەر بیکات، بە چ مەنتیقێک دەیکات، ئەو دەیەوێت ببێتە سەرۆکی هەموو ئەو خەڵکانەی لە هەرێمی کوردستاندانو باسی دیموکراسیەت دەکات، چۆن دەتوانێت لە یەکگرتووی ئیسلامیی بداتو مقەڕی هەڵۆی ئیبراهیم ئەحمەد دابخەیت، چۆن خەڵکی دەنگت دەدەنێ؟ تۆ نەهێڵیت خەڵکی وەک مافی سروشتی خۆی لە سنووری بارزانو مێرگەسوورو بادینان بانگەشە بۆ لیستەکانیان بکەن، ئێ تۆش لە واقیعدا نابیتە سەرۆکی هەرێمی کوردستانو تەنیا سەرۆکی پارتی دەبیت.

**ڕۆژنامە: ئایا مەسعود بارزانی ئەو حاڵەتەی تێپەڕاندووەو دەتوانێت وەک یەک سەرۆکی هەموو خەڵکی کوردستان بێت؟**

* کاک مەسعود دەبێت ئەو حاڵەتە تەجاوزبکات، چونکە ئەو تائێستاش سەرۆکی هەرێمی کوردستانەو هەر شتێک ڕووبدات، ئەو مەسئولی یەکەمە لەڕووی ویژدانیو مێژووییەوە، تەنانەت ئەو نانبڕینەی ئێستاش لە سلێمانی هەیە، دەبێت ئەو قبوڵی نەکات، ئەویش بەرپرسیارێتی بەردەکەوێت، چونکە وەک تەئکیدم کردەوە یەکێتی لەژێر گوشاری پارتیدا ئەم ئیجرائاتانە دەکات، تۆ بڵێی کاک مەسعود ئاگای لەم مەرجانەی حیزبەکەی نەبێت، بەتەئکید ئاگادارە.

**یەکێتی نەدەبوو وا مامەڵە لەگەڵ سلێمانیدا بکات، ئیحتیرامو ئیرادەی خەڵکی ئەم دەڤەرە نەگرێتو لە هەموو دەسەڵاتەکانی حکومەتو حیزب وەلایان بخات**

## شەماڵ عەبدولوەفا، ئەندامی سەركردایەتی یەكێتی:

# ئێمه لەپێناو گەڕانەوە بۆناو خەمی خەڵكو داخواز



**شەماڵ عەبدولوەفا، ئەندامی سەركردایەتی یەكێتی نیشتمانیی كوردستان، دەڵێت، لە سەركردایەتی یەكێتی داوای شەفافیەتو دادپەروەرییو سەروەریی یاساو بەدامودەزگاكردنی یەكێتیو پلانی ناوخۆییو هەرێمایەتیو حكومەتێكی بەرنامەداریان كردووە، سەبارەت بە سزادانیشیان ئاماژە بەوەدەكات بە ڕەسمیی ئەندامێتیان ڕاگیراوەو نازانن ڕاگرتن چییە، چونكە ئەوە مەفهومێكی زۆر سەیرەو لە پەیڕەوو پرۆگرامی یەكێتیدا ڕاگرتن نییە، ئەوان بە تەسریحێك تەجمید كراون كە لە كوردستانی نوێدا بڵاوبووەتەوە، بە نووسراوێكیش پێیانراگەیەنراوە كە «ئەندامێتیتان رادەگیرێت»، پێیوایە ئەوەش نە تەجمیدە نە تەعلیقە، بەڵكو تەوقیفەو ئەوەش لە پەیڕەوو پرۆگرامی ناوخۆی یەكێتیدا نییە.**

سازدانی: فازڵ نەجیب
محەمەد شێخ فاتیح

**ڕۆژنامە: ئەو دۆخە سیاسییەی ئێستا كە جارێكی دیكە پێكهاتە سیاسییەكانی دابەشكردووەتەوە بۆ چەند خانەیەكی بچووكتر، ئایا لەسەر بنەمای دابەشبوونێكی تەندروستی سیاسیانەیە یان لەسەر ئەساسی تۆڵەكردنەوەو رقلێبوونەو چ كاریگەرییەكی ئیجابی دەبێت؟**

* بوونی لیستی جیاواز، دەرئەنجامی ئیجابی دەبێتو ئەو جیاوازییو تەحالوفانە هەم لەناو یەكێتیو هەم لەناو پارتیداو هەم لەناو حیزبەكانی دیكەو خەڵكیشدا دروستبووە، دەرئەنجامی هەڵبژاردنەكان هەرچۆنێكیش بێت، لە ئیجابیاتی ئەم واقیعەی كە دروستبووە، كەمناكاتەوە، ڕاستە هەموو ململانێكان بۆ دەسەڵاتەو هیچ گومانێكی تێدانییە، بــەڵام هەر سەردەمەو بەجۆرێك ململانێ دەكرێتو ئاراستەكەی دەگۆڕێت، پرسیار ئەوەیە، كە ئایا ئێمە دەمانەوێت ئەو دەسەڵاتەی ئێستا چۆن بگۆڕینو چ جۆرە دەسەڵاتێكمان دەوێت بۆ پەرلەمانو حكومەتو دەزگا قەزاییەكان، چۆن تەنزیمی بازاڕ دەكەینو تێڕوانینمان چییە بۆ ڕێكخستنی زانكۆو پەیوەندییە ناوخۆییو دەرەكییەكان. ئەگەر ئێمە گەیشتینە دەسەڵات، بۆ ئەوانی دیكە ڕووندەبێتەوە كە چ پەیامێك تەرجومەی واقیع دەكەینو دنیابینیمان بۆ مەسەلەكان چۆنە.

**ڕۆژنامە: ئەو مـاوە زۆرەی كە ئێوە (باڵی ریفۆرم) كە لەناو یەكێتیدا بوون، ئایا تێڕوانینو پەیامو دنیابینییەكی جیاوازتان هەبووە تا ئێستا ئێمە چاوەڕوانی جیاوازبوونتان لێبكەین، هەستدەكەین ئەوە پرسیاری هەموو چاودێرێكە، وەڵامی ئێوە چییە؟**

* پرسیاركردن سەرەتای گۆڕانەو هەموو كەس مافی خۆیەتی ئەو پرسیارەمان لێبكات، ماوەی (٥) ساڵە ئێمە لەناو یەكێتیدا داوای ریفۆرمو گۆڕانكاریی دەكەین، بەجۆرێك كە لە هەموو میدیاكاندا ئەو باڵەی ناو یەكێتی بە باڵی ریفۆرم ناسرابوو، دیارە لەو پێنج ساڵەی پێشوودا خوێندنەوەی زۆر جیاواز هەبوو بۆ باڵی ریفۆرمو پەیامەكەیانو داواكانیان، لەو نێوەندەشدا قسەی زۆر كراوە، یەكێك لەوانە ئەوەیە كە گوایە ئێمە بەرنامەمان نییە، كە ئەوە ڕاست نییە، چونكە چەندین یاداشتو پرۆژەمان تەسلیمی سكرتێری گشتیو مەكتەبی سیاسی كــردووەو داواكارییەكانیشمان شتی زۆر قورس نەبووە، چونكە یەكێتی لەئاستی ئەوەدابووە ئەو داواكاریانە بۆ چاكسازیی جێبەجێ بكات، كە نەیكردووە، بەرپرسیارێتی مێژوویی دەكەوێتە ئەستۆی ئەوان.

**ڕۆژنامە: بەڵام د.فوئاد مەعسوم دەڵێت، هیچ مەشروعێكی نووسراو نــەدراوە بە یەكێتی تا ڕەفزی كردبێتەوەو ئەو قسانە هەمووی بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنە؟**

* دەكرێت بە دۆكیومێنت شتەكانمان بڵاوبكەینەوە بۆ وەڵامی قسەكانی ئەو، من شەخسی خۆم وەك یەكێك لە ئەندامانی باڵی ریفۆرم لەماوەی ئەو (٥) ساڵەدا زیاتر لە (١٥) وتارم لەسەر ئەو مەسەلانە بڵاوكردووەتەوە، كە تێڕوانینی ئێمە بووە بۆ گۆڕانكارییو چاكسازیی، ئەگەر ئەوە پرۆژەو قسەی جدیی نەبێت، ئەی چییە؟

**ڕۆژنــامــە: فــوئــاد مەعسوم دەڵــێــت لەناو یەكێتیدا، واتە ئایا لە كۆمیتەی سەركردایەتیو مەكتەبی سیاسیدا مەسەلەی چاكسازییو گۆڕانكاریی مەترەح بووە؟**

* لــە كۆتایی ٢٠٠٧دا كۆمیتەی سەركردایەتی چەند كۆبوونەوەیەكمان كــرد، كە كاك فوئاد مەعسوم خۆی لە كۆبوونەوەكاندا بوو، ڕای ئەو ئەوەبوو كە وتی من مەسئولیەتم لەناو یەكێتیدا زۆر بینیوە، بەڵام تائێستا كۆبوونەوەی وا باشو شەفافو ڕاشكاوانە نەبووە، چونكە ئــەوەی لەژێر بــەڕەدا بوو، خرایە سەر بەڕەو هیچ شتێك نەما باسی لێوەنەكرێت، ئەویش بە ئامادەبوونی سكرتێری گشتی، جگە لــەوەش كاك نەوشیروان لەدوای ساڵی ٢٠٠١-ەوە زۆر نووسراوی گرنگی بڵاوكردەوە لەسەر زانكۆو حكومەتو دەزگــای دادوەریــیو بــازاڕو پەرلەمان، ئــەگــەر ئــەوە بەرنامە نەبێت، چییە؟ سەرەڕای ئەوانەش برادەرانی باڵی ریفۆرم لە مەكتەبی سیاسی هەم موزەكەرەیەكیان دایە مەكتەبی سیاسیو سكرتێری گشتی، هەم پرۆژەیەكیش، ئەگەر ئەوانە پرۆژە نەبن، ئەی چین؟

ئێمە لە سەركردایەتی یەكێتی داوای شەفافیەتو دادپەروەرییو سەروەریی یاساو بەدامودەزگاكردنی یەكێتیو پلانی ناوخۆییو هەرێمایەتیو حكومەتێكی بەرنامەدارمان كردووە، باشە ئەگەر ئەوە پرۆژەو بەرنامە نییە، چییە؟ باشە ئەوان با خۆیان ئەو شتانە بكەن كە شتی زۆر بەدیهیو سەرەتایین بۆ یەكێتی، تائێستا كام سەركردەی یەكێتی چووەتە حكومەتو پەرلەمانو یەكێتی نیشتمانی بەرنامەیەكی پێداوەو پێیوتووە فەرموو جێبەجێی بكە؟

**ڕۆژنــامــە: ئامانجە نزیك مــەوداو دوورمەوداكانی كۆمیتەی سەركردایەتی باڵی ریفۆرم چییەو چاوەڕواندەكرێت جارێكی دیكە بگەڕێنەوە ناو ئەم یەكێتی نیشتمانییەی ئێستا؟**

* دەكــرێــت بۆ هەموو ڕووداوێــك لەكاتی خۆیدا قسەیەكی تــازە هەبێت، لــەدوای هەڵبژاردن دەكرێت كۆمەڵێك ئەگەری نوێ بێتە پێشەوە، ئەوەی هەیە ئێستا، ئەوەیە كە بەڕەسمیی ئەندامێتی ئێمە ڕاگیراوە، من نازانم ڕاگرتن چییە، چونكە ئەوە مەفهومێكی زۆر سەیرەو لە پەیڕەوو پرۆگرامی یەكێتیدا ڕاگرتن نییە، ئەوەی ئێستا ئێمە بە تەسریحێكی كاك مەلا بەختیار تەجمید كراوین كە لە لاپەڕە یەكی ڕۆژنامەی كوردستانی نوێدا بڵاوبووەتەوە، ئەو نامەیەی كە نێردراوە دەڵێت «ئەندامێتیتان رادەگیرێت»، ئەوەش نە تەجمیدە نە تەعلیقە، بەڵكو تەوقیفەو ئەوەش لە پەیڕەوو پرۆگرامدا نییە.

**ڕۆژنامە: ئەگەر گریمان ئەو دەستەواژەیە لە پەیڕەودا هەیە، ئایا بڕیارەكە شەرعیەتی هەیە؟**

*شەرعیەت نە لای ئەوانەو نە لای ئێمەیە، چونكە ئێمە ماوەی (٩) ساڵە كۆنگرەمان نەبەستووە، پێش مــاوەیــەك د.كەمال فوئاد قسەی لەگەڵ كردینو وتی دێن بۆ كۆبوونەوەی كۆمیتەی سەركردایەتی، منو برادەرەكانم وەڵاممان ئەوەبوو كە بەشداریی كۆبوونەوەكە دەكەین، بەڵام ئەوان هەڵوێستی خۆیان گۆڕیو بەشداریی كۆبوونەوەكەیان پێنەكردین، نازانم بۆچی هەڵوێستیان گۆڕاوەو ترسی ئەوان لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە كە ئێمە بەشداریی ئەو كۆبوونەوەیە نەكەین، خۆ ئێمە چیمان دەكرد، كۆمەڵێك كەس بووینو هەر قسەی خۆمان دەكرد، ئیتر دوای ئەوە دەرماندەكەن یان هەر شتێك ئارەزووی خۆیانە.

بــاســی كۆنگرە بــكــەم، قــەراربــوو كۆنگرە ببەسترێت، كەچی ئەو كۆنگرە ئیستعرازییەشیان بۆ نەبەسترا، وتیان پلینیۆم دەبەستین، كەچی ئەوەشیان پێنەكرا. دواتر وتیان كۆبوونەوەی كۆمیتەی سەركردایەتی دەبەستین، كە بڕیاربوو ئێمەش بانگ بكەن، كەچی ئەوەشیان نەكرد، ئەم ماوەیە كۆمەڵێك بڕیاریانداوە بە پەلەپروزێ، نازانم ئەم پەلەپروزێیە بۆچی؟ ئەوان دەبوو زۆر موئەسەساتی ئیشیان بكردایە، چونكە خۆی ئێستا ناو یەكێتی موعارەزەی فیعلی تێدا نەماوە.

**ڕۆژنامە: هۆكارەكەی چییە، ئایا یەكێتی لە هیچ قۆناغێكی دیكەدا ئاوا شپرزەبووە؟**

*یەكێتی شكستی زۆر گەورەی بینیوەو زۆر ئاسایی بووە بەلایەوە، وەك كارەساتی هەكاریو (٣١)ی ئاب، كەچی ئاوا شپرزە نەبووەو هەڵساوەتەوە، دەبێت ئەو پرسیارە لەوان بكەیت كە بۆچی وا شپرزەن. ئێستا من با نموونەت بۆ باسبكەم، مەكتەبی ڕێكخستن دەڵێت (٥٠٠ هەزار) ئەندامم هەیە، مەكتەبی ریكخراوەكان دەڵێت (٥٠٠ هەزار) ئەندامم هەیە، ئەمە جگە لە پێشمەرگەو ئاسایشو هتد، ئەگەر ئەم ژمارەیە نیوەی ڕاستبێت، لای پارتیش هەمان ژمارە هەیە، ئەگەر نیوەی هەردوو ژمارەكەی هەردوولا ڕاستبێت، بەوپێیە زیاتر لە یەك ملیۆن ئەندامیان هەیە، هەریەكە كاریگەریی لەسەر خێزانەكەی خۆشی بێت دەكاتە دوو ملیۆن دەنگ، ئیتر بۆ وا سەغڵەت بوونو خۆیان شپرزەكردووە.

**ڕۆژنــامــە: دەوتــرێــت كەڵەكەكردنی كێشەكانو دیارینەكردنی چارەسەری بنەڕەتی بەشێك بووە لە سیاسەتی یەكێتی لە تەمەنی ئەو حیزبەدا، هۆكاری ئەو حاڵەتە چییە؟**

* نەبەستنی كۆنگرە، واتا كەڵەكەكردنی كێشە، ڕاستە كۆمەڵەو شۆڕشگێڕان كۆنفرانسی خۆیان بەستووە، ئێمە لە مێژووی یەكێتیدا تا ساڵی ١٩٩٢ كۆنگرەمان نەبەستووە، لەدوای ئەو ساڵەوە كۆنگرە نەبەستراوەتەوە تا ساڵی ٢٠٠١، ئەوەش (٩) ساڵی دیكەیە كۆنگرەمان نەبەستووە.

**ڕۆژنــامــە: لــەدوای ١٩٩٢ كە كۆنگرە نەبەسترا، ئایا ئەو ڕەخنانەی ئێستا هەبوو، كە بۆچی كۆنگرە نابەسترێت؟**

* ئەوكاتەش خیلاف زۆر بوو، بەڵام شەڕی ناوخۆو (٣١)ی ئابی بەسەردا هات، ئەوەش گرتنی كۆنگرەكەی دواخست، جگە لەوەش وەجهی ململانێكە گۆڕاوە، چونكە ئەو ململانێیەی ئێستا دەكرێت، نەدەكرا لەسەرەتای ڕاپەڕیندا بكرایە، ئەوكات نە حكومەت بــەتــەواوی دامــەزرابــوو، دامودەزگاكان بلبوون، ئابلۆقەی ئابووریمان لەسەر بوو، مەسەلەی شەڕی ناوخۆی بەسەرداهات، دوژمنی دەرەكیمان هەبوو، بەڵام دوای ئەوەی لە ٢٠٠٣دا حكومەتی بەعس دەڕووخێتو هەوڵی چەسپاندنی مافەكان دەدەیت لە دەستووردا و جۆرێك لە حەسانە بۆ كورد دروستدەبێت، ترس لەسەر حكومەتو پەرلەمانی كوردستان نەماوە، بۆیە ئێستا ئاراستەی ململانێكان بەجۆرێكی دیكەیە، ئێستا ئێمە پێویستمان بە ڕێكخستنی نــاوخــۆی كوردستانە، بەجۆرێك كە هاوڵاتیبوون ڕێكبخرێتو خەڵكی هەستبكات كە هــاوڵاتــی ئەم وڵاتەیە، ئەگەر هەستیكرد هاوڵاتییە، ئەوە بەرگریی لە حكومەتو خاكەكەی دەكات، ئەگەر هەستی نەكرد، هەڵبەت كە بەرگریی ناكات، هاوڵاتیبوونیش بە دابینكردنی مافەكانو دادپەروەرییو داخوازییەكان دەبێت، حكومەت دەبێت لایەنی كەمی ژیانی هاوڵاتییەكانی دابین بكاتو سەرو سامانیشی بپارێزێت، ئەگەر ئەو ئەركەشی بەجێنەهێنا، دەبێتە حەسحەسی شەو.

**ڕۆژنامە: حكومەت ئەو دوو مافەی بۆ هاوڵاتییان دابینكردووە؟**

* نەخێر دابینی نــەكــردووە، ئەگەر دابینی بكردایە، ئەو ناڕەزاییە نەدەبوو، خەڵك داوای شەفافیەتی بودجەو گرێبەستە نەوتییەكانو شیرینی گرێبەستەكانی نەوت دەكات، باجو خەراجی ئەم وڵاتە بۆ كوێ دەڕوات؟ بــازاڕ چــۆن تەنزیم كــراوەو فەلسەفەی حكومەت چییە لە ڕێكخستنی بازاڕدا؟ یەكێتی كە فەلسەفەكەی سۆسیال دیموكراتە، دەبێت چاودێریی بازاڕ بكاتو ڕێكی بخاتو هاوسەنگی بكات، بەڵام ئەوە ناكاتو بــازاڕ قۆرخكراوە، لە ئەوروپا حكومەت كە بــازاڕ ڕێكدەخاتو باج لە سەرمایەدارەكان وەردەگرێتو دەیداتەوە بە خەڵكە فەقیرو هــەژارەكــە، ئەوانیش دەچنەوە بۆ بازاڕ بۆ شت كڕینو ئەوەش جوڵەیەكی دیكە دەدرێتە بازاڕ.

**ڕۆژنامە: ئایا لە پێنج ساڵی ڕابردوودا ئەم قسانەتان كردووە؟**

* مــن لــە وتــارەكــانــی پێشوومدا باسمكردووەو چەندینجاریش لە كۆمیتەی سەركردایەتیدا باسكراوە.


**ڕۆژنــامــە: ئەو یەكێتییەی بێ ئێوە كۆنگرە دەبەستێت، چۆن یەكێتییەكەو ئەگەر كۆنگرە بەبێ ئێوەش ببەسترێت، ئایا شەرعیەتی دەبێت؟**

* ئەوە بەستراوەتەوە بە ئەنجامەكانی هەڵبژاردنەوە، ئێستا ئەوان بەڕەسمیی ئێمە بە یەكێتی نازانن، بەڵام ئەو بڕیارەیان شەرعیی نییە، ئەگەر یەكێتی لە سنووری تەواجودی خۆیدا دەنگی زۆر بهێنێت یان دەنگی كەم بهێنێت، دوو شتی زۆر جیاواز دەبێت بۆی. ئێمە لە باڵی ریفۆرمدا ئەندامێتیمان ڕاگیراوە تا كۆنگرە، لەدوای هەڵبژاردنەكانی (٣) ساڵ پێش ئێستاو بەستنی پلینیۆم، بەڕاستی لەژێر گوشارێكی زۆردا بووین تا گەیشتووەتە ئەم حاڵەی ئێستا، كە بە ئیحترامەوە دەرماندەكەن. من لە كۆمیتەی سەركردایەتیدا پۆستەكەم پێدراوە، بەڵام بێئەوەی بانگم بكەن بۆ كۆمیتەی سەركردایەتی، پۆستەكەیان لێسەندوومەتەوە، لەكاتێكدا كە من نەمویستووە ببمە بەرپرسی ئەو مەكتەبە. دەبوو ئەوان بەلایەنی كەمەوە بانگیان بكردمایەو بیانوتایە لەبەر ئەو ئیعتبارە پۆستەكەت لێدەسەنینەوە تۆ ڕات چییە، ئەوكاتیش منیش ڕای خۆم پێدەوتن.

**ڕۆژنامە: پێتوایە كۆنگرەی داهاتووی یەكێتی ببەسترێت؟**



# ئەنجامی هەڵبژاردنەکان...
# ریفۆرمخوازو موحافیزکارەکانی تووشی شۆک کرد



**جەمال ئیختیار**

پێچەوانەی هەموو پێشبینییەکان، مەحمود ئەحمەدی نەژاد، هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرۆکایەتی ئێرانی بردەوەو حکومەتی ئیسرائیلیش بردنەوەکە بە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەزانێت.

سەرلەبەیانی ڕۆژی هەینی (١٢ حوزەیران) دەنگدەرانی ئێران چوونە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان‌و ئاژانسەکانی هەواڵ باسیان لەوە کرد کە بەشداری خەڵک زۆر بەرچاو بووەو لەگەڵ ئەوەشدا کە ماوەی کاتی دەنگدان درێژکرایەوە، ژمارەیەکی زۆری خەڵک نەیانتوانیوە فریای دەنگدان بکەون.

هەڵبژاردنەکانی ئێران سەرنجی هەمو ناوەندەکانی جیهانی ڕاکێشا لەئاستی ناوخۆییشدا گرنگیەکەی کەمتر نەبوو. لە کۆتاییدا مەحمود ئەحمەد نەژاد سەرکەوتنی بە دەستهێناو بۆ جاری دووەم هەڵبژێردرایەوە.

لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئێراندا چوار کاندیدی سەرەکی ڕکابەرێتی یەکتریان دەکرد، ئەوانیش (میر حوسێن موسەوی سەرۆک وەزیرانی پێشوترو کاندیدی ریفورمخواز، مەحمود ئەحمەدی نەژاد سەرۆکی ئێستاو کاندیدی موحافیزکاران، مەهدی کەروبی سەرۆکی پێشوتری پەرلەمان‌و کاندیدی ریفورمخواز، موحسن ڕەزایی فەرماندەی پێشوی سوپای پاسداران‌و کاندیدی موحافیزکاران).

وتەبێژی « شورای نیگەهبان»ی ئێران عەباس عەلی کەدخودایی ڕایگەیاند: ژمارەی دەنگدەرانی ئێرانی دەگاتە زیاتر لە ٤٦ ملیون کەس‌و ڕێژەی بەشداری دەنگدەران ٨٢٪ بووە، ئەحمەدی نەژاد وەکو براوەی هەڵبژاردنەکان ٦٤٪ دەنگەکانی بەدەستهێناوەو سەرەکیترین ڕکابەری ئەو میرحوسێن موسەوی ٣٢,٢٥٪ دەنگەکانی بە دەستهێنابوو.

بەر لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی ئێران زۆربەی لایەنەکانی دەرەوەو ناوخۆ پێشبینی ئەوەیان دەکرد کە میرحوسین موسەوی، ڕکابەرییەکی بەهێز لەگەڵ ئەحمەدی نەژاد ئەنجامبدات، تا ئەو ئاستەی کە پۆستی سەرۆکایەتی لە چنگ ئەو دەربێنێت، بەڵام ئاکامی هەڵبژاردنەکان زۆر جیاواز بوون لەوەی کە پێشبینی دەکرا.

کاندیدی ریفورمخواز میرحوسێن موسەوی درەنگانی ئێوارەی هەینی لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەگەریدا ڕایگەیاند کە براوەی هەڵبژاردنەکەیەو کاری پێچەوانەی یاسا لەهەڵبژاردنەکاندا زۆرکراوە.

ئاژانسی (ئەی پی) بڵاویکردەوە، کە سەرلەبەیانی ڕۆژی هەینی هاوڵاتییانی ئێران، زۆربەیان دەنگدەرە تازەکان‌و گەنجەکان ڕوویانکردە ناوەندەکانی دەنگدان‌و وا دانرابوو کە ناوەندەکان، لە کاتژمێر شەشی ئێوارە دابخرێن، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە بەشداری هاوڵاتییان بەرچاو بوو تا نزیکی نیوەشەو ناوەندەکان بە کراوەیی مانەوە.

تەوەری سەرەکی ململانێکان پێش، هەڵبژاردنەکان سیاسەتی ناوخۆیی‌و دەرەکی بوو لایەنی ریفورمخواز نەژادیان بەوە تۆمەتبار دەکرد کە «لە ئاستی ناوخۆییدا ئابووری ئێرانی بەرەو داڕمان بردووەو لە ئاستی دەرەوەشدا بووەتە هۆی پەراوێزخستنی ئێران لە کۆمەڵی نێودەوڵەتیدا».

لە بەرامبەردا ئەحمەدی نەژاد کە لە پشتیوانی ڕێبەری باڵا سودمەندبوو بەرگری لە سیاسەتە ئابوورییەکانی خۆی دەکردو لە هەوڵی ئەودا بوو کە دەستکەوتە ئەتۆمیەکانی ئێران بکات بەدەسکەوتی خۆی‌و بە جوڵاندنی هەستی نەتەوەیی سەرنجی خەڵکی ئێران بە لای خۆیدا ڕابکێشێت.

سەرەتاییترین ئاکامە ناوخۆییەکانی هەڵبژاردنەکانی ئێران نارەزایی خەڵکە، کە دەوترێت گومانیان لە بردنەوەی ئەحمەدی نەژاد هەیەو لەسەر شەقامەکان‌و شوێنە گشتیەکان خۆیان دەرخستووە.

بەگوێرەی هەواڵی ئاژانسی هەواڵی (چاینانیوز) پۆلیسی ئێران بڵاوەیان بەسەدان خۆپیشاندەری ئێرانی کردوە کە نارەزایەتییان دەربڕیووە لە بردنەوەی ئەحمەدی نەژاد.

چاینانیوز دەنووسێت، کە سەدان کەس لە لایەنگرانی موسەوی لە شوێنی کەمپەینی بانگەشەی هەڵبژاردنەکە، لەناوەندی تاران کۆبوونەوەو دروشمی پاڵپشتیان بۆ موسەوی دەوتەوە، دواتر پۆلیس ڕێگریی لەخۆپیشاندەران کردووەو بڵاوەی پێکردوون.

یەکێک لە خۆپیشاندەران بە چاینانیوزی وتووە «هەڵبژاردنەکە یارییەکی پڕ لە درۆ بووە»و ئەوان بەو ئاکامانە ڕازی نابن‌و گومانیان لە ئاکامە ڕاگەیاندراوەکان هەیە.

هەروەها ژنێک بە ئاژانسەکە دەڵێت «ئێمە لێرە ناتوانین شتێک بکەین، بەڵام ئاکامەکان جێگای قەناعەتی کەس نییەو ڕاست نین‌و کەس ئەو ئاکامانە قبوڵ ناکات.»

چاودێرانی سەربەخۆ پێیان وایە، کە ئەحمەدی نەژادو موسەوی هەردووکیان هەر جێبەجێکاری پرۆگرامی کۆماری ئیسلامی ئێران‌و جیاوازیەکی ئەوتۆیان نیە.

کاوە موحسنی چاودێرو ڕۆنامەنووسی ئێرانی لە فەرەنسا لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ تەلەفیزیۆنی (کەناڵ ٢٤)ی فەرنسا ڕایگەیاند: کاندیدەکان لە ڕووی بەڕێوەبردنی سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەی ئێران بەیەک شێواز ڕەفتار دەکەن‌و لەچوارچێوەی سیاسەتی سەرەکی کۆماری ئیسلامی ئێران دەرناچن.

کاردانەوەکان لە بەرامبەر هەڵبژاردنەکانی ئێران لە دنیای دەرەوەدا زۆر جیاواز و گرنگتر بوون، بەبەراورد بەناوخۆی ئەو وڵاتە.

سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێشتر لە وتارێکدا بۆ جیهانی ئیسلام ڕایگەیاندبوو، کە دەکرێت لە خۆرهەڵاتی ناوەراست گۆڕان ڕوبدات‌و چاودێرانیش ئاکامی هەڵبژاردنەکانی لوبنانیان بەوە لێکدایەوە کە پەیامەکەی ئەو جێگای خۆی گرتووە، بەڵام دەربارەی ئێران چاوەڕوانییەکان پێچەوانە بوون‌و سەرۆک هەر دووبارە بوونەوەی هەمان دەموچاوی پێشوە کە زۆر نائاشنا نییە.

لە چوارچێوەی کاردانەوەکان بەرامبەر بە هەڵبژاردنەکانی ئێران سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ڕایگەیاند: هەڵبژاردن مەسەلەیەکی ناوخۆی ئێرانەو ئەوان ڕێز لەئیرادەی خەڵکی ئێران دەگرن، بەڵام جەختی لەوە کردووەتەوە، کە دەبێت ئێران واز لەبەرنامە ئەتۆمییەکەی بهێنێت.

کاردانەوەی ئیسرائیل لەوانی دیکە سەرنج ڕاکێشتر بوو، بەرپرسە باڵاکانی ئەو وڵاتە ڕایگەیاندبوو، کە بردنەوەی ئەحمەدی نەژاد باشتر دەتوانێت خزمەت بەبەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتە بگەیەنێت‌و یارمەتی ئیسرائیل دەدات تا بتوانێت بڕوا بەکۆمەڵی نێودەوڵەتی بهێنێت گوشاری زیاتر بخەنە سەر ئێران.

ئەحمەدی نەژاد بانگەشەی زۆری لە دژی ئیسرائیل دەکردو داوای سڕینەوەی ئەو وڵاتەی کردبوو لە سەر نەخشەی زەوی‌و هەروەها هۆلۆکۆستی جولەکەی بە درۆ وەسفدەکردو هەر ئەوانەش بوونە هۆی پەراوێزخستنی زیاتری ئێران لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا.

ڕۆژنامەی «زە ئوسترەیلیەن» لەسەر زاری بەرپرسی بەشی فارسی ڕادیوی ئیسرائیل منەشە ئەمیر، بڵاویکردەوە: پێدەچێت ڕێبەری باڵا فەرمانی بە سوپای پاسداران دابێت کە دەست لە هەڵبژاردنەکان وەربدەن بۆ ئەوەی بردنەوەی ئەحمەدی نەژاد لە هەڵبژاردنەکاندا مسۆگەر بێت».

ئەو چاودێرە ئیسرائیلیە بردنەوەی نەژادی لە قازانجی ئیسرائیل بینیوە، وتیشی «قسەکانی موسەوی لە ڕاستییەوە دوورنین و هەڵبژاردنەکە هەڵبژاردنێکی بێگەرد نەبووە».

لە چوارچێوەی هەڵبژاردنەکاندا هەندێک لە کاندیدەکان بانگەشەی ئەوەیان کرد کە ئەگەر بە سەرۆک هەڵبژێردرین، لە پێناوی دەستەبەرکردنی مافی کەمینە نەتەوەییەکانی ئێراندا کاردەکەن‌و مەهدی کەروبی یەکێک بوو لەوانەی کە باسی مەسەلەی کەمینەکانی کرد، بەڵام ڕێژەیەکی زۆر کەمی دەنگ بەدەستهێناوە.

لە گەڵ ئەوەی کە لەناوچەکانی وەکو کوردستان و شوێنەکانی دیکەی کەمینە نەتەوەییەکان، ڕێژەی بەشداری زۆر کەم بووە، لە پارێزگا کوردییەکانی خۆرئاوای ئێران حەوت شاری کورد کەمترین ڕێژەی بەشدارییان هەبووە لە هەڵبژاردنەکاندا.

چاوێران پێیانوایە، کە بە دووبارە هەڵبژاردنەوەی ئەحمەدی نەژاد، ئەگەری گۆڕینی سیاسەتە توندڕەوەکانی ئێران کەمتر دەبێت‌و لە ناوەندی کێشە گەورەکانی ئێراندا مەسەلەی ئەتۆمییە، کە بەدووبارە هاتنەوەی ئەحمەدی نەژاد ئاسۆی ئەو ناکۆکیانەو چارەسەری مەسەلەکە بەرەو نادیاریی زیاتر دەڕوات.





# تارق هاشمی: ڕێگە بە دروستبوونی کوردستانی سەربەخۆ نادەین



نامۆ عەبدوڵڵا

تارق هاشمی جێگری سەرۆک کۆماری عێراق، تورکیا دڵنیا دەکاتەوە کە عێراق بەهەمانشێوەی تورکیا بەهیچ جۆرێک ڕێگە بە دروستبوونی کوردستانی سەربەخۆ نادات.

بەپێی ڕاپۆرتێکی ئاژانسی ئەنادۆڵی تورکی (١١ی حوزەیرانی ٢٠٠٩)، هاشمی ئەم قسانەی لە دیدارەکانیدا لەگەڵ عەبدوڵڵا گویلی، سەرۆکی تورکیاو ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆک وەزیراندا، کردووە.

هاشمی هاوئامانجی دەوڵەتی عێراقی بۆ تورکەکان دەربڕیوەو وتویەتی «ئێمە ڕێگە بە دروستبوونی دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ نادەین».

تورکیا دژایەتی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی دەکات لە هەر پارچەیەکی کوردستاندلو دژایەتی هەر بەرەوپێشچوونێک دەکات بەو ئاراستەیەدا.

ئەم ترسەی تورکیا لەساڵی (٢٠٠٣)دا لە هەموو کات زیاتر بوو، کاتێک ئەمریکا بڕیاری داگیرکردنی عێراقی جێبەجێکرد، بەهۆی ترسی دروستبوونی کوردستانی سەربەخۆوە لە کاتی نەمانی سەدام حسێندا، تورکیا ئەو کات ڕەتیکردەوە هەر جۆرە هاوکارییەک پێشکەش بە زلهێزترین وڵاتی جیهان، (ئەمریکا)، بکات.

بەڵام سەدام لابراو کوردستانی سەربەخۆ دروست نەبوو، ئێستا باس لەوە دەکرێت کە «جێگرەوەکانی سەدام لە عێراق لە بەرامبەر ئایدیای دەوڵەتی کوردیدا، تەواوکەری بۆچوونی سەدام-ن».

تارق هاشمی تەنانەت دەڵێت «زۆربەی سەرکردە کوردەکان پشتگیری لە عێراقێکی یەکگرتوو دەکەن‌و دەیانەوێت شانبەشانی عەرەب‌و تورکمانەکان وەکو بەشێک لە گەلی عێراق بژین».

لەکاتێکدا هاشمی دژایەتی خۆی بۆ کوردستانی سەربەخۆ دەردەبڕێت، جەخت لەهاوهەڵوێستی عێراق دەکاتەوە لەگەڵ تورکیا بەرامبەر بەپارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە).

هاشمی، کە عەرەبێکی سونەیە، دەڵێت «پەکەکە مەترسیدارە بۆ هەردوو وڵاتی عێراق و تورکیا، دەبێت پەکەکە چەک دابنێت، ئەگەرنا ناچاردەکرێن عێراق بەجێبهێڵن».

دواجار هاشمی سەبارەت بە شەڕی تورکیاو پەکەکە دەڵێت: «ئەگەر پێکدادانی چەکداری ڕوویدات، باری ئابووری ڕوو لە خراپی دەکات‌و سەرکردە کوردەکان لەم بارودۆخە ئاگادارن».

# لێپێچینەوەی وەزیرەکان بێ متمانەیی لای کوتلەکان دروستدەکات

محەمەد ساڵح حەمەلاو

جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پێشنیازی بەدیلێک بۆ لێپیچینەوە لەوەزیرەکان دەکات‌و ئەندامێکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش پێیوایە «لێپیچینەوەی وەزیرەکان بێ متمانەیی لای کوتلە سیاسییەکان دروستکردووەو ئەگەری کاردانەوەی توندی لێدەکرێت».

خالید عەتیە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەکۆبوونەوەی سەرۆکی کوتلەکاندا پێشنیازی ئەوەی کردووە، لەبری ئەوەی ڕاستەوخۆ لێپێچینەوە لەوەزیرەکان بکرێت، پێویستە سەرەتا پرسیارەکان ئاراستەی وەزارەتەکە بکرێت‌و دواتر وەزیرەکە بانگهێشت بکرێت‌و بەوشێوەیە لێپێچینەوە بکرێت.

ئازاد چالاک، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەوەی بۆ ڕۆژنامە خستەڕوو، لەپەیڕەوی ناوخۆدا ئاماژە بەوە نەکراوە کە دەبێت مەسەلەی لێپیچینەوە بەو قۆناغانەدا بڕوات، کە خالید عەتیە لە پێشنیازەکەیدا ئاماژەی پێکردووەو وتی: مەسەلەی بانگهێشتکردنی وەزیرەکان‌و چاودێریکردنی ئیشوکارەکانی حکومەت مافی ئەنجومەنی نوێنەرانە، بەمەرجێک کارەکە بەبەڵگەوەبێت.

ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی نوێنەران پێشیوایە «مەسەلەی لێپێچینەوە لەوەزیرەکان ئێستا جۆرێک لەبێ متمانەیی لەنێوان کوتلەسیاسییەکاندا دروستکردووە. هەندێک لایەنیش پێیانوایە کە کاریگەریی بۆسەر پرۆسەی سیاسی‌و ئەدائی حکومەت دروستدەکات‌و لایەنیش هەیەوەک هەڵێک بۆمەسەلەی هەڵبژاردن لێپێچینەوەی وەزیرەکانی قۆزتووەتەوە».

ئازاد چالاک مەسەلەی بوونی فشار لەسەر ئەنجومەنی نوێنەران بەشتێکی تازە نازانێت‌و لەوکاتەوە دروستبووە کە لیژنەی نەزاهە لێپێچینەوەی لەگەڵ (ڕازی ڕازی) سەرۆکی دەستەی نەزاهە کردووە لەوکاتەوە ترسێک لای کوتلەکانی پەرلەمان دروستبوو، بەوەی کە ڕەنگە ئەو لێپێچینەوەیە ببێتە سەرەتایەک بۆلێپیچینەوە لە هەموو وەزیرەکان.

ئەو پەرلەمانتارەی لیستی هاوپەیمانی باس لەوە دەکات کە؛ هەرچەندە پێشتر لەلایەن لیژنەکانەوە هەوڵێک هەبوو بۆلێپێچینەوە لەوەزیرەکان، بەڵام «لەبەرئەوەی ئەوکاتە مەحمود مەشهەدانی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران بوو جۆرێک لە دواخستن و دەستی دەستی لای سەرۆکی کوتلەکان هەبووەو ئێستا دوای دەست بەکاربوونی ئەیاد سامەرایی هەموو ئەو دۆسیانەی پەیوەندیان بەگەندەڵیەوە هەبوو هەڵدرانەوەو دۆسیەکانیش بە لێپێچینەوەی عەبدولفەلاح سودانی وەزیری بازرگانی دەستپێکرد».

دوای ئەوەی لێپێچینەوە لەگەڵ وەزیری بازرگانی کرا، وابڕیاریشە لێپێچینەوە لەگەڵ ژمارەیەک وەزیری دیکەدا بکرێت «ئەوە وای کرد بێ متمانەیی لەناو کوتلەکاندا دروست بێت».

دەربارەی ئەوەی کە مەسەی لێپێچینەوە لەوەزیرەکان ئێستا چووەتە ئەو قۆناغەی کە بەرەیەک لەدژی بەرەیەکی دیکەدا دروستبووە، ئازاد چالاک دەڵێت: سەرەتا مەسەلەی لێپێچینەوە وەک مافێکی ئەنجومەنی نوێنەران کاری پێکراوەکە مافی چاودێریکردنی ئیشوکارەکانی حکومەت و لێپێچینەوەی وەزیرەکانە، بەڵام ئێستا ئەومەسەلەیە بووەتە کاردانەوە.

هەربەهۆی لێپێچینەوە لەوەزیرەکان ئازاد چالاک بەدووری نەزانی کێشەو لەمپەر لەبەردەم بەڕێوەچوونی ئیشوکارەکانی ئەنجومەنی نوێنەران دروستبکرێت بەوەی کە لایەنە سیاسییەکان بەشداریی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی نوێنەران نەکەن، بۆ ئەوەی مەسەلەی دەنگدان لەسەر هەر کارێک شێوازی یاسایی خۆی وەرنەگرێت‌و جۆرێک لەبایکۆتکرن دروست بکەن‌و لەمپەر لەبەردەم ئەنجومەنی نوێنەراندا دروستبکەن.



ئازاد چالاک

# ئاوارەکانی کوردستانی ئێران ڕێگای دەربازبوونیان دەوێت

سۆران پاڵانی

وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی عێراق بە نووسراوی ڕەسمیی داوا لەو کوردانەی کوردستانی ئێران دەکات، کە لەسەر سنووری عێراق- ئوردون نیشتەجێن، بگوازنەوە بۆ نزیکی سنووری سوریاو تێکەڵ بە کەمپی ئاوارە فەلەستینییەکان بن، تا ڕەوانەی هەرێمی کوردستان دەکرێنەوە، پەنابەرانیش لەو بڕیارە نیگەرانن‌و داوا لە بەرپرسانی حکومەتی هەرێم‌و نوێنەرانی کورد لە بەغدا دەکەن، ڕێگریی بکەن‌و داوا لە بەرپرسانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بکەن وەک پەنابەری سیاسی بەرەو وڵاتی سێیەم بەڕێیان بکات.

ئەکبەر قادری، نوێنەری ئەو پەنابەرانەی لەسەر سنووری عێراق- ئوردون نیشتەجێن، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بارودۆخی پەنابەرەکان زۆر خراپەو ئێستا تەواو لەژێر فشاری هێزەکانی عێراقدان «ڕۆژانە سوکایەتیمان پێدەکەن. بەهۆی گەرمای هاوینەوە ئەو ناوچەیە پلەی گەرمای لەسەرەوەیە، بەهۆی نەبوونی پێداویستی تەندروستییەوە دانیشتووانی کەمپەکە تووشی چەندین نەخۆشیی هاتوون، لەلایەکی دیکەوە زۆربەی ئەو خەڵکە بێکارەو لە بێهیوایدا تووشی نەخۆشیی دەروونی هاتوون».

دەربارەی بڕیارەکەی وەزارەتی ناوخۆی عێراقیش ئەکبەر وتی: «هێزەکانی عێراق نووسراوی وەزارەتی ناوخۆی عێراقیان هێناوە کە دەبێت لە چەند ڕۆژی داهاتوودا ئەو کەمپە چۆڵ بکەین‌و بگوازرێینەوە بۆ سەر سنووری وڵاتی سوریاو تێکەڵ بە کەمپی ئاوارە فەلەستینییەکان بین، دواتریش دەبێت بە هەر شێوەیەک بێت بگەڕێینەوە هەرێمی کوردستان‌و بە هیچ شێوەیەک مافی مانەوەمان لەو سنوورەدا نییە».

هەروەک داوای لە بەرپرسانی کورد لە بەغداو حکومەتی هەرێم کرد ڕێگریی لەو بڕیارە بکەن‌و فشار بۆ حکومەتی بەغدا بهێنن، کە «مامەڵەیەکی شیاوی مرۆیانەمان لەگەڵدا بکەن».

د.مەحمود عوسمان، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان، لەوبارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند، داوای لە لیژنەی کۆچ‌و کۆچبەران‌و لیژنەی وەزارەتی ناوخۆ لە ئەنجومەنی نوێنەران کردووە کە چیان لەدەست دێت، بۆیان بکەن‌و بەردەوامن لە هەوڵدان‌و هەرچییەکیان لەدەست بێت، دریغی ناکەن.

وتیشی: کێشەی ئەو ئاوارانە لەلای ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەو حکومەتی هەرێمیش هیچ ڕێگرییەکی نییە کە بگەڕێنەوە هەرێمی کوردستان.

د.محەمەد ئیحسان، وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بێ ئاگایی خۆی لە نووسراوێکی لەوشێوەیە دەبڕی‌و وتی: «هیچ ئامارێکمان لەسەریان نییەو بە هیچ شێوەیەک ئێمە ئاگادار نەکراوینەتەوە».

ئەو ئاوارانە نزیکەی (١٩٠) کەس دەبن‌و نزیکەی (٤) ساڵ زیاترە لەسەر سنووری نێوان عێراق‌و ئوردوندا نیشتەجێن‌و خەڵکی خۆرهەڵاتی کودستانن، بەڵام تائێستا لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە کە دەیانەوێت ڕەوانەی دەرەوە بکرێن، هیچ وەڵامێک نەدراونەتەوە.



# نانبڕین... دەرگا کردنەوە بەڕووی گێژاوێکی قووڵتردا

هەڤاڵ کوێستانی / لەندەن

**«گرفتەکە ئەوەیە کە باڵێک یان ژمارەیەک دەستیان بەسەر جوومگە سەرەکیەکانی یەکێتیدا گرتووەو دەیانەوێت یەکێتی بەو ئاقارەدا بەرن کە ویستو بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەخوازێت. بە شێوەیەکی وا کە یەکێتی لە پرەنسیپو خەسڵەتە سەرەتاییەکانی خۆی دووردەخاتەوەو هەموو ئەو هێڵە جیاکەرەوانەش دەسڕێتەوە کە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا هەیبوون. ئەم هەوڵە لای زۆر لە ئەندامانو کادیرانی دڵسۆزی یەکێتی، بە وردە وردە بە پارتیکردنی یەکێتی لێکدەدرێتەوە. کە ئەمەش لە خۆیدا گێڕانەوەی یەکێتیە بۆ خاڵی سفر»**

یەکێک لە پرینسیپە هەرە سەرەتاییەکانی سۆشیال ئینتەرناشناڵ، ئازادییە. ئازادیی بیرو بۆچوون، ئازادی رادەربڕین، ئازادیی دەنگدانو هەڵوێستوەرگرتنو هتد... نەک هەر تەنیا ئازادی تاکەکان، بەڵکو ئازادیی لە هەموو شێوازێکی فەرقو جیاوازیو لە هەموو پشتبەستنێکیش بە وانەوە کە ئامرازەکانی بەرهەمهێنانو بژێوییان لە دەستدایەو، لە وانەش کە دەسەڵاتی سیاسی بۆ مەرامە تایبەتییەکانی خۆیان بەکار دێنن.

لەناو هیچ حیزبێکی سۆشیال دیموکراتی دنیادا نە بووە حیزبو دەسەڵاتدارانی ناو حیزب، خاوەنی داهاتو سەرچاوەی بژێوی ئەندامانی حیزبو خەڵک بن. ئەگەر خاوەن بن، ئەوا شوێنێک بۆ پرینسیپی ئازادیی نامێنێتەوە.

حیزبە سۆشیال دیموکراتەکان، لە سەر بناغەی پێکەوە ژیانی بیرو بۆچوونە جیاکان درووست بوون. هەر بۆیەش مەسەلەی ئازادیی لەناو ئەو حیزبانەدا پانتاییەکی زۆری گرتووەو مەسەلەیەکی ژیانییو هەستیاریشە.

یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، هەر لە سەرەتاوەو بەر لەوەش ئەندامی سۆشیال ئینتەرناشناڵ بێتو تەنانەت ئەو کاتانەش کە هێشتا برواى بەئامانجەکانی سۆشیال ئینتەرناشناڵیش نە بوو، لە سەر بنەمای پێکەوە ژیانو پێکەوە هەڵکردنی بیرو باوەڕو بۆچوونە جیاوازەکان دروست ببوو. هەر ئەوەش بۆ خۆی یەکێک بوو لە خەسڵەتە هەرە جیاکەرەوەکانی یەکێتی لە پارتو رێکخراوەکانی ئەو کاتەی ناو گۆڕەپانی سیاسی کوردستان، بە تایبەتیش لە پارتی دیموکراتی کوردستان.

لە ناو یەکێتیدا، بەرژەوەندی گشتی نەتەوایەتیو نیشتمانی، پلاتفۆرمی گردبوونەوەی بیروباوەڕو بۆچوونە جیاوازەکان بوو، نەک بەرژەوەندی تاکو بنەماڵەو خێڵو عەشیرەت.

ئەگەر یەکێتی ئەو خەسڵەتەی تێدا نەبوایە، دەرگای سۆشیال ئینتەرناشناڵی وا بە ئاسانی بە رووردا نەدەکرایەوە.

لەناو هەموو حیزبە سۆشیال دیموکراتەکانی دنیادا، بیرو بۆچوونو رەوتو سەکۆی جیاواز هەن. هیچ دەسەڵاتێکیش لە ناو ئەو حیزبانەدا ناتوانێت داوا لە ئەندامەکانی بکات، هەموو وەک یەک بیر بکەنەوەو لەسەر هەر مەسەلەیەکیش یەک هەڵوێست وەربگرن. هەموو ئەندامانیش، پلەی حیزبییان هەرچیەک بێت، ئازادن لەوەی لەگەڵ سیاسەتو هەڵوێستی سەرکردایەتیەکەیان دابن یان نا. کەسیش ناتوانێت گفتوگۆ لەسەر ئەندامبوون یان نەبوونیان بکات، نەخوازەڵا دەست بۆ سەرچاوەی ژیانو بژێوییان ببرێت.

لەسەردەمی شەڕی دووەمی جیهانییدا (١٩٤٠_١٩٤٥)، ئەوکاتە پارتی پارێزگاران لەبەریتانیا لەسەر حوکم بوون، پارتی کرێکارانیش لە ئۆپۆزیسیۆندابوون. بەریتانیاش وەک یەکێک لە دەوڵەتە هاوپەیمانە سەرەکیەکان، لە بەرەنگاربوونەوەی مەترسی بڵاو بوونەوەی فاشیزمدا بوو. سەرکردایەتی پارتی کرێکاران بڕیاری چوونە ناو حکومەتی هاوپەیمانیدا، کە چەرچڵ سەرۆک وەزیرانی بوو. ئەو هەنگاوەی سەرکردایەتی پارتی کرێکاران،بووە هۆی تووڕەییو نارەزایی توندی ژمارەیەکی هێجگار زۆر لە ئەندامانی حیزب، بە ژمارەیەکی دیار لە ئەندامانی سەرکردایەتیو پەرلەمانیشەوە، بە جۆرێکی وا کە بە خۆپیشاندانو تەنانەت بە وەستان لە چالاکی حیزبی هەڵوێستی خۆیان دەربڕی. هەرچەندە ئەو هاوپەیمانییە، لە پلەی یەکەمدا، لە دژی مەترسی فاشیزمو لە پێناوی پاراستنی وڵاتو ئاسایشی نەتەوەییدا بوو، نەک دژی هێزو حیزبە نەیارو ئۆپۆزیسیۆنەکانی ناوخۆ! ریک بەپێچەوانەی ئەو هاوپەیمانیە ستراتیژیەی کە لەنێوان یەکێتیو پارتی-دا هەیە، کە بە پلەی یەکەم بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە شەخسیو بنەماڵەییەکانو بۆ دژایەتیکردنی ئۆپۆزیسیۆنە، نە بۆ خزمەتی بەرژەوەندییە نەتەوەییو نیشتمانییەکان.

لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستە جیایەی ئەندامانی پارتی کرێکارانی بەریتانیا، حیزب نە کەسی سزاداو نە کەسیشی دەرکرد. لە زۆر بۆنەو بواری دیکەشدا، زۆرێک لە ئەندامان، بە ئەندامانی پەرلەمانیشەوە، هەڵوێستیان پێچەوانە هەڵوێستی سەرکردایەتییەکەیان بووەو هەرگیزیش مەسەلەی ئەندامێتیان نە بووەتە مایەی پرسیار.

ئەم حاڵەتە، لە ناو حیزبە سۆشیال دیموکراتەکانی دنیادا، حاڵەتێکی تەندروستە. هەر لێرەشەوە، مەسەلەی دیموکراسی لە ژیانی ناوخۆیی حیزبدا، بایەخی خۆی پەیدا دەکات. چونکە دیموکراسی لە بنچینەدا بۆ پێکەوە هەڵکردنو بۆ قبووڵکردنی بیروبۆچوونە جیاوازەکانە. ئەگەر ئەو پێویستیە بە دیموکراسی نەبوایە، دیموکراسی ئەو بایەخە زۆرەی نەدەبوو. خۆ دیموکراسی هەر ئەوە نیە ئەندامان لە کۆنگرەدا سەرکردایەتی هەڵبژێرنو لەوێش بە دواوە ئەو سەرکردایەتیە، بە ناوی ئەوانەوە ولە بری ئەوان هەموو بڕیارێک بدات.

ئێستا لە ناو یەکێتیدا وەک هەمیشە، بیروبۆچوونو ئاراستەی جیا هەن. هەڵبەتە ئەمە بۆ خۆی گرفت نییە، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە کە باڵێک یان ژمارەیەک دەستیان بەسەر جوومگە سەرەکیەکانی یەکێتیدا گرتووەو دەیانەوێت یەکێتی بەو ئاقارەدا بەرن کە ویستو بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەخوازێت. بە شێوەیەکی وا کە یەکێتی لە پرینسیپو خەسڵەتە سەرەتاییەکانی خۆی دووردەخاتەوەو هەموو ئەو هێڵە جیاکەرەوانەش دەسڕێتەوە کە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا هەیبوون. ئەم هەوڵە لای زۆر لە ئەندامانو کادیرانی دڵسۆزی یەکێتی، بە وردە وردە بە پارتیکردنی یەکێتی لێکدەدرێتەوە. کە ئەمەش لە خۆیدا گێڕانەوەی یەکێتییە بۆ خاڵی سفر، بە شێوەیەکی وا کە هیچ پاساوێک بۆ دروستبوونو سەرهەڵدانی یەکێتی ناهێڵێتەوە.

ئەم هەوڵەی دەسەڵاتدارانی ناو یەکێتی، هەم بە زیانی یەکێتیو هەم بە زیانی پرۆسەی دیموکراسیش دەشکێتەوە. بۆیە نارەزاییو هەڵوێستی پێچەوانە، لای ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانو کادیرانی یەکێتی، کاردانەوەیەکی سروشتیو دروستە. سروشتیو دروستە لەوەدا کە نایانەوێت دەنگ بە لیستێک بدەن کە لیستی بەدیهێنانی ئامانجو خەونەکانی ئەوان نییە... لیستێک کە لە پلە یەکەمدا بۆ کۆسپ هێنانە بەردەم پرۆسەی گۆڕانە، گۆران چ لەناو حیزبو چ لە دەرەوەی حیزبیشدا... لیستێک کە ئامانجەکانی قۆرخکردنی زیاتری دەسەڵاتو هەڵلووشینی زۆرتری سەروەتو سامانی کوردستانە... لیستێک کە بەرژەوەندییە شەخسیو بنەماڵەییەکان زۆر لە پێش بەرژەوەندییە نیشتیمانیو نەتەوەییەکانیەوەن... لیستێک کە هەموو چەمکەکانی سۆشیال دیمۆکراتی، لە ئازادییو لە یەکسانیو لە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی تێدا ونن.

لە بەرامبەر ئەمەشدا، کاردانەوەی دەسەڵات بەرامبەر بەو کادیرو ئەندامانە، کاردانەوەیەکی ناسروشتیو نا دروستو نامرۆییانەیە، بە تایبەتیش لەو شوێنەدا کە دەگاتە مەسەلەی دەرکردنو نانبڕین.

دیاردەی خۆپێساغکردنەوەو دەرکردنو نانبڕین، میراتێکە لە میراتەکانی بەعس کە دژ بە نەیارەکانی خۆی پەیڕەوی دەکرد، بەتایبەتیش دژی نەیارانی کورد. چل ساڵێک بەر لەئێستا بەعس هەمان سیاسەتی دژ بە کوردە فەیلیەکان گرتە بەر. سەرەتا بە لەسەر کار لابردنو بە کۆپۆن برینو نانبڕین دەستیپێکرد، دواتریش بە لە وڵات دەرکردنیان سیاسەتە شۆڤینیەکەی کۆتاییهات.چەند ساڵێک دوای ئەوەش هەمان سیاسەتی شۆڤێنیو نامرۆڤانەی لە تەعریبکردنی کەرکوکدا دووبارە کردەوە. ئەو کوردەی رەگەزی خۆی نەگۆڕیباو وەک ئێستاش دەڵێن، خۆی ساغنەکردبایەوە، لە کار لادەبراو سەرچاوەکانی ژیانو بژێویشی لێ دەبڕدراو لە زۆربەی حاڵەتەکانیشدا لە کەرکووک دەردەکرا. ئێمە ئەو کاتە، وەک یەکێتی، بەو سیاسەتانەی بەعسمان دەوت رەفتاری فاشیانە.

ئەو رەفتارانەی کە ئێستا دەسەڵاتدارانی ناو یەکێتیش دەینوێنن، هەر لەو کاتەوە کە حوکمیان گرتووەتە دەست، بە شێوەیەکی سیستماتیک زەمینەی ئەنجامدانیان بۆ ساز کردووە، بۆئەوەی دەسەڵات جێی خاوەندارێتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانو حکومەت بگرێتەوەو خەڵک لە رووی داراییو بژێویی ژیانەوە بە خۆیانەوە ببەستنەوە، کە ئەمەش بۆ خۆی پێشێلکردنێکی زەقی پرینسیپەکانی ئازادیە، لە هەمانکاتیشدا بە گوێرەی جارنامەی ساڵی ١٩٥١ی مافی مرۆڤ پێشێلکردنی ئاشکرای مافەکانی مرۆڤە. لە هەمانکاتیشدا زەمینە خۆشکردنە بۆ حوکمی دیکتاتۆریو قایمکردنی پایەکانی مافیای حیزبی.

دابڕینی خەڵک لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنانو بەمووچە خۆر کردنیان، هەر لەسەرەتاوە بۆ ئەوە بووە کە نان بکەنە چەکێکی کوشندە بە دەستی خۆیانەوە. برسیکردنی خەڵک بە هۆی هەڵوێستی سیاسییەوە بێت یان هەر مەسەلەیەکی دی، دەچێتە خانەی پاکتاوکردنی مرۆییەوە، جا با ئەو پاکتاوکردنە لەسەر ئاستێکی کەمو دیاریکراویش بێت.

دەنگدان، مافێکی سەرەتایی هەر تاکێکە، بە حیزبیو نا حیزبیەوە، مرۆڤ ئازادە دەنگی چۆنو بە کێ دەدا. ناچارکردنی خەڵک لە ئاشکراکردنی پێشوەختی دەنگەکەی خۆی، هەم زەوتکردنی مافی خەڵکە بە ئەندامانی حیزبیشەوە، هەم پێشێلکردنی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتیشە. بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی، ئەندامان مافی خۆیانە، لە هەڵبژاردندا، بە نهێنی دەنگبدەنو ئازادیشن لەوەی چۆن دەنگ دەدەن. نابێت کەسیش بۆی هەبێت لێیان بپرسێت دەنگ بۆ کێ دەدەن، نەخوازەڵا بگاتە ئەوەی بەسەریاندا بسەپێندرێت دەنگ بۆ کێ بدەنو ئەگەر نا لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت.

نانبڕین، لە سەر پراکتیزەکردنی مافی دەنگدانو لەسەر هەبوونی هەڵوێستی جیا، چەکێکە تەنیا دیکتاتۆرانو ئەوانەی هیچ رێزێکیان بۆ بەهاو یاساکانی مافی مرۆڤ نیە پەنای بۆ دەبەن. نانبڕین سیاسەتێکە پەرچەکرداری خۆی هەیەو یەکێتیش رادەکێشێتە ناو گێژاوێکی زۆر ترسناکتر، لە هەموو ئەو گێژاوانەی کە تا ئێستا تووشیان هاتووە.

havalk@hotmail.co.uk

**«دیاردەی خۆپێساغکردنەوەو دەرکردنو نانبڕین، میراتێکە لە میراتەکانی بەعس کە دژ بە نەیارەکانی خۆی پەیڕەوی دەکرد، ئەو کوردەی رەگەزی خۆی نەگۆڕیباو، وەک ئێستاش دەڵێن، خۆی ساغنەکردبایەوە، لە کار لادەبراو سەرچاوەکانی ژیانو بژێویشی لێ دەبڕدرا. ئێمە ئەو کاتە، وەک یەکێتی، بەو سیاسەتانەی بەعسمان دەووت رەفتاری فاشیانە»**

# ئەفسوس خەیاڵەکەم وادەرنەچوو



مەجید سالح

**(پێشکەشە بە مام رۆستەم، عادل شکور، سەلاح چاوشین، ئاواتی شێخ جەنابو ئەوانی دیکە...)**

ئەو دەمەی مام جەلال بوو بە سەرۆک کۆماری عێراق، منیش وەک ملیۆنان کورد لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان، شاگەشکە بوومو پێموابوو کە ئیتر ئەو سەردەمە کۆتاییهات کە کورد لەلایەن دەوروبەریەوە بە چاوی سوکەوە تەماشابکرێت، لە دەروونی هەموو کوردێکیشدا ئەو هەستی بە خۆ بەنزم تەماشاکردنو کڕوزانەوەیە بۆ هەتاهەتایە بەم رووداوە مێژووییە دەسڕێتەوە.

ئەوکاتە لە نووسینێکمدا دوایین شەڕی پیرۆزی سەرۆک تاڵەبانیم بە شەڕی گەڕانەوەی کەرکوک بۆ باوەشی نیشتمان لەقەڵەمدا، پێموابوو سەرۆک کۆمارە کوردەکەی عێراق ئەو تەمەنەی کە ماویەتی لە سیاسەتدا، تەرخانی دەکات بۆ ئەو شەڕە پیرۆزە، من پێموابوو ئەو دەتوانێت کەرکوکی (قودس)و (دڵی)ی کوردستان بە حیکمەتی ژیرانەی خۆی کە پێیوابوو «مەسەلەی کەرکوک وەک نەشتەرگەریی مێشک وایەو دەبێت ژیرانە چارەسەر بکرێت»، دەکاتە ترۆپکی خەباتی بێوچانی پەنجا ساڵەی تەمەنیو دەروونی خۆیو نەوەکانی ئێستاو ئایندە شادمان دەکات.

بەڵام بەداخەوە، دوای تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر دەستبەکاربوونی بەڕێزیاندا، ئەو کۆشکەی کە منو هەزارانی وەک من لە خەیاڵی خۆماندا دروستمانکردبوو، وردە وردە درزی تێکەوتو بەچاوی خۆمان بینیمان تادەهات دروشمی «گەڕانەوەی کەرکوک بۆ باوەشی نیشتمان»، دەبووە سەرابو نەشتەرگەرییەکە نەک هەر ئەنجام نەدرا، بەڵکو پرۆسەی گەڕانەوەی کەرکوکی تووشی شەلەل کردو مادەی (١٤٠)یشی کرد بە مادەیەک تەنیا بۆ قەرەبووکردنەوەو هیچی دیکە. شەڕی گەڕانەوەی کەرکوک کە پێموابوو دوایین شەڕی پیرۆزی کوردە لە باشووری کوردستان، بوو بە شەڕی بێئومێدکردنەوەی کوردو شەڕی دۆڕانی دیپلۆماسیانەی نەک هەر کەرکوک، بەڵکو نیوەی باشووری کوردستان.

ئەفسوس ئێستا دەبینم دوایین شەڕی تاڵەبانی شەڕە لەگەڵ هاوڕێکانی دوێنی خۆی، ئەو هاوڕێیانەی کە سەردەمانێکو لە رۆژگارە سەختەکاندا ئامادەبوون سنگی خۆیان بنێن بەو گولەیەی کە بەرەو ئەو دێت. دوایین شەڕی ئەو سەرۆک کۆمارەی کە چاوەڕوانبووین قودسەکەمان بۆ رزگاربکات، بریتییە لە نانبڕینی ئەو هاوسەنگەرانەی کە رۆژگارێک نانی دەمی خۆیانو منداڵەکانیان دەگێڕایەوە بۆئەوەی ئەو پێی بژیو درێژە بە کوردایەتیی بدات. ئەفسوس ئێستا ئەوانەی لە بنباڵی سەرۆکەوە کوردایەتی بە خەڵک دەفرۆشنەوە، ئەوانەی بازرگانیی بە خوێنی شەهیدانەوە دەکەن، ئەوانەن کە گەل بێزارن لێیان، گەل بێزارە لە گەندەڵیان، بێزارە لە بە هەرزان فرۆشتنی خوێنی هاوسەنگەرو هاوخەباتەکانیان.

هەزار ئەفسوس ئەو خەیاڵە پەمەییەی لای خۆم دروستم کردبوو، وادەرنەچوو....



# ئەرغەب، لا ئەرغەب

**خالید ڕەزا/ هۆڵاند**

**کە ئەم نامەیەم خوێندەوە موچڕکم پیا هات. ڕۆژانی (ئەرغەب)و (لا ئەرغەب)ەکەی سەردەمی دەسەڵاتی حیزبی بەعسم بیرکەوتەوە. خۆشبەختانە وەڵامی تێکۆشەرەکان چۆن ئەوێ ڕۆژێ (لا ئەرغەب) بوو، ئەمڕۆش هەر (لا ئەرغەب) بوو. ئاخر خۆ زوڵم و ستەم‌و ناهەقی ناسنامەیان نییە، کورد بیکات، یان عەرەب یان هەر ڕەگەزێکی دیکە، زوڵم‌و ستەم‌و ناهەقی، هەمان شتن، دەشبێت لە هەموو زەمانێکدا بەهەمان شێوە بەربەرەکانێ بکرێن.**

لە نەوەدویەکەوە تا ئێستا عومرێکە. نەوەکانی پێش ڕاپەڕین، بەشی خۆمان چەرمەسەریمان بەدەست ڕژێمی بەعسەوە چەشت. کورد لەساڵی نەوەدویەکەوە هەوای ئازادیی هەڵمژی. ساڵێک دواتر بووە خاوەن پەرلەمان‌و حکومەتی ڕاستەقینەی خۆی. پاش دوساڵێک مۆتەکەی شەڕی ناوخۆ دەستی خستە بینەقاقای خەڵک. دوای ١٢ ساڵ لە ڕاپەڕین ڕژێمی دیکتاتۆری بەعس ڕووخا. سوپای درندەو خوێنڕێژی عێراق‌و داودەزگا سەرکوتکەرەکانی (کە تائێستاش سەرۆکەکانی کورد بەشانوباڵیاندا هەڵدەدەن) تەفروتوناکران. حیزبی بەعس‌و ستراتیژەکەی کە گەورەترین مەترسیبوون لەسەر گەلەکەمان، لەبێخەوە هەڵکێشران. زیاتر لە ١٨ ساڵە کورد خۆی حوکمی خۆی دەکات. زیاتر لە ٥ ساڵیشە بەعس ڕووخاوە.

بەڵام کەڵچەری حوکمرانی بەعس‌و جۆری حیزبایەتی کردنەکەی تا هەنوکە لەناو دەسەڵاتی کوردی‌و حیزبەکانی لای خۆماندا ئامادەییەکی کوشندەی هەیە.

ڕەنگە هەبن لۆمەم بکەن‌و بڵێن ئەم قسانە زیادەڕۆیین؛ بێ ویژدانییە بەراوردی دەسەڵاتی کوردی بە عەهدی بائید بکرێت! ئەز دەبێژم ئەوە من نیم بوختانیان بۆ دەکەم، ئەوە خۆیانن لەجیاتی مۆدیلێکی نوێ دابهێنن، هاتوون شێوازی حیزبایەتی کردنی حیزبی بەعسیان بۆ تەبەنی کردووین.

سەدام حسێن-یش حیزبی کردبوو بەکەڵەگای حکومەت. ئەو خۆی لەسەروو هەموو یاساکانی وڵاتەوە بوو. فەرمانی سەرۆک حوکمی قانوونی هەبوو، کەس نەیدەوێرا قسە لەقسەیدا بکات. بەعسییەکان لەناوخۆیانداو لەگەڵ خەڵکدا پلەبەندی هاوڵاتی بونییان بۆ کرابوو. تکریتییەکان هاوڵاتی پلەیەک بوون. تکریتییەکی بەعسی هاوڵاتی بوو بە پلەی ئیمتیاز. بەعسییەکی هاکەزایی عەرەبی سوننە مەزهەب هاوڵاتی پلە دوو بوو. بەعسییەکی هاکەزایی عەرەبی شیعە هاوڵاتی پلە سێ بوو، کوردێکی خائین هاوڵاتی پلە چوار بوو، تێکۆشەرێکی کورد، لەلای بەعس گیانلەبەرێک بوو شایەنی کوشتن.

زیندانەکان جمەیان دەهات لە خەڵکانی سیاسی. ژوورەکانی ئینفرادی بچووک‌و بچووکتر کرابوونەوە. لەسەر قسەوتنێک بەسەرۆک مەحمودیان لەجیاتی ئەحمەد لەسێدارە ئەدا. برا لەجێی براو، باوک لەجێی کوڕ، خزم لەشوێنی خزم دەگیران‌و بێ سەروشوێن دەکران. گۆڕە ونەکان لە ئاشکراکان زۆرتربوون. ترس‌و تۆقاندن، بەرتیل‌و گەندەڵی سەراپای وڵاتیان داگیر کردبوو. سەرۆک لەسەر هەموو گردە بەرزەکانی وڵات کۆشک‌و تەلاری بۆخۆی دروستکردبوو. لە دائیرەکاندا، لە زانکۆو پەیمانگا، خوێندنگەو مەکتەبەکاندا نوێنەرەکانی بەعس، زابت ئەمنەکان، بکوژو ببڕ خۆیان بوون. ئەوسا سەروەت‌و سامانی وڵات، بازار هەر هەمووی هی حیزب بوو! سوپا لەجیاتی هی عیراق بێت، هی بەعس‌و لەناو بەعسیشدا هی سەرۆک بوو! سوپا نەک هەر بێلایەن نەبوو، بەڵکە هەمیشە دەستی لە کاروباری سیاسی وڵات وەردەدا!

ئەگەر بەعسی بویتایە لە خوێندنی باڵا وەردەگیرایت. قبوڵ خاس بەعسیەکان دایانهێنا. بەعسی بوون جێی هاوڵاتیبوونی گرتبووەوە. سەرۆک کۆمەڵێک دەستوپێوەندی تایبەتی هەبوو ناوی نابوون (ئەسدیقائی سەیدولرەئیس). سەرۆک بەکیفی خۆی بە نووکە قەڵەمێک فەرماندەی دەکرد بە سەرباز، عەریفی دەکرد بە فەریق روکن. ناحەزەکانی خۆی دەکرد بە خائین، ئەمری ڕەمیکردنی بۆ دەردەکردن‌و لەسەر تەلەفزیۆنیش فرمێسکی تیمساحی بۆ دەڕشتن.

بەعس تێکۆشەرانی کوردی بە موخەریب، عەمیل‌و خائین ناو دەبرد، هەر بەوجۆرەش ڕەفتاری لەگەڵ دەکردن. کەسوکاری پێشمەرگەیان بانگ دەکرد بەزۆر پاکانەیان پێ پڕدەکردنەوە. بەزۆر کوریان لەباوک حاشا پێدەکرد. بەزۆر تەڵاقنامەیان بە ژنە پێشمەرگە پڕدەکردەوەو مێردەکانیان پێ تەڵاق دەدان. لە دائیرە، کارگە، زانکۆوپەیمانگا، قوتابخانەو سەبازگەکان فۆرمی بەعسی بوونیان دابەشدەکردو تەنها دوو هەڵبژاردەت لەبەردەمدا بوو، (ئەرغەب) واتە بوون بەبەعسی، (لا ئەرغەب) واتە نەبوون بە بەعسی یان جەیشی شەعبی. ئیرادەی ئەوکاتی تاکی کورد کە ئیرادەیەکی نەتەوەیی‌و نیشتمانی بوو، لا ئەرغەب بوو، ئەو لا ئەرغەبەی کە زۆرجار خاوەنەکەی توشی چارەنوسێکی نادیار دەبووەوە.

ڕووی دەمم لەو گەنجانەیە کە لە سەردەمی بەعسدا نەژیاون، بەراوردێکی ئێستا بەو ڕابردووەی سەردەمی بەعس بکەن، بزانن شتێک هەیە لەسەرەوە وترابێ‌و ئێوە لەم ١٨ ساڵەی حوکمڕانیی کوردییدا نەتاندیبێت‌و هەستتان پێ نەکردبێت؟ سەیرکەن بزانن تەنانەت لە پلەبەندی هاوڵاتیبوونیشدا چۆن کتومت لاسایی بەعس دەکەنەوە: بەراوردی یەکێتییەکی تاڵەبانی‌و پارتییەکی بارزانی، یەکێتییەکی نزیک سەرۆک‌و یەکێتییەکی دوور لەسەرۆک، یەکێتییەکی گوێڕایەڵ‌و یەکێتییەکی ڕەخنەگر، یەکێتییەک‌و نا یەکێتییەک، یەکێتییەک‌و ناحیزبییەک بکەن، بزانن چۆن هاوڵاتی بوون لە هاوڵاتی بە ئیمتیازەوە بەرەوخوار دەبێتەوە بۆ پلە یەک‌و پلە دوو...هەتا دەگات بە پلە شەش‌و حەوتیش.

ئەفسوس لەم ڕۆژانەدا، هەندێک لە ڕەفتارە زۆر درندەو ناشارستانییەکانی بەعس: نانبڕین‌و پاکانە پێکردن، لە لایەن حیزبێکی دیکەوە، حیزبێکی بەناو سۆسیال دیموکراتەوە، لە هەمان شوێن، بەڵام بەکوردی نەک بەعەرەبی، دژی ڕێبوارانی ڕێگای عەدالەتی کۆمەڵایەتی‌و دەوڵەتی قانوون‌و نیزام پەیڕەودەکرێت.

هەر لەم ڕۆژانەدا ئەم نامەیەم لە ڕۆژنامەو سایتە ئەلیکترۆنییەکانی یەکێتیدا خوێندەوە:

**دەقی نامەکە**

**سلاوێکی گەرم.**

**وەک ئەندامێکی سەرکردایەتی، بفەرموون ئاگادارمان بکەن کە ئایا ئێوە بۆ هیچ لیستێکی هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان، جگە لە لیستی کوردستانی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان+ پارتی دیموکراتی کوردستان) خۆتان کاندید کردووە یان بۆ هیچ لیستێکی تر کار ئەکەن؟. ئەگەر تا ڕۆژی ٢٠٠٩/٦/٢ وەڵامتان نەبوو، تا کۆنگرەی سێیەم ئەندامێتیتان ڕادەگیرێت.**

بەرپرسی دەستەی کارگێری م.س

٢٠٠٩/٥/٢٥

کە ئەم نامەیەم خوێندەوە موچڕکم پیا هات. ڕۆژانی (ئەرغەب)و (لا ئەرغەب)ەکەی سەردەمی دەسەڵاتی حیزبی بەعسم بیرکەوتەوە. خۆشبەختانە وەڵامی تێکۆشەرەکان چۆن ئەوێ ڕۆژێ (لا ئەرغەب) بوو، ئەمڕۆش هەر (لا ئەرغەب) بوو. ئاخر خۆ زوڵم‌و ستەم‌و ناهەقی ناسنامەیان نییە، کورد بیکات، یان عەرەب یان هەر ڕەگەزێکی دیکە، زوڵم‌و ستەم‌و ناهەقی، هەمان شتن، دەشبێت لە هەموو زەمانێکدا بەهەمان شێوە بەربەرەکانێ بکرێن.

ئێوە کچ‌و کوڕانی گەلەکەم، هێزی گۆڕانی ئەم هەلومەرجەن! گوێ لەو دەنگە نەشازو ناقۆڵانە مەگرن کە پێتان دەڵێن ئێوە فیشەکێکتان نەتەقاندووە. یان پێتان دەڵێن شەقتان لە بەردێک هەڵنەداوەو هاتونەتە سەر حازری ، یان هەڕەشەی ئەوەتان لێ دەکەن‌و پێتان دەڵێن جارێ زووە بەرۆکی نەوەکانی دوای ڕاپەڕین بگرین !! ئەوانە بۆیە وا دەڵێن بۆئەوەی پاساو بۆ داگیرکردنی ئەبەدیی کورسی دەسەڵات بدۆزنەوە. ئەو قسانەیان بە سەلکێ توری قوراوی لێ مەکرن. ئێوە کە تەمەن یاوەرتان نەبوو ببنە پێشمەرگە، بۆ خۆشبەختی تەمەن ڕێی پێ نەدان تاڵاوی بەعسیش بچێژن، لێ بەڵێ ئێستا نابێت ڕازی بن، هەمان ئەو تاوانانەی بەعسییەکان بە جلی عەرەبی‌و مەچەکی عەرەبی‌و زبانی عەرەبی لەگەڵ خێزان‌و کەسوکارتان دەیانکردن، ئێستا کاربەدەستە کوردەکان بە بەرگی کوردی‌و مەچەکی کوردی‌و زبانی کوردی لەگەڵ خۆتان‌و منداڵ‌و کەسوکارتان دووبارەیان بکەنەوە.

هەموو بەیەک دەنگ هاواربکەن: (لا ئەرغەب) بە درێژەدان بەکەلتوری بەعس؛ (ئەرغەب) بە گۆڕینی ئەم سیستمی دەسەڵاتە گەندەڵ‌و بێ بەهرەو دارزاوە، لەڕێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە.



# دەسەڵاتی کوردی‌و ناعەدالەتیی دەرهەق بە هەژاران

**حەمەی ئەحمەد ڕەسوڵ**

**هەژار هەمیشە پشکی شێریان هەبووە لەبەخشینی شەهیدو ئەنفال‌و زیندانی‌و بریندارو شەڕو قوربانیدا.. ئەوانیش ئەمڕۆ فەرامۆشکراون‌و بێ پلەوپایەو بێ پشت‌وپەنان.. هەژاری کورد هەزارانن، دەردەدارو بێهیوان بە نیشتمان، توڕەن لە ژیان‌و بێزارن لە دەسەڵات.. تەنانەت ئەو مووچەیەی ڕۆژی سەدانجار بەمەکرەمە باسدەکرێتەوە، بۆ هەژاران نییە.. بۆ چینی دەوڵەمەندی نزیک بە حەجەکەیە، کە دەرئەنجامەکەی گرانیی نرخی بازاڕو بارگرانیی بەسەر بودجەوەو هەڵوسانی ئابوورییەو کەسی هەژار باجەکەی دەداتەوە**

ئەوەی زۆر بەلامەوە سەیرە ئەوەیە کە ساڵانێکی زۆرەو لەدوای ڕاپەڕینەوە، ناوهێنانی چەمکی چینی هەژاران‌و مەینەتیی ئەم چینە گرنگەی کۆمەڵگا، زۆر کەمتر لەجاران دێتەگوێمان‌و وەکو بڵێی هەر باوی نەماوەو هەژاریی بە نەنگی‌و شورەیی ناوزەد دەکرێت.. نە لەمیدیاکان‌و نە لە مزگەوتەکاندا لایەکی مرۆڤدۆستانەو دڵسۆزانە لەم چینە زۆرینەیەی کۆمەڵگا نەدراوەتەوە..

تەنانەت دەسەڵات‌و حیزبە گەورەکانیش دوای کەوتنی کەریم قاسم، ناوهێنانی هەژارو مرۆڤی نەداریان لەبیرکردووە، بەرژەوەندیی ئەوان لەگەڵ چینی زەنگینی کوردستاندا گرێدراوەو پشتیان بە ئاغاو بەگ‌و دەرەبەگ‌و شێخ‌و سەرۆک خێڵ‌و دەوڵەمەندەوردە بۆرژواکان بەستووە.. کەپێویستبوو لە کۆمەڵگاکەماندا کەئیسلامییە، دۆخی چاکەخوازیی‌و خێرخوازیی‌و مرۆڤدۆستی لەبرەودا بوایەو یەکسانی‌و برایەتی‌و هاریکاری‌و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی‌و سەروەریی یاسا، لەوپەڕی سەرفرازیدا بوایە، کە لە هەر گەڕەکێکدا (حاتەم تەییان پیاوانی چاکەخوازو بەخشندەی لەشێوەی کەریمی عەلەکەو عەلیکەماڵ‌و ڕۆبن هودو سەعالیک)و چەندەها پیاوی خێرخواز، هەروەها دیوەخانی گەورەی مزگەوت‌و کڵێساکان (لەشێوەی کاریتاس‌و خاچی سوور)، بۆ هەژارو برسییەکان، دەرگاکانیان واڵابکردایەتەوە.. هەر هیچ نەبوایەساڵانە جارێک، وەکو بۆنەیەکی ئیسلامی‌و مرۆڤدۆستانەی لێبهاتایە، دیاردەی برسێتی‌و بێکاریی‌و هەژاریی کە ئەمساڵ ڕێژەیان لەوپەڕدایە، یەک ملیۆن هەژاری ژێر هێڵی هەژاریی لەکوردستاندا سەریانهەڵداوە.

بەداخەوە هەمان سیاسەت‌و بەرنامە لای ئەم دوو حیزبە دەسەڵاتدارەش بەرجەستەیەو هەژدە ساڵەو (پێشتریش لە شاخ)، هەر ئاغاو بەگ‌و شێخ‌و سەرۆک خێڵ سوودمەندبوون‌و پشکیشێریان بەرکەوتووە، هەژاریش چاویان زەقەی هاتووە.. ئەو توێژە دەوڵەمەندەش هەرگیز بیری لای چینی هەژار نەبووە لە هەموو سەردەم‌و دەوروزەمانێکیشدا سوودمەندبوون، بەڵام هەژار هەمیشە پشکی شێریان هەبووە لەبەخشینی شەهیدو ئەنفال‌و زیندانی‌و بریندارو شەڕو قوربانیدا.. ئەوانیش ئەمڕۆ فەرامۆشکراون‌و بێ پلەوپایەو بێ پشتوپەنان.. هەژاری کورد هەزارانن، کرێچی‌و بێکارو نەخوێندەوارو نەخۆش‌و دەردەدارو بێهیوان بە نیشتمان، توڕەن لە ژیان‌و بێزارن لە دەسەڵات.. تەنانەت ئەو مووچەیەی ڕۆژی سەدانجار بەمەکرەمە باسدەکرێتەوە، بۆ هەژاران نییە.. بۆ چینی دەوڵەمەندی نزیک بە حەجەکەیە، بۆ کەسوکاری بەرپرس‌و وەزیرو بەڕێوەبەرەکانە.. کە دەرئەنجامەکەی گرانیی نرخی بازاڕو بارگرانیی بەسەر بودجەوەو هەڵاوسانی ئابوورییەو کەسی هەژار باجەکەی دەداتەوە، لەولاشەوە توێژێک لە مووچەخۆری بەرهەمنەهێن دەستەبەر دەبن.

شایانی وتنە کە دەسەڵات کەرتی کشتوکاڵ‌و پیشەسازی‌و توێژی مامۆستاو کارمەندیشی وەکو چینی هەژار فەرامۆشکردووە.. وەلی ئاکامەکانی ئەم فەرامۆشکردنە بۆ ئایندەی کۆمەڵگای کوردی کارەساتن، چونکە ڕێژەی تاوان‌و دزی‌و تەڵاق‌و نەخوێندەواریی‌و نەخۆشی‌و پیسی‌و توندوتیژیی‌و لەشفرۆشی‌و سواڵکردن‌و کرێچێتی‌و بێزاریی‌و ڕق هەڵگرتن‌و بێڕێزیی لە یاساو لە نیشتمان تۆران، دەگاتە ئاسمان‌و عەرشی عەزیم..!

بەمەش تاکی هەژار دوچاری حیرمان‌و بێبەشبوون بووە لەسامانی وڵاتەکەی، کە بە هەقی مەشروعی خۆی دەزانێت (بۆیە لە هەموو جێیەکدا باسیدەکات)، لەئاکامدا دڵسۆزیی بۆ کاروکاسبییەکەی خۆشی نەماوە، بۆیە کێرڤی ویژدان‌و ئەخلاق‌و بیروباوەڕو متمانەو بڕوابەخۆبوون، لە نزمبوونەوەدایە..

پێویستە دەسەڵات‌و حکومەت‌و ئاغاو بەگو شێخەکانی دەوروبەریان، بیر لە هەژاران بکەنەوە.. پێویستە چێژی ئازاریبرسێتی‌و تینوێتیی هەژارو برسییەکان بە کردارەکی هەست پێبکەن‌و دەستی هاریکاریان بۆ درێژبکەن، بە برای هاوتای خۆیانیان بزانن.. ئەفسوس لەم کوردستانە زەنگینەدا نە مەسئول‌و بەرپرس‌و نە دەوڵەمەندو نەپیاوانی ئایینی، هیچیان بەخشندەنین.. چونکە هیچکامیان تاقە یەک هەژار تێرناکەن‌و تاقە یەک پەرداخ بەسەر هیچ تینویەک‌و هەتیوێکدا نابەخشنەوە.

دروستکردنی هەژاریی بەو ڕادەیەو فەرامۆشکردنیان، ئاکامێکی نێگەتیڤی‌و تراژیدی دەبێت‌و چەندان سەدە بڕدەکات.. چارەسەرەکەی ئاسانترین شتێکەبۆ حکومەت ئەگەر بیەوێت کاری بۆ بکات.. زیندووکردنەوەی کەرتی کشتوکاڵ‌و کردنەوەی کارگەکان‌و مووچەنەدان بە لەشکرێک کارمەند کە لە ماڵەوە دانیشتوون، بە دادوەریی دابەشکردنی بودجەو داهاتی کوردستان بەسەر دانیشتواندا بەیەکسانی، میکانیزمن‌و فاکتەرن بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی هەژاریی، هەروەها نیشتەجێکردنی هەژاران لەلایەن حکومەتەوە (نەک کۆمپانیا خوانەناسەکانەوە)، دەتوانێت کارەساتی هەژاریی‌و بێکاریی چارەسەربکات‌و گلەیی‌و گازندەیخەڵکانیش کەمتربکاتەوە.

لە کۆتاییدا پێویستە ئەو سەرنجە بدەم کە هەر وشەی هەژار لەعێراقی زەنگین بە نەوت‌و کانزاکان، کفرێکی چاو زیتی بێوێنەیە!

hemea.rasoeL961@yahoo.com



# خۆزگە هەموو ساڵێک هەڵبژاردن دەکرا!

عەلی مەولود

ڕەنگە زیادە ڕۆیی نەبێت ئەگەر بڵێین: هیچکاتێک بەقەدەر ئەم ماوەیە، هەرێمی کوردستان جموجۆڵی دامودەزگاکانی حکومەتی بەخۆوە نەدیوە، بۆ هەلایەک دەرۆیت لوتت بەپرۆژەیەکدا دەتەقێت، هەر بەرپرسێک دێتە زمان کۆمەڵێک بریارو بەڵێن دەبەشێتەوە، کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی سەربەدەسەڵات ( بەبینراوو بیستراوەوە) بوونەتەسەکۆی نمایشکردنی ئەوشانۆییانەی بەشێوازی (برێخت) لەسەر شەقامەکانو لەناوجەماوەردا، بۆ ئاشتکردنەوەی خەڵک نووسراونو بەبێ لەبەرچاوگرتنی شەوو ڕۆژ جێبەجێدەکرێن، وێنەگرو ڕاپۆرت نووسەکانی ئەم کەناڵانە ئەگەر پێشتریش حەسودییا پێبرابێت، ئێستا بۆ سەرقاڵیو ماندووبوونیان خەفەتبار دەبیت، چونکە ئەوەندە وێنەو ڕاپۆرتی کارو پرۆژەکانو سەردانی بەرپرسەکان ئامادەدەکەن، ئەوەندە مێشکی خۆیان دەگوشن تا بەسۆزداریو ڕەوانبێژی هەستی خەڵک بورووژێننو دلی بەردمان بکەن بەئاو، یان هەر نەبێت «قسەی ناحەزانو ڕەخنەگرانی نامەسئول» بکەنە بلقی سەرئاوو جەماوەری تۆراو ڕازیبکەن بە(ڕێککەوتنەوە) لەگەڵ دەسەڵات.

ئەم جموجوڵانە بەگشتی لەگورجوگۆڵی کەنیشکە کوردێکی ژینگەیەکی داخراوی جوتیاری تامەزرۆیماڵوحاڵ دەچێت، کە لەبەرچاوی خوازبێنیکارانو لەکاتی خوازبێنیکردندا، بەدەستگەرمییەکی زۆرەوە پەلاماری کاروبارەکان دەداتو لوتفی زۆرو خزمەتی باش پێشکەشدەکات، خوێ دەنوێنێتو لێهاتووییەکانی دەردەخاتو هەموو هەستو نەستی دەخاتە پێناوی ئەوەی سەرنجیان ڕاکێشێو لەهەڵبژاردنی دڵخۆشو سوپاسگوزار بن.

هەر بەم پێودانگە دەبینین ئەم ڕۆژانە کە خەڵکی کوردستان لەبیری خوازبێنی دەسەڵاتی داهاتوودان: کارەبا باش بووە، ئاو هەیە، شەقامەکان قیردەکرێنو شۆستەکان دەرازێنرێنەوە، شوێنو هۆکارەکانی خزمەتگوزارییەکان زیاددەکرێن یان نوێدەکرێنەوە، پارە هەیە بۆ پرۆژەکان، بەرپرسەکان سەرقاڵ نینو خاکیو خزمەتگوزارنو بواریان هەیە سەردانی پرۆژەکان بکەنو لەگەڵ خەڵک بدوێن، وڵاتانی دراوسێش ( هەرچەندە لەحاڵی ئاساییدا بەدوژمن دەژمێردرێن)، بەڵام ئێستا بەوپەری دڵفراوانییەوە ڕێگادەدەن ئامێرو پێداویستی تازە بێتە هەرێمەوە، ئەگەرچی دڵتەنگیو دڵەراوکێی بەرپرسەکان بەرزبووەتەوە، بەڵام زەردەخەنەی سەرلێوانیان زیادیکردووە بەڕووی ئەو جەماوەرە خۆشەویستەیاندا کە زوو زوو بەفیتی دوژمنانو دەسیسەی شاراوە دەبنە تابووری پێنجەمو ئاژاوەگێڕو تێکدەری شوێنە گشتیەکان.

بەکورتی هەموو ئەو کاروبارانەی چەند مانگ لەمەوبەرو بەدرێژایی ساڵان ئەستەم بوون، ئێستا وەک ئاوخواردنەوەیان لێهاتووە. ئەو داواکارییانەی بە ڕێپێوانو خۆپیشاندانیش گوێیان لێنەدەگیرا، ئێستا بەبێ داواکاریش جێبەجێ دەکرێنو بەرپرسەکان لەکۆبوونەوەکانیاندا لەگەڵ بەشە جۆراوجۆرەکانی خەڵک بەفیزەوە ئیمزایان لەسەر دەکەن، پێداویستییەکانی ژیانی خەڵکو خزمەتگوزارییە گشتییەکان کە جاران بەبیانووی نەبوونی بودجە ڕادەگیران یان کیسەڵی بەڕێوەدەبران، ئێستا «سەرباری ئەوەی بودجەی ساڵی (٢٠٠٩) نەهاتووەو بەپێی ڕاگەیاندنو شرۆڤەی دەسەڵات (٢٠٠٨)ش لەتەواوکردنی کارەکان کورتی هێنابوو» بەقودرەتی قادر پارە بەسەریاندا ڕژاوەو ... تاد.

خەڵک زۆردەپرسن کە ئەم جیاوازییە لەکوێوە هاتووە، ئەگەر ئەو هەموو ئیمکاناتە هەبووە بۆ وتراوە نیەو ئەگەرنەبووە چۆن پەیدابوو، ئەگەر ئەو کارانە دەکران بۆ پێشتر نەکراوەو ئەگەر نەدەکران ئێستا چۆن دەکرێنو... تاد. هەڵبەت وەڵامی ئەم پرسیارانە لای خەڵک ڕۆشنەو دەزانرێتو زانینیشی ئاسانە کە بەشێکە لەکەمپەینی هەڵبژاردن، چرکردنەوەی کارەکانە لەم کەمپەینەدا، ئەگەرچی ئەمە لەڕووی یاساییو مافەوە پێشێلکاریەو بەکارهێنانی حکومەتو تواناکانێتی لەخزمەتی لیستێکی دیاریکراودا، بەڵام ئەگەر ئەم لایەنەی لێگەڕێین دەبێت خوازیاربینو خۆزگە بخوازین کە هەموو ساڵێک هەڵبژاردنێک بکرێت، بەئومێدی ئەوەی حکومەتی هەرێم چەند ساتێکیش لەگیرفانی قوڵو لەخوانی ڕازاوەی بەرپرسەکان دوورکەوێتەوەو «سەرێک بکێشێتە هەوارگەی وێران» *

لەکۆتاییدا ئەوە ماوە بڵێم ئەگەر لەماوەی ١٨ ساڵی ڕابردوودا بەپێوانەی ئەم دوو مانگە کار بکرایە ئێستا کوردستان لەشوێنێکی دیکە بوو. بەڵام لەبەرئەوەی دەسەڵاتدارانی ئەم ١٨ ساڵە بەم پێودانگە بۆ خۆیان کاریان کردووە، ئێستا خۆیان لەشوێنێکن کە هەرگیز بەخەویش بەخەیاڵیاندا نەدەهات.

alimi1968@yahoo.com

---

ئەنجومەنی دادوەری
دادگای بەرایی دوکان
ژمارە ٢٥٣/ب/٢٠٠٩
ڕۆژ /٢٠٠٩/٦/٧

ئاگانامە

داواکار :نەژاد علی همزە/بەولایەنی کورەناکامەکەی /ئابستین
داواکار:ڕاستگری تۆماری باری شار ستانی لە بنگرد وێرالی کارەکەی
داواکار :نەژاد علی همزە )داوای ژمارەی سەرەوە ی ەدادگا کەمان تۆماکردوە بۆناوگۆرینی (کورەناکامەکەی)
لە( ئابتین)وەبۆ (محمد)بۆیەبریارماندا بەبلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەیەکدا بەپێی ماددەی(٢١)لەیاسای باری شارستانی .جاهەرکەسێک مافی ڕێگرتنی (اعتراص) هەیە لەماوەی (١٠)ڕۆژدا لەدوای بلاوبونەوەی ئەم ئاگانامەیە سەردانی دادگاکەمان بکات بەپێچەوانەوە داواکەی ئەبینرێ بەپێی یاسا.

دادوەر
کامران حسن فرج

---

حکومەتی هەرێمی کوردستان /عێراق
وەزارەتی داد
بەڕێوبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی خانوبەرە
بەڕێوبەرایەتی تۆمارکردنی خانوبەرەی کۆیە
حکومە اقلیم کوردستان /العراق
وزارە العدل
المدیریە العامە التسجیل العقاری
مدیریە التسجیل العقاری فی کویسنجق
ژمارە/ ٩٠٧
ڕێکەوت/٢٠٠٩/٦/١٠

اعلان

طلب التسجيل عقار مجددا
بناء على الطلب المقدم الى هذة الدائرة بتاريخ ٢٠٠٩/٦/٧ التسجيل تمام العقار تسلسل (١٢٥) محلة سةرباغ
باسم ورثة رمضان حويَز اسعد مجددا باعتبارة
حائزا لة بصفة المالك للمدة القانونية، ولفرض تثبيت الملكية المذكورة تمهيدا للتسجيل وفبق احكام قانون
التسجيل العقارى رقم (٤٣) لسنة ١٩٧١ قررنااعلان هذا الطلب. فعلى كل من يدعى بوجود علاقة او حقوق معينة على هذا العقار تقد يم مالد ية من بينات الى هذا الدائرة خلال مدة ثلاثين يوما اعتبارا من اليوم التالى لنثرة هذا العلان كذ لك الحضور فى موقع العقار فى الساعة العاشرة صباحا من اليوم التالي لانتهاء مدة هذا العلان وذ لك لاثبات حقوقة موقعيا في الكشف الذي سيجرى فى اليوم لمذ كور لهذا العرض

ديار محمد على
رئيس لجنة تثبيت المحكية
قاضى محكمة بداء كويسنجق

---

## ونبوون

ئارمێکی ڕێگەپێدانی ئۆتۆمۆبێل کیا ژمارە بەغداد بەناوی (عوسمان تەیفور) ونبووە هەرکەسێک دۆزیەوە پەیوەندی بەم ژمارە تەلەفۆنەوە بکات (٠٧٧٠١٣٠٩٣٣٠)

---

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
(قائمقامیەتی قەزای هەڵەبجە)

(بانگەوازی ژمارە ١)

قائمقامیەتی قەزای هەڵەبجەی شەهید کەم کردنەوەیەکی نهێنی ئەنجام دەدات بۆ ئەم پرۆژانەی لای خوارەوە:
١. پرۆژەی تەواوکاریو نۆژەنکردنەوەی مەڵبەندی تەندروستی علی شیعە لە خورماڵ ـ وە بنکەی تەندروستی زەردەهاڵ و هۆڵی سەنتەری گەنجام لە بیارەو دابین کردنی پێداویستی پزیشکی بۆ نەخۆشخانەی هەڵەبجەی شەهید.
٢. پـرۆژەی ڕاکێشانی تۆری ئاو بۆ گەرەکەکانی (کـاژاوو دەروازەی شار) لە هەڵەبجەی شەهید لەگەڵ لێدانی بیر بۆ ناحیەی سیروان و گوندی دی کون.
٣. پرۆژەی دروست کردنی (٤) جۆگەی ئاودێری لە شارۆچکەی تەوێڵە.
ـ جا هەر کۆمپانیایەکو بەڵێن دەرێک نیازی بەشداری کردنی هەیە لە هەریەک لەم پرۆژانەدا با سەردانی قائمقامیەتی قەزای هەڵەبجە بکات بەشی دارایی بۆ وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر هەر تەندەرێک بری (٥٠,٠٠٠) پەنجا هەزار دینارە کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی بە مەرجێک تەندەرەکە بخرێتە زەرفێکی داخراوو مۆرکراو کە ناونیشانی کۆمپانیاو ژمارەی بانگەوازی لەسەر بێت وە دوا کات بۆ گەڕانەوەی تەندەرەکان ڕۆژی (٦/٢٢) کاتژمێر (١٢) دوانزەی نیوەڕۆ.
تێبینی/
١. ڕۆژی وەرگتنەوەی تەندەر دوشەممە (٢٠٠٩/٦/١٥) لە بینایەی قائمقامیەتی قەزای هەڵەبجە ـ بەشی دارایی.
٢. ناسنامەی بەڵیندەرایەتی نوێ کراوە بۆ ساڵی (٢٠٠٩).
٣. ئەستۆپاکی بەڕێوەبەرایەتی باجی دەرامـەت بۆ ساڵی (٢٠٠٩).
٤. بارمتەی یاسایی بە بڕی (٥٠٠٠,٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار یان چەکی پەسەندکراو یان خطاب الضمان.
٥. بڕوانامەی دامەزراندنی کۆمپانیای لەگەڵ (٢٠٧٠) پێشکەش کراو.
٦. کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم تەندەرە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کۆمپانیایەی کە کەم کردنەوەکەی بۆ دەردەچێت.

---

حکومەتی هەرێمی کوردستان — ژمارە: ت
وەزارەتی داد — بەروار: ٢٠٠٩/٦/٧
دادنووسی سلێمانی/ دووەم
«ئاگاداریو بڵاوکردنەوە»
تۆمارکردنی ئامێری کۆمپانیای (عصامی نوێ) بۆ خزمەتگوزاری ئوتومبێل/ تانجەرۆ
بە گوێرەی داواکاری لەلایەن بەڕێز (عصام کاظم جاسمو هاوبەشەکەی)
لە ڕۆژی (٢٠٠٩/٥/٦) کە تیایدا داوای کردووە ئەم ئامێرانەی خوارەوە بە ناویەوە بۆ تۆمار بکەین. جا هەرکەس پەیوەندی هەیە پێیانەوە با بێتە لامان وە بەڵگەنامەی ڕەمی بهێنیت تا ماوەی (١٥) ڕۆژ لە بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریەوە لە ڕۆژنامەدا تاوەکو کارەکە ڕابگرین وە بە پێچەوانەوە ئێمە ناچار ئەبین کە ئەو ئامێرانە تۆمار بکەین بە ناویانەوە بە گوێرەی یاسای تۆمارکردنی ئامێر، ژمارە (٢٥) ساڵی (١٩٥٢) وە بڕوانامەی تۆمارکردنی ئەدرێتێ.
١ ـ عصام کاظم جاسم ٥٥٪
٢ ـ ئاراس أحمد قادر ٤٥٪

دادنووسی سلێمانی/ دووەم
شنۆ جبار حمەصالح

ئامێرەکان:
١ ـ ئامێری فحصی سیارە جۆری ـ BOSCH ـ ئەڵمانی ـ ژمارە/ ٢١٠٠٠٤٠٢٩ تایپ ـ MOT ٦٠٠/٥٠٠.
٢ ـ ئامێری میزانیە جۆری ـ BOSCH ـ تجمیحی أمریکی ژمارە ـ ٣٢٠٠٤٤٠٨٩ ـ تایپ ـ FD٨٦٣.
٣ ـ کۆمپریسری هەوا جۆری/ Becker ـ ئەڵمانی ژمارە ـ ٧٨٦١ ـ تایپ ـ ZBK٢٥٠.
٤ ـ ئامێری فحص عەقلی ئوتومبێل جۆری/ BOSCH ـ ئەڵمانی ژمارە ـ ٥٤٠٠٥١٩٨٩ ـ تایپ ـ DE ٥٠٠ KTS.
٥ ـ کۆمپریسری هەوا جۆری/ STENOJ ـ ئەڵمانی ژمارە ـ ٧٩٧٩١ ـ تایپ ـ T١١٤٠٩١١.
٦ ـ ئامێری شتنی ئوتومبێل بە ئاوی گەرم جۆری/ WAP ـ ئەڵمانی ژمارە ـ ٧٩٢٨٥٧ ـ تایپ ـ JUBILE ٢٥.
٧ ـ مولدەی جۆری ـ ONAN ـ أمریکی ـ ٦,٥ KV ژمـارە ـ Kv٦٣٢١٢٢٦٣ ـ تایپ ـ J٠٠٦١٦CR١٣NH٦٥.
٨ ـ مۆڵیمەتری دیجیتال بۆ فحصی کارەبایو گەرمی ڤۆڵتیە جۆری/ MASTECH بێ ژمارە.
٩ ـ ئامێری ڕاستکردنەوەی پلێتی ئوتومبێل جۆری ـ LONGUS لەگەڵ پاشکۆکان بێ ژمارە.
١٠ ـ جەکی پابت لەسەر دەمپا ـ ژمارە ـ ٣٦٥٥٨ ـ تایپ ـ TKL.
١١ ـ جەکی پابت لە جۆری/ KONi عدد ٢.
م ـ ژمارەکەی ـ ٤٠Dv٨٣٢ ـ پابت ـ ٣٥٧٥.
ب ـ = ـ ٤٠Dv٨٢٣ ـ تایپ ـ ٣٥٧٥.
١٢ ـ ئامێری تعدیلی شاصی جۆری ـ CeleTTe ژمارە ـ ٤٣٧٤١٣ ـ تایپ ـ ٧.MUF/ ئەڵمانی.
١٣ ـ ئامێری پنجری کردنی تایەی ئوتومبێل جۆری/ CEMB ژمارە ـ ٣٦E٠٢٠٠٤١٣ ـ تایپ ـ B٣٢٠.
١٤ ـ ئامێری فحص ئیستۆپی ئوتومبێل جۆری/ SCHENCK ژمارە/ LFR٢٨١٩ ـ تایپ ـ R٢.
١٥ ـ ئامێری فحص عقلی ئوتومبێل ـ ئەڵمانی جۆری ـ BOSCH ژمارە ـ ٦٥٠٠٠٥٣٣٩ ـ تایپ ـ DE ـ KTS ٥٠٠.
١٦ ـ ئامێری فحص کارەبای ئوتومبێل جۆری ـ AVLDISCOPE ژمارە ـ ٨٦٥.
١٧ ـ مەکینەی لحیم جۆری/ ARO ـ فرنسی ـ ژمارە ـ ٣٦٢٥ تایپ ـ SGLK١٥٠PZ.
١٨ ـ مەکینەی لحیمی نقگە جۆری/ ARO ـ فرنسی ـ ژمارە ـ ٩٠١٢١٢٨ تایپ ـ N١٦٩.
١٩ ـ جەکی پابت لەسەر ڕەمپا ٣ گن جۆری ـ Zippo ـ ئەڵمانی ژمارە ـ ٦٩٠١٣ ـ تایپ ـ Z٤٢٠.
٢٠ ـ ئامێری بلانصی تایەی ئوتومبێل جۆری ـ SCHENCK ژمارە/ RGA١٠٨١ ـ تایپ ـ Rapidzo.
٢١ ـ ئامێری فحص لایت جۆری/ BOSCH ـ ئەڵمانی ـ ژمارە ـ ٠٦٨٤١٠٠٩٠٢ تایپ ـ FUCHS.
٢٢ ـ ئامێری فحص استوپی لوری جۆری/ AHS ـ ئەڵمانی ژمارە ـ ٠٥٩١٨٧٢٦ ـ تایپ ـ ٣٠٦٥ ـ ٢.
٢٣ ـ ئامێری فحص أکسل ZOT جۆری FUCHS ـ ئەڵمانی ژمارە/ ٧٦٤,٠٧٢٧

دادنووس
شنۆ جبار حمەصالح

خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر:
عەدنان عوسمان
ednan.rozhnama@yahoo.com – adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین
ئاودێر شێخ عومەر
awder.sh.omer@gmail.com

دەستـــەی نووســـەران
سیروان ڕەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
فازڵ نەجیب ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
فرمان عەبدولڕەحمان ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
ئیبراهیم عەلی ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩
سامان بەشارەتی ٠٧٥٠٤٩٨٩٨٥٣


کارگێڕیو ڕیکلامو ئاگاداری
٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩ – ٠٧٤٨٠١٢١١٤٤
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

دابەشکردن:
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ – ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی – بەختیاری – پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

ئۆفیسی هەولێر:
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

# هەڵبژاردن یان (هەڵبژاردنەوە)؟!



گۆران دوکانی

لەناو هەموو ئەو کۆمەڵگەیانەی کە بەفیعلی کۆی چەمکەکانی دیموکراسی پەیڕەودەکەن‌و ئەمرۆ دەسەڵاتی کوردی بەناو تەقلیدیان دەکاتەوە، شتێکی لەوجۆرە مومکین نییە کە حیزبێک تائەو رۆژەی پارەی دەنگکڕین‌و دەسەڵاتی دەرکردن‌و نانبڕینی مەئمورەکانی ناوحیزب‌و حکومەتی هەبێت هەتاسەر لەڕەهاترین لوتکەی حوکمڕانیکردندا بمێنێتەوە.

بەدەر لەمانەش هاوکات لەبەر ئەوەی هیچکات ئەوانەی بەر لەئێمە ناتوانن لەوە تێبگەن کە نەوەی دوای ئێمە چی دەوێت، کەواتە پێویستمان بەدەستاودەستکردنی دەسەڵاتە لەباوکەوە بۆ نەوەی نوێ‌و لەشۆڕشگێڕانەوە بۆ نەوەی دوای شۆڕشگێڕان، چونکە شۆڕشگێڕ لەسەردەمێکدا دژی دەسەڵاتێکی پێش وەختەی خۆی شۆڕشی کردووەو دەبێت لەوە تێبگات کە تیۆری شۆڕشەکەی تاسەر بڕناکات‌و دەبێت لێگەڕێت بۆ تیۆری نوێ‌و هەستی بەڕێوەبردنی نوێترو بەمجۆرە پێشکەوتنە فەرهەنگیەکان دەست بەدەست دەچنە پێشەوەو بەڕێدەکرێن، بەڵام ئەم دەستاودەستکردنەی دەسەڵاتی کوردی کە دوای (١٨) ساڵ بەدەست یەکێتی‌و پارتییەوە دەیبینین لەڕاستیدا ئاوەژووکردنەوەی ئەو دیموکراسیزمەیە، کە خۆیان وتەنی باسی لێوەدەکەن، بەڵکو فەرمانڕەوایکردنێکی دەرەبەگایەتی‌و خێڵەکی کە بەدرێژای دەستکەوتەکانی ئەو ئەزموونەی کە هاتووەتەبوون هەموو سەروەریی‌و داهات‌و قودسیەتەکانی قۆرغکراوە لەلایەن دوو حیزبی دەسەڵاتدارەوە، (بەڵگەش بۆ سەلماندنی ئەم راستییە دەیان راپۆرتی رێکخراو رۆژنامەو گۆڤارە بەناوبانگە بیانییەکانن).

هەندێجار لێرەو لەوێ گوێبیستی وتافاتی وشک‌و بێبنەمای زۆرێک لەبەرپرسانی دوو حیزبی دەسەڵاتدار دەبین کە باس لەمەسەلەی دیموکراسی‌و چۆنێتی پەیڕەوکردنی ئەم چەمکە هەستیارە دەکەن لەکۆمەڵگەی کوردیدا گوایە ئەمانیش هەمان تەبع‌و هەمان ستایل‌و هەمان ئەزموونی ئازادییان هەیەو بگرە بەپێچەوانەوە هەندێکجار خۆشیان بەپێشەنگی زۆرێک لەکۆمەڵگەکانی ناوچەکە دیموکراسیتر نیشاندەدەن، بەڵام کێ لەئێمە بینیویەتی‌و بیستویەتی دەسەڵاتێک بەوچەشنە مومارەسەی رەهاترین دیموکراسی بکات، کەچی لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا دووحیزب لەڕیزی پێشەوەی کۆی هەموو قەوارەسیاسییەکانی دیکەدابن لەڕووی هێزو دارایی‌و تەنانەت لەڕووی (جەماوەریشەوە وەک خۆیان باسی لێوەدەکەن)، کەچی ئەم دوو حیزبە بەیەک لیست بەشداری لەهەڵبژاردندا بکەن؟! یاخود دەبوایە بەوپەڕی شانازیی‌و بێگوێدانە تەواوی حیزبە رکابەرەکانیان بەتەحەداوە بەدوو لیستی جوودا بهاتنایە مەیدانی هەڵبژاردن‌و هەریەک چاوەڕێی قورسایی جەماوەری خۆیان بکردایە؟

> **ئەم دەستاودەستکردنەی دەسەڵاتی کوردی کە دوای (١٨) ساڵ بەدەست یەکێتی‌و پارتییەوە دەیبینین لەڕاستیدا ئاوەژووکردنەوەی ئەو دیموکراسیزمەیە، کە خۆیان وتەنی باسی لێوەدەکەن، بەڵکو فەرمانڕەوایکردنێکی دەرەبەگایەتی‌و خێڵەکی کە بەدرێژای دەستکەوتەکانی ئەو ئەزموونەی کە هاتووەتەبوون هەموو سەروەریی‌و داهات‌و قودسیەتەکانی قۆرغکراوە لەلایەن دوو حیزبی دەسەڵاتدارەوە**

وەلێ ئەمجۆرە بەشداریکردنەی ئەمرۆی یەکێتی‌و پارتی بەیەک لیست ترسە لەهەڵبژاردن یان بانگەشەیەکی دیکەیە بۆ (هەڵبژاردنەوە)و دووبارە قۆرغکردنەوەی دەسەڵات؟.

دەسەڵاتێک لەماوەی (١٨) ساڵ حکومڕانیکردندا کاری بڵاوکردنەوەی سیستمی گێلکاری (دیماگۆجیەت) بێت بەناو کۆمەڵگەی کوردیدا هەرلەنەبوونی عەدالەتی سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی، نەبوونی شەفافیەت لەدابەشکردنی بودجەو بزربوونی داهاتی گومرگ‌و باج‌و خەراجەکانی هەرێم، ناشەفافی گرێبەستە نەوتیەکان، کۆی کۆبوونەوە نهێنییەکانی حیزب‌و حکومەت، سەفەرە دیبلۆماسی‌و سیاسییە نهێنییەکانی سەرۆک‌و سەرکردەو وەزیرو گوزیرەکان ،داڵدەدانی تاوانبارانی ئەنفال‌و بزرکردنی شەیتانەکانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو ئاوەژووکردنەوەی کۆی چەمکەکانی دیموکراسی، دروستکردنی پەرلەمانێک کە بەهەر (١١١) ئەندامەکەیەوە سوڵتەی لق‌و مەڵبەندێکی نەبێت‌و دەرچوونی زۆرینەی یاساکانی روو لەدەسەڵات‌و پشت لەجەماوەربێت، زاڵبوونی هەیمەنەی حیزب بەسەر هەستیارترین دەسەڵاتی کۆمەڵگەدا کە دەسەڵاتی دادوەرییەو رێگەگرتن لەسەربەخۆبوونی دادگاکان.

دەسەڵاتێک بانگەشەی کۆی چەمکەکانی دیموکراسیەت لەم هەرێمەدا بکات‌و ئەمرۆش وەک دەبینین کەوتۆتە بڕینی نان‌و مووچەو بژێوی هەموو ئەو کەسانەی کە هاوبیریان نین‌و بڕوایان بەلیستێک نەبێت کە دوای (١٨) ساڵ نەیتوانیبێت سەرەتاترین مافی ژیان بۆ تاکەکانی هەرێمەکەی دابین بکات‌و ئەمرۆش کەوتووەتە سواڵی دەنگ بۆ دووبارە گرتنەوە دەستی سوڵتەو دووبارەکردنەوەی هەمان قۆرغکارییی، ئایا ئەمە بانگەشەکردنە بۆ هەڵبژاردن یان (هەڵبژاردنەوە)؟!.

ئەمرۆ لەگەڵ هەمان ئەوحیزبەی کە رۆژانێک بوو هەموو ئازاری میللەتەکەیان لەچوارچێوەی بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆیاندا کۆکردبووەوەو بەهەزاران کوڕی کوردیان بۆ سەرمەستی شەوە سوورەکانیان کردە قوربانیی، بەڵام ئەمرۆ زەمینەیەک هاتووەتە پێش کە دەتوانن هەموو خەونەکانی گیرفانپڕکردنیان بێ یەکتر کوشتن‌و قڕکردنی یەکتری لەتەنیا شەوو رۆژێکدا بهێننەدی بەدابەشکردنی سەروەت‌و سامانی خەڵکی ئەم هەرێمەو خۆیان بەشیربرای یەکتر نیشاندەدەن‌و دەبێژن هاوپەیمانی‌و یەکڕیزی میللەتمان گەرەکە، ئایا ئەمە بانگەشەکردنە بۆهەڵبژاردن یان (هەڵبژاردنەوە)؟!.

Goran.dukani@yahoo.com

# حیزبی کوردیو پرۆسەی گۆڕان

جەمال حەمەڕەشید

گومانی تێدانیە بۆ رزگاربوون لەواقیعی چەقبەستووی سیاسی کوردستان، کە سالآنێکە خەڵکی ئەم وڵاتە پێوەی گیرۆدەن، خەڵک بەگشتی تینووی دەرکەوتنی هێزێکی ئۆپۆزسیۆن بوون کە هەندێک لەهیواو ئومێدیان بۆ بگەڕێنێتەوە، دیارە دروستکردنی لیستی سەربەخۆو هەڵگرتنی دروشمی گۆڕان لەلایەن نەوشیروان مستەفاوە لەگەڵ ئەوەشدا دەرکەوتنی لیستی چوارحیزبەکە کە سالآنێک خەڵک هیوای پێیان هەبوو ببوونایە بەدەنگی ئۆپۆزسیۆن بەتایبەتی ئیسلامیەکان،بەڵام ئێستا لەپاڵ لیستی گۆڕانەوە ئەوانیش وەک خۆیان دەڵێن دەیانەوێت لەبەرەی جەماوەرو ئەو دەنگانەدابن، کە داوای گۆڕان دەکەن، تاڕادەیەک تینوویەتی هەبوونی ئۆپۆزسیۆنی هەندێک لەخەڵکی شکاندووەو پەشیمانی کردوونەتەوە لەو بێهیواییەی کە هەیانبوو بەرامبەر پرۆسەی هەڵبژاردن، هەر بۆیە دەکرێت بڵێین خەڵک پێیوایە هەڵبژاردنی ئەمجارە جیاوازییەکی زۆری هەیە لەهەڵبژاردنەکانی پێشووتر، بەڵام ئەوەی کە جێی پرسیارە ئایا بوونی لیستێک یان چەند لیستێک بۆ هەڵبژاردن لەدەرەوەی لیستی پارتی‌و یەکێتی‌و پاشان بەدەستهێنانی ژمارەیەک لەکورسیەکانی پەرلەمان دەتوانێت گۆڕانێکی ئەوتۆ لەجۆرو چۆنێتی سیستمی فەرمانڕەوایی یان باشترکردنی ئەدای حکومەت ئەنجام بدات؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ناتوانین پێش رووداوەکان بکەوین‌و بە بەڵێ یان بەنەخێر وەڵام بدەینەوە، دەگونجێت وەڵامەکان رێژەیی بن بەبەڵێ یا نەخێر، ئەوەی دەمەوێت بیخەمە بەرچاوی خوێنەر ئەوەیە کە ئایا بە تەنیا دروستکردنی لیستی سەربەخۆ لەدەرەوەی لیستی دەسەڵات دەتوانێت لەئاست گەورەیی کێشەو گرفتەکانی خەڵک‌و ناڕەزاییەکان‌و پێویستیەکانی ئەم قۆناغەدا بێت بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی گۆڕان؟ یان ئایا هەوڵەکانی نەوشیروان مستەفا لەپرۆسەی گۆڕاندا تا سنووری دروستکردنی لیستی سەربەخۆو پاشان بینینی رۆڵی ئۆپۆزسیۆن لەپەرلەماندا بڕدەکات؟ پێموایە هەرگیز دروستکردنی ئەم لیستانەی دەرەوەی دەسەڵات بە تەنیا ناتوانن هەڵگرو وەدیهێنەری خەونی گۆڕان بن لەماوەدایەکی نزیکدا، ئەگەرچی بێگومان دەتوانن کاریگەریان هەبێت بەسەر دەسەڵاتەوەو تاڕادەیەک ناچاری جۆرێک لەبەخۆداچوونەوەی بکەن، بۆ ئەم خولەی داهاتووی پەرلەمان رۆڵی کاریگەریان دەبێت بەسەر دەزگای تەشریعی هەرێمی کوردستانەوە، بەڵام خەون‌و ویستی گۆڕان‌و ئاستەنگە قورسەکانی بەردەمی، پێویستی بەدروستکردنی حیزبی نوێ هەیە کە بەڕاستی هەڵگری غەمەکانی خەڵک بێت‌و بزاوت‌و رێکخەرو پێشڕەوی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک بێت بەشێوەیەکی مۆدێرن، جیاواز بێت لەحیزب‌و پارتە تەقلیدییەکانی ئێستای کوردستان، جیاوازبێت لەناوەڕۆک‌و دنیابینیدا، جیاواز بێت لەفۆرم‌و پێکهاتەو هەیکەلیدا، بەشێوەیەک بگونجێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئێستای کوردستان‌و هەڵگری بەرنامەی چاکسازیی باری شێواوی ئێستابێت، بۆ ئەزموونی حکومڕانی کوردستان دروستکرابێت نەک وەک ئەو حیزبانەی سەردەمی شاخ‌و خەباتی پارتیزانی کە لەسەر شێوازی حیزبە چەپە مارکسییەکان دروستکراون‌و ئەم شێوازەش بۆ ئەزموونی حکومڕانی‌و دەوڵەتداری ناگونجێت. گەورەترین بەڵگەش ئەوەیە کە ئەم حیزبانە ماوەی هەژدە ساڵە نەیانتوانی ئەزمونێکی جوانی حوکمڕانی پێشکەش بکەن‌و خزمەتێکی بەرچاویش بەمیللەت‌و کێشە ڕەواکەی بکەن، ئەم حیزبانەی کوردستان کە هەیکەلی رێکخستنیان لەمەکتەب سیاسیەوە تا سەرکردایەتی‌و ئۆرگانەکانی خوارەوە شۆڕدەبێتەوە، گەورەترین رێگرن لەبەرهەمهێنان‌و دابینکردنی کەسی شیاو بۆشوێنی شیاو، چونکە دیاریکردنی ئەم کەسانە بۆ پۆستەکانی حکومەت زۆربەی کات بە پێوەری بەرزی ئاستی حیزبی یان دڵسۆزیان بۆ حیزب یان رادەی گوێڕایەڵیان بۆ سەرەوەی خۆیان دیاریدەکرێت نەک لێهاتوویی‌و شیاوی کەسەکان، لای حیزبەکانی کوردستان پۆستەکانی وەک ئەندامی پەرلەمان‌و پۆستە گرنگەکانی دیکەی حکومەت وەک پاداشت دەدرێت بەتیکۆشەرەکانی سالآنی خەباتی حیزبایەتی یان بەکەسە نزیکەکانی لێپرسراوانی حیزبی، بەچاوپۆشی لەوەی کە کەسی دیاریکراو بۆ ئەو شوێنە دەشێت یان نا، هەروەها لەبەرچاونەگرتنی ئەوەی کە ئەو پۆستانە موڵکی خەڵکن بە گشتی و چارەنووس‌و خزمەتی خەڵکی پێوەبەندە، لەکوردستاندا ئەگەر کەسێک لەئاستی سەرکردایەتی یان مەکتەب سیاسی یان پشتگیری یەکێک لەم دووانەی نەبێت ناتوانێت ببێتە ئەندامی پەرلەمان یان وەزیر یان پۆستێکی باڵای حکومی، تەنانەت کار گەیشتووەتە ئەوەی بەرپرسی فەرمانگەیەکی ئاسایی یان سەرۆک بەشێک لەفەرمانگەیەکدا بەبێ تەزکیەی حیزب دانانرێت،هەرکەسێکیش ئاگاداری حزبایەتیکردن بێت لەکوردستاندا دەزانێت گەیشتن بە سەرکردایەتی یان مەکتەب سیاسی حیزبەکان ئاسان نییەو زیاتر تاپۆیە بۆ جیلەکانی یەکەم‌و دامەزرێنەران‌و پیرەکان، بۆ سەرکەوتنیش بەپلەکانی بەرپرسیاری حیزبی کوردیدا ئەوەندەی گوێڕایەڵی‌و بەلێکردن‌و دەروێشی رەچاو دەکرێت نیو ئەوەندە لێهاتویی‌و کەفائەت حسابی بۆناکرێت، گەیشتن بەو پلە بەرزانەی حیزبایەتی لەکوردستاندا سالآنێکی زۆر لەتەمەن‌و خەباتی دەوێت‌و زۆرجاریش خەبات‌و تەمەن بەتەنیا بەس نییەو لەهەمووی گرنگتر تاچەندێک لەلایەن کەسی یەکەمی حیزبەوە پشتگیریت لێدەکرێت‌و تاچەندێک سەربازێکی گوێڕایەڵی ئەوی، یان بەلایەنی کەمەوە دەبێت جیاوازی بیرو بۆچوونت نەبێت لەگەڵیدا یان سەر بەو خەتەبیت، کە ئەو رابەرایەتی دەکات، ئەمە جگە لەوەی کە زۆرجار مەکتەب سیاسی‌و سەرکردایەتی حیزبەکان تەنیا رووکەشەو بڕیارە گرنگەکان لەدەست کەسی یەکەمی حیزبەکاندایە، ئەوەی زانراویشە مەرج نییە کەسە دڵسۆزو لێهاتووەکانی میللەت‌و خاک‌و نیشتمان، هەموو کات کەسە دڵسۆزو لێهاتووەکانی ناو حیزبەکان بن، هەربۆیە ئەم شێوازی حیزبایەتی کردنەی کوردستان شێوازێکی هەڵەیەو هەرگیز ناتوانرێت حکومەتداریەکی سەرکەوتووی لێبکەوێتەوە. لێرەدا جەماوەری کوردستان مافی خۆیانە بپرسن کە ئایا کێ دەتوانێت گۆڕانێک بەسەر پرۆسەی حیزبایەتی کوردستاندا بهێنێت‌و لەوێشەوە بەرەو گۆڕانی پرۆسەی حکومڕانی هەنگاو بنێت.

Jamal١٩٧٤_hm@yahoo.com

خەڵک
رۆژنامە
٨ لاپەڕە
xalk.rozhnama@gmail.com
یەکشەممە 2009/6/14
ژمـارە (489)

**سەندیکاو حکومەت چاو بە عیادەی لاکۆلانەکاندا دەخشێننەوە**

ل ٢

**مووچەی کەمئەندامان و نابینایان و شتی تریش...**

ل ٣



## سەرباری تەرخانکردن و سەرفکردنی بودجەیەکی زۆر

# چەندین ناوچەی کوردستان لە خزمەتگوزاریی تەندروستی بێبەشن


ل ٣

# گەڕەکێک تەنیا هەوای هەیە

ل ٤

## ٨٣ گوندی سنوورەکە کێشەی ئاویان هەیە

# کۆیە ترسی وشکەساڵیی هەیە



ل ٥

## سوعاد ئیسماعیل:

# ئەنجومەنی پارێزگا ٩٥٪ی پرۆژەکانی وەزارەتی شارەوانی جێبەجێکردووە



ل ٧

www.netewe.com

## پزیشکو کارمەندیان نییە

# چەندین ناوچەی کوردستان لەخزمەتگوزاریی تەندروستی بێبەشن

شارا عەبدولڕەحمان

**چەندین نەخۆشخانەو بنکەی تەندروستی لەهەرێمی کوردستاندا داخـراونو سودیان بۆ دانیشتووانی ناوچەکانیان نییە، ئەوە لەکاتێکدایە کە زۆرێک لەدانیشتووانی ئەو ناوچانە بەدەست کێشەو کەموکوڕیی کەرتی تەندروستییەوە گرفتارنو ناچارن بۆ چارەسەر روو لەناوچەکانی دیکە بکەن.**

بەپێی ئەوزانیارییانەی لەبەڕێوەبەرێتی گشتی تەندروستی سلێمانیەوە دەست رۆژنامە کەوتوون، لەهەرسێ قەزای (چەمچەماڵ، شارباژێڕ، پێنجوێن)، (١٣) بنکەی تەندروستی بەهۆی نەبوونی پزیشکو کارمەندی پێویستەوە داخراون یان لەدوای دروستکردنیانەوە نەکراونەتەوەو سودیان لێوەرنەگیراوە، ئەوەش لەکاتێکدایە کە ساڵانە سەدان خوێندکار کۆلێجو بەشەکانی پزیشکی زانکۆو پەیمانگاکان تەواو دەکەن.

د. ڕێکەوت حەمەڕەشید، بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی بەوەکالەت، نکۆڵی لەداخستنی ئەو نەخۆشخانەو بنکە تەندروستیانە نەکردوو هۆکارەکەی بـۆ کەمیی ژمـــارەی ئـەو پزیشکو کارمەندە تەندروستیانە گـەڕاندەوە کە لەسنووری سلێمانیدا دامــەزراون، وتیشی: «ئێستا بۆ چـارەسـەری ئەو کێشانەو بەگەڕخستنەوەی بنکەکان ناوی (٧٠٤) کەسمان ناردووە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیـــران بەمەبەستی دامەزراندنیانو بەمزوانە دادەمەزرێنو زۆربەی ئەو کەسانەش کە گرێبەستیان لەگەڵدا کراوە دادەمەزرێن».

لەگەڵ ئەوەشدا د. ڕێکەوت ئەوەی خستەڕوو کە لەسنووری پارێزگای سلێمانی تەنیا (١٣) نەخۆشخانەو بنکەی تەندروستی هەیە کە بەهۆی نەبوونی پزیشکو کارمەندەوە داخراونو ئەوەی رەتکردەوە کە (١٥) بنکەی تەندروستی تەنیا لەسنووری چەمچەماڵدا داخرابێتنو ئەو زانیاریانەی بەهەڵە لەقەڵەمدا، بەڵام ئەو وتانەی بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی لەکاتێکدایە کە نازەنین عوسمان بەڕێوەبەری راگەیاندنی تەندروستی چەمچەماڵ لەلێدوانێکی پێشتریدا ئەوەی بە (رۆژنامە) راگەیاندبوو: کە «تەنیا لەسنووری قەزای چەمچەماڵدا (١٥) بنکەی تەندروستی بەهۆی نەبوونی پزیشکو کارمەندەوە داخــراون، بەوهۆیەشەوە کێشە بۆ دانیشتووانی ئەو ناوچانە دروستبووە کە بنکە تەندروستیەکانیان داخراون».

داخرانی بنکەکانی تەندروستی تەنیا لەسنووری پارێزگای سلێمانیدا نییەو لەسنووری پارێزگای هەولێریش هەمان گرفت هەیە، کە کێشەی بۆ هاوڵاتییان دروستکردووە.

بەشێوەیەک کە تەنیا لەسنووری بەڕێوەبەرێتی گشتی تەندروستی کۆیە، بەهۆی نەبوونی کارمەندو پزیشکی پێویستەوە (١٠) بنکەی تەندروستی داخــراونو (٦) بنکەو نەخۆشخانەی دیکەش کەبیناکانیان تەوابووە تائێستا نەکراونەتەوە.

ئـــارام رۆســـتــەم، بـەڕێـوەبـەری گشتیی تەندروستی کۆیە، لە لێدوانێک پێشووتریدا ئەو زانیاریانەی بۆ رۆژنامە پشتڕاستکردەوەو رایگەیاند: هۆکاری نەبوونی پزیشکو کارمەندی تەندروستی لەو بنکەو نەخۆشخانانەدا دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ئەوان لەڕووی ئیدارییەوە سەر بەهەولێرنو لـەڕووی داراییەوە سەر بەسلێمانین، «ئەمەش کێشەی بۆ دروستکردووین بـەوەی کە هەولێر پزیشکمان بۆ نانێرنو سلێمانیش بەکەمی هاوکاریمان دەکەن».


نەخۆشخانەیەکی سنووری کۆیە کە تا ئێستا نەکراوەتەوە

# مووچەی کەمئەندامانو نابینایانو شتی تریش...

ئاسۆ جەبار



کـەمـئـەنـدامـانو نابینایانی کـوردسـتـان لــەلایــەن حـکـومـەتـەوە دەچەوسێنرێنەوە، بڕینی مووچەی کەمئەندامانو نەبوونی بیناو دەزگـای فەرهەنگیو رۆشنبیریو نـەبـوونـی پـێـداویـسـتـی گونجاو بۆ کەمئەندامانو نابینایان پێکڕا بەپێی ستانداردە نێودەوڵتییەکانی خزمەتکردنی کەمئەندامان وەک کارگەلێگی نائینسانیو ناشارستانیو نائەخلاقی حسابی بۆ دەکرێت.

سەرجەم مووچەی کەمئەندامان کۆبکەیتەوە ناگاتە بەرپێی مووچەی ئەندام پەرلەمانو وەزیـرەکـان، مووچەی ساڵێکی سەرجەم کەمئەندامان بەقەدەر مووچەی مانگێکی مەسعود بارزانیو جەلال تاڵەبانی نییە.

ئەم پەیامە بێجگە لەخەمێکی گەورەو هاوبەش هیچی دیکە نییە، پشتیوانیکردنو بەرگریکردن لەمافە رەواکانی نابینایانو کەمئەندامانی نیشتمان هیچی تێناچێت، ئیشێکە هێندە قورس نییە، ئێمە کۆڵیان بۆ ناکێشین، کەس لەسەر ئەم بەرگریکردنە ئینساندۆستانەو ژیاندۆستانەیە ناکوژرێتو زیندانی ناکرێت، کارێکی هێندە قورس نییە بۆچەند ساتێک وەک نابینایەک بیربکەینەوەو بژینو وەک کەمئەندامێکی دڵ پڕ لەهیوا بیربکەینەوەو داواکاریمان هەبێت.

کاری ئێمە تەنیا قسەکردن نییە لەمەسەلە ستراتیژیو نەتەوەییو دیموکراسیو گەندەڵیو سیاسەتو حکومڕانیو هەڵبژاردنو ئەم چەمکە گەورانە، وەک چۆن کاری ئێمە وەک نووسەرو رۆژنامەنووسو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو مافی مرۆڤو میدیا تەنیا نووسینو بڵاوکردنەوەو وۆرکشۆپو سیمینارو کۆڕو کۆبوونەوە نییە، بەڵکو بەر لەهەرشتێک کاری ئێمە بەرگریکردنێکی کردارییە لەئینساندۆستیو ژیاندۆستی.

نابینایانو کەمئەندامانی کوردستان تائەوڕۆ کە گەورەترین غەدریان لێکراوە لەڕووی ئابووریو فەرهەنگیو کۆمەڵایەتیو بژێوی ژیانەوە، هەر بۆ نموونە مووچەی پەرلەمانتارێک زیاد لە (٦) ملیۆن دینارەو مووچەی نابینایەک (٣٠) هـەزار دینارە کە نایدەنێ ئێستاو بەشی هیچ شتێکی ناکات، ئەو ناعەدالەتییەی بەرامبەر مووچەو بژێوی ژیانی نابینایانو کەمئەندام دەکرێت لەدنیادا بێوێنەو دانسقەیە.

لـەبـەرئـەوە مـن وەک ئـاسـۆ جـەبـار داواکـارم لەنووسەرانو رۆژنامەنووسانو رێکخراوەکانی مافی مـرۆڤو فیدراسیۆنی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو میدیاکان پێکڕا هەموو لایەک پشتیوانو بەرگریکارێکی راستەقینەبین لەمافو داواکارییەکانی نابینایانو کەمئەندامانو هەڵمەتێکی جدیو ئینساندۆستانە بکەین لەپێناو داواکارییەکانیاندا.

## «لەمەودوا فشارێکی تەواو دەکرێت بۆئەوەی هەرکەسەو کاری خۆی بکات»

# سەندیکاو حکومەت چاو بە عیادەی لاکۆڵانەکاندا دەخشێننەوە

هێمن محەمەد
ئارام شێخ وەسانی



**تائێستا حکومەتی هەرێم بەرنامەیەکی رێکخراوی تەندروستو مۆدێرنی نییە بۆ رێکخستنەوەی ئەو عیادانەی لە کۆڵانەکانو گەڕەکەکانی کوردستاندا هەنو زۆریی ژمارەکانیان کردونیەتە دیاردە، ئەوە لەکاتێکدایە کە بە بۆچوونی شارەزایانی بواری تەندروستی، بەشێکی زۆری ئەو عیادانە «تەندروست نینو وێڕای بچووکیی شوێنەکەیانو نەبوونی پێداویستی تایبەت، دەرمانی بەسەرچووش دەفرۆشن».**

هەندێک چاودێری تەندروستی ئاماژە بەوەدەکەن کە نەبوونی ئامێری ساردکەرەوە لە عیادەی کۆڵانەکاندا، هۆکارێکی سەرەکی نەمانی کاریگەریی ئەو دەرمانانەیە کە دەیفرۆشن، جگە لەوەی زۆرێکیان مۆڵەتو بڕوانامەی پزیشکیان نییە یان هەڵیانناوەسیوە، ئەو کەموکوڕیانەش ئەگەری مەترسیان هەیە، بۆ چارەسەری ئەو کێشانەش سەندیکای کارمەندانی پیشەیی تەندروستی کوردستان بە هاوکاریی وەزارەتی تەندروستی، هەوڵی رێکخستنەوەی ئەو عیادانە دەدات.

هاوار حەسەن، کارگێڕی لقی هەولێری سەندیکای کارمەندانی پێشەیی کوردستان، باسی لەوەکرد کە لەماوەی ساڵی رابردوودا مۆڵەتیان بە (٢٠٥) کارمەندی تەندروستی داوە بۆ کردنەوەی عیادە، «بەڵام ئەو عیادانانەی سەردانی ئێمەیان کردووە گەیشتووەتە (٣٨٠) عیادە، هەرچەندە رێژەکە زۆر لەوە زیاترە بەتایبەت ئەگەر دەوروبەری شارەکان هەژماربکرێن».

هاوار پیشبینی دەکات کە دوای تەواوبوونی پێدانی مۆڵەت، لیژنەیەک پێکبهێنرێت بۆ سەرپەرشتیکردنو چاودێریکردنی عیادەکانو وتی: «دواتر ئەوەی سەرپێچی بکات، مۆڵەتەکەی لێوەردەگیرێتەوە، چونکە پێویستە ئەو کارمەندانەی تەندروستی کە عیادە دەکەنەوە، لە چوارچێوەی پیشەکەی خۆیانداو بە رێنمایی وەزارەتی تەندروستی کاربکەن». ئەوەشی خستەڕوو کە دەیانەوێت ژمارەو شێوازی کارکردنی ئەو عیادانە بەشێوەیەک رێکبخەن کە لەگەڵ سیمای شاردا بگونجێنو بەپێی مەرجە تەندروستییەکانیش کاربکەن.

بەپێی مەرجەکانی تەندروستی نابێت هیچکام لەو دوکانانەی دەکرێنە عیادە لە (٣ بۆ ٤م) کەمتر بنو پێویستە بە بەرزیی (١,٥م) دیوارەکەی کاشی بێتو ئامێری ساردکەرەوەو دەستشۆرو تەختی نەخۆشی تێدابێت.

بەرپرسەکەی سەندیکای پیشەیی تەندروستی، ئەوەی خستەڕوو کە لیژنە پێکهاتووە بۆ چەسپاندنی مەرجەکانو وتی: «ئەگەر مەرجەکان جێبەجێکرابوون، ئینجا مۆڵەتیان پێدەدەین، بەردەوام خاوەنی ئەو عیادانەش سەردانمان دەکەن بۆ پێدانی مۆڵەت، بەڵام ئەو کەسەی مەرجەکانی تێدانەبێت، بەهیچ جۆرێک مۆڵەتی پێنادرێتو لەمەودوا فشارێکی تەواو دەکرێت بۆئەوەی هەرکەسەو کاری خۆی بکات، کارەکانی ئێمەش بەپێی رێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستییەو هەموولایەک کۆکن لەسەر ئەوەی عیادەی لاکۆڵانەکان رێک بخرێنەوە»، بەڵام بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری تەندروستی بۆچوونێکی جیاوازی هەیەو بوونی ئەو عیادانە لە کۆڵانەکاندا بەشێوەی هەڕەمەکی، بە تەندروست نازانێت.


د.جەمیل عەلی، بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری تەندروستی لە لێدوانێکدا، بۆ رۆژنامە وتی: ئەگەر ئێمە وەک عیادە باسیان بکەین، چونکە پێی دەڵێن عیادەی پزیشکیو دەبێت تەنیا پزیشک بێتو دەرچووی کۆلێژی پزیشکی بێت، بەڵام ئەوانەی کە باسی لێوەدەکرێت لەدەرەوەی عیادە پزیشکییەکان، ئەوا دەتوانین رێکیان بخەین، بەڵام ناتوانین رێگا بە هەموویان بدەین.

ئەوەشی خستەڕوو کە دەتوانن ئاسانکاریی بکەن بۆ کردنەوەی ئەو عیادانە لەو شوێنانەی کە پزیشکی تێدانییە یان دوورەدەستو هەژارنشینن، «بەمەرجێک ئەوانەی یاریدەدەری پزیشک بنو هەندێک چارەسەری سەرەتایی کە پێویستی بە رەچەتەی پزیشک نییە، بۆ نموونە پێداویستی وەک لەفاف یان حەبی پاراسیتۆڵو ئەو دەرمانە سەرەتاییانەو تەداوی بکەن»، وتیشی: «وەزارەتی تەندروستی لاریی نییە بۆ پێدانی ئەوجۆرە مۆڵەتانە، بەڵام ئەگەر کردنەوەی عیادە بێت لە شەقامە گشتییەکانو شوێنی ئاشکرادا، ئەوە تەنیا بۆ دەرچووانی کۆلێژی پزیشکی رێگاپێدراوەو ئەو کەسانەش کە دەرمان دەفرۆشن، چونکە ئەوانەی دەرمان دەفرۆشن دەبێت دەرچووی کۆلێژی دەرمانسازیی بنو ساردکەرەوەیان هەبێتو لەسەر رێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی کاربکەن».

لەگەڵ بوونی ئەو کێشەو کەموکوڕیانەدا، بەڵام بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری تەندروستی پێیوایە لەم بارودۆخەدا ئاسان نییە هەموو ئەو عیادانە دابخەن، بەڵام «بۆ کۆنترۆڵکردنیان، پێویستە رێک بخرێن».

رەخنەگرتن لە عیادەی کۆڵانەکان لەکاتێکدایە کە بەشێک لە هاوڵاتییان ئاماژە بە گرنگیو پێویستی بوونیان دەکەن، بەوپێیەی دەتوانن چارەسەرو فریاگوزاریی خێرا پێشکەش بە دانیشتووانی ئەو گەڕەکانە بکەن.

ئەحمەد عەبدوڵڵا، هاوڵاتییەکی دانیشتووی شاری هەولێرە، پێیوایە لابردنی عیادەی کۆڵانەکان کارێکی باش نییەو دەڵێت: «ئەو عیادانە یاریدەدەرێکی گەورەن بۆ هەندێک حاڵەتی نەخۆشیی ئاسایی، خەڵک هەمووکات ناتوانێت سەردانی نەخۆشخانەکان بکاتو بۆ تەداویو دەرزیو سەرئێشەیەک بڕۆنە نەخۆشخانەیەکی گەورە، بەڵام دەکرێت لە بەرژەوەندیی هاوڵاتییاندا پەرەیان پێبدرێتو زیاتر چاودێریی بکرێن».



## ٨٣ گوندی سنوورەکە کێشەی ئاویان هەیە

# کۆیە ترسی وشکەساڵیی هەیە

ئاری سابیر

**لە گەڵ هاتنی وەرزی گەرماو هاویندا کێشەی کەمئاویی ڕوودەکاتە سنووری قەزای کۆیە ئەوەیش بەهۆی کەمیی ڕێژەی بارانبارینەوە لە سنوورەکەدا، هاوڵاتییانو دانیشتووانی ئەو سنوورەو گوندەکانی دەوروبەریشی داوا لە ئیدارەی کۆیە دەکەن ئاویان بۆ دابینبکرێت، لێپرسراوی فەرمانگەی ئاوی گوندەکانیش لە کۆیە نکۆڵی لە کێشەی کەمئاویی ناکات لە سنوورەکەیانداو دەڵێت: « لە کۆی (١٥٧) گوند (٨٣) گوند کێشەی کەمئاوییان هەیەو داوای (١) ملیارو (٥٠٠) ملیۆن دینارمان کردووە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە».**

جومعە قادر (١٩ ساڵ)، دانیشتووی گوندی ئۆمبەرگومەتی سەر بە قەزای کۆیە، باسی لەوەکرد کە بەهۆی نەبوونی ئاوی خواردنەوەوە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا دەیان خێزانی سنوورەکە گوندەکەیان بەجێهێشتووە، وتیشی: «ئەو گوندەی ئێمە یەکێک بووە لە گوندە گەورەکانی سنووری قەزای کۆیە، کە لەدوای ڕاپەڕینەوە زیاتر لە (١٠٠) خێزانی بۆ گەڕاوەتەوە، بەڵام دوای ئەو ماوەیەو بەهۆی نەبوونو کەمئاوییو پرۆژەی خزمەتگوزارییەوە، زۆربەی ماڵەکان ڕوویان لە شارو شارۆچکەکانکردەوەو دووبارە گوندەکە بەرەو چۆڵبوون دەچێت».

جومعە ئەوەشی خستەڕوو کە ئەگەر گوندەکەی ئەوان ئاوی لە شوێنێکی دیکەوە بۆ ڕانەکێشرێت، ناتوانرێت کێشەی بێئاوییەکەیان چارەسەربکرێت کە ئێستا بە تانکەر ئاویان بۆ دابیندەکرێت، وتیشی: «ناتوانرێت بەوشێوەیە کێشەی بێئاویی گوندەکەمان چارەسەر بکرێت، پێویستە حکومەت پرۆژەیەکی ئاو بۆ ئەو گوندە ڕابکێشێت، ئەگەر نا، ناچاردەبین ئێمەش چۆڵی بکەین».

دوو ساڵە وشکەساڵیی هەرێمی کوردستانی گرتووتەوە، بەوهۆیەشەوە زۆربەی هاوڵاتییانی گوندەکان، مەڕو ماڵاتەکانیان فرۆشتووەو وازیان لە کاری کشتوکاڵییو ئاژەڵدارییی هێناوە، لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا زیاتر لە دوو هەزار خێزان لەو گوندانەوە بەرەو شارو شارۆچکەکان کۆچیان کردووە.


بەوتەی بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی بەنداوەکانو ئاوی سەرزەویی کۆیە، ڕێژەی بارانبارین لە سنووری قەزای کۆیەدا ئەمساڵ (٢٥٠ملم) بووە، ئەمەش نیوەی ئەو بارانەیە کە پێویستبوو لە سنوورەکە بباریایە.

دەریا محەمەد، دانیشتووی گوندی باغەجنێر کە ئێستا گەورەترین گوندی ناحیەی تەقتەقە، ئاماژە بەوەدەکات کە لەگەڵ ئەوەی ژمارەی دانیشتووانی گوندەکەیان زۆرە، بەڵام تائێستا پرۆژەی ئاوی نییە، وتی: «حکومەت بە تانکەر ئاومان بۆ دابیندەکات، بەوهۆیەشەوە زۆربەی کات بێئاو دەبین، چارەسەرنەکردنی کێشەی کەمئاویی لە گوندەکەشماندا بووەتە هۆی ئەوەی چەندین خێزان بەرەو شار کۆچ بکەن، جگە لەوەی زۆربەی دانیشتووانەکەی مەڕو ماڵاتەکانیان فرۆشتووەو وازیان لە کاری کشتوکاڵییو ئاژەڵداریی هێناوەو بێکاربوون»، دەریا لە فەرمانگەکەی ئاوی کۆیە لەو بڕوایەدایە کە ئەگەر پرۆژەیەکی ئاویان هەبوایە، خەڵکی گوندەکەیان بەرەو شار کۆچیان نەدەکردو وازیان لە کشتوکاڵو بەخێوکردنی ماڵات نەدەهێنا.

محەمەد فەقێ، لێپرسراوی فەرمانگەی ئاوی گوندەکان، ئاماژەی بەوەکرد کە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی وشکەساڵیی داوایان لەسەروو خۆیان کردووە کە ئەمساڵ بڕی (١) ملیارو (٥٠٠) ملیۆن دیناریان بۆ تەرخانبکرێت، وتی: «تائێستا لەکۆی (١٥٧) گوندی سنووری قەزای کۆیە، (٨٣) گوندیان کێشەی کەمئاوییان هەیەو پێویستیان بە ئاوی خواردنەوەو ئاژەڵداریی هەیە». بەبۆچوونی لێپرسراوی فەرمانگەی ئاوی گوندەکان، ڕەنگە لە داهاتوودا ئەو ڕێژەیەش زیادبکات، بۆ ئەم مەبەستەش ماوەیەک لەمەوبەر داوایەکیان پێشکەشی سەرووی خۆیان کردووە بۆ کڕینی تانکەر، ئێستا ڕەزامەندیی لەسەر کڕینی (٥) تانکەر دراوە بۆ دابینکردنی ئاو بۆ ئەو گوندانە، باسی لەوەشکرد کە بەنیازن کێشەی بەشێکیشیان لە ڕێگای ڕاکێشانی تۆڕی ئاو لە زێی بچووکەوە چارەسەربکەن.

محەمەد فەقێ وتیش: «لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا چەند بیرێکی ئیرتیوازیی لە ڕێگای بەڕێوەبەرێتی ئاودێریو بەنداوەکانەوە لە سنووری کۆیە لێدراوەو دراوەتەوە ئێمە، توانیومانە کێشەی چەند گوندێک چارەسەربکەین، لەگەڵ ڕیکخراوی خاچی سووریشدا بەرنامەمان هەیە لە داهاتوودا چەند بیرێکی ئیرتیوازیی بۆ گوندەکانی ئۆمبەرگومەتو باغەجنێرو چەند گوندێکی دیکە لێبدەین لە داهاتوودا».





گوندێکی سنوری کۆیە

## خانووەکانی کەسوکاری شەهیدان

# ئەو گەڕەکەی تەنیا هەوای هەیە

هاوکار محەمەد

**هــەرچــەنــدە خــەونــی دروستکردنی خانوو بۆ کەسوکاری شەهیدانی کیمیاباران، دوای بەڵێنی چەند ساڵەیی بووە ڕاست، بـەڵام نـەبـووە هـۆی دڵخۆشیی کـەسـوکـاری شـەهـیـدەکـانو زۆرێکیان تائێستا لێی سوودمەند نەبوونو کرێچین، ئەوەش بەهۆی نەبوونی ئـاوو ئـاوەڕۆو کارەباو ڕێگاو نەخۆشخانەو قوتابخانەوە، جگە لەوەی بەشێک لە دیواری خانووەکان لەئێستاوە تەقیون.**

### هاوڵاتییان پارەیان خستووەتە سەر

گەڕەکی شەهیدانی کیمیاباران یەکێکە لە گـەڕەکـە نوێیەکانی هەڵەبجە کـە لـە (٥٠٠) یەکەی نیشتەجێبوون پێکهاتووە، لەسەر بڕیاری جێگری پێشووی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانو بەبڕی (١٧) ملیار دینار بۆ ئەو خێزانانە دروستکراون کە خاوەنی دوو شەهید یان زیاترن.

بـەڵام هـەنـدێـک لـە خـاوەن خانووەکان ئاماژە بـەوەدەکـەن کـە بـەهـۆی زۆریـی تێچوونی خانووەکانو کەموکوڕییەکانەوە، هەندێکیان بەناچاریی خانووەکانیان بەنرخێکی کەمتر فرۆشتووەو بەشێکیشیان خانووەکانیان داوە بـەکـرێو خۆیان لە ناوچەکانی دیکەدا لە خانووی کرێدان.

فەخرەدین حەمەسەلیم، خاوەنی (٥)شەهیدی کیمیابارانی هەڵەبجەیەو یەکێکە لە خاوەن خانووەکان، باسی لەوەکرد کە خانووەکانیان لەسەر بـودجـەی حکومەتو بەشێوەی خـۆکـرد دروسـتـیـان کـردووە، حکومەت (١٦) هەزار دۆلاری بۆ هەر خێزانێک دابینکردووە، پێیوایە ئەو بڕە پارەیەش کەمبووەو وتی: «ئەوانەی لەم گەڕەکەدا خانوویان دروستکردووە، هەریەکەیان نزیکەی (١٠) هـەزار دۆلار قەرزاربوون، هەندێکیشیان بەهۆی نەبوونی پـارەوە تائێستاش نەیانتوانیوە خانووەکانیان تەواوبکەن».

### خانووی بێ خزمەت

دانیشتووانی گەڕەکی شەهیدان ئاماژە بە چەندین گرفت دەکەن کە بوونەتە ڕێگر لە سوودمەندبوونیان لە خانووەکان، کە ئەوانەش نەبوونی کارەبا، ئاوو ئـاوەڕۆ، هێڵی پاس، قوتابخانە، بنکەی تەندروستی، یـەکـەی پـۆلـیـسو هـەنـدێـک خزمەتگوزاریی پێویستی دیکەیە.

هـەروەک فەخرەدین باسی لە گلەیی دانیشتووانی گەڕەکەکەو خاوەن شەهیدەکان کرد، بەوپێیەی کە گەڕەکەکەیان چەند گرفتێکی دیکەی وەک ئاوەڕۆو شەقامو ڕێگاوبانی هەیە، بە پێویستیشیزانی کە «پێش دروستکردنی خانووەکان حکومەتی هەرێم ئەو پرۆژە خزمەتگوزاریانەی جێبەجێبکردایە، چونکە تائێستاش شەقامو کۆڵانەکانمان بەکەڵکی هاتوچۆکردن نایەنو پرۆژەی ئاوی خـواردنـەوەی ناوچەکەش بەپێی پێویستی هاوڵاتییان نییە، پێویستە کاری باشتربکرێت بۆ دابینکردنی ئاوی خواردنەوەی هاوڵاتییان».

خدر کەریم، سەرۆکی شارەوانیی هەڵەبجە، نکۆڵی لە کەموکوڕییەکانی گـەڕەکـەکـە نـەکـردو وتـی: «لە بەرنامەکانی ئەمساڵی پرۆژەکانی حکومەت لە ناوچەکەدا، گرنگی بە گەڕەکی شەهیدان دەدرێتو ئێستا سەرقاڵی تۆمارکردنی دەرخستەو تەواوکردنی کاروبارە هونەرییو یاساییەکانی پرۆژەکانی ناوچەکەین، لەماوەی مانگی داهاتوودا پرۆژەی شۆستەو قیرتاوکردنی تـەواوی کـۆڵانـەکـانـی ئـەو گـەڕەکـە بە ڕووبەری (٨) هەزار مەتر لەسەر شـێـوازو دیزاینێکی هـاوچـەرخ جێبەجێدەکرێت».

ئاماژەی بەوەشکرد کە جگە لـەوە هێڵی تەلەفۆن دەگەیەننە سـەرجـەم مـاڵـەکـانو پـرۆژەی ئاوی خواردنەوەو جێبەجێکردنی ئـاوەڕۆی سندوقی بۆ تـەواوی کۆڵانەکانی ناوچەکە بەدرێژیی (٨) کیلۆمەترو گەیاندنی کارەبای نیشتمانیی ناوچەکە جێبەجێدەکەن، وتیشی: «لەپاڵ جێبەجێکردنی ئەو پرۆژە سەرەکیانەدا، گرنگی بەبواری باخچەو سەوزکردنی ئەو گەڕەکە دەدرێتو لە چوارچێوەی بەرنامەی ئـاوەدانـکـردنـەوەی ناوچەکەدا پـرۆژەی (٧) باخچەی نموونەیی لەو گـەڕەکـەدا جێبەجێدەکرێت، لەبەردەم هەر ماڵێکدا بە ئەندازەی ژمـارەی شەهیدەکانی ئەو ماڵە نەمام دەنێژینو ناوی شەهیدەکان بە دیزانێکی هـاوچـەرخ لەسەر نەمامەکان دەنووسین».

ئـەو وتـانـە لەکاتێکدایە کە هـەرچـەنـدە دەیـان خـێـزان لە خانووەکانی گەڕەکی شەهیداندا نیشتەجێبوون، بـەڵام تائێستا کارەبای نیشتمانیی نەگەیەنراوە بـەو گەڕەکە کە ئـەوەش گرفتی گەورەی لەبەردەم ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکەدا دروستکردووە، زۆرێک لە خاوەن خانووەکانیش نەچوونەتە خانووەکانەوەو لێی سوودمەند نەبوون.

خەلیل فـەرەج، هاوڵاتییەکی دانیشتووی هەڵەبجەیەو هەرچەندە لە گەڕەکی شەهیدانی کیمیابارانا خـاوەنـی خـانـوویـەکـی تایبەت بەخۆیەتی، «بەڵام بەهۆی نەبوونی کارەبای نیشتمانییو کەمیی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانەوە»، نەیتوانیوە بچێتە نـاو خـانـووەکـەیو وتی: «مـاوەی (١٧) ساڵە لە خانووی کرێدام، ئێستا لە گەڕەکی شەهیدان خانوویەکم بـۆ دروسـتـکـراوە، بەڵام لەو گەڕەکەدا کارەباو هیچ پرۆژەیەکی خزمەتگوزاریی نییە، هەربۆیە نەمتوانیوە بچمە ناو خـانـووەکـەمو ئێستاش هـەر لە خانووی کرێدام، ئەگەر حکومەتو لایەنە پەیوەندیدارەکان ئـاوڕ لە گرفتەکانی ئەو گەڕەکە نەدەنەوە، ئەوا هاوڵاتییان ناتوانن تێیدا بژین».

هاوڵاتییەکی دیکەی هەمان گـەڕەک ئـامـاژەی بە نەبوونی بینای قوتابخانە کردو وتی: «ئەو گەڕەکە تەنیا جێگای ئەو کەسانەی تێدا دەبێتەوە کە پێویستیان بە قوتابخانەو نەخۆشخانەو ئاوی خـواردنـەوەو ئـاوەڕۆو شۆستەو قیرو ڕێگاوبان نەبێت، لەبەرئەوەش گـوزەرانـدنـی ژیـان بۆ زۆربـەی هاوڵاتییان لەوێدا کارێکی ئەستەمە، چونکە ئەو پێداویستیانەی تێدانییە».

### دیواری خانووەکان لەئێستاوە دەتەقن

بەشێکی دانیشتووانی گەڕەکەکە جەخت لەوەدەکەنەوە کە لەئێستاوە دیـواری هەندێک خانوو تەقیونو درزیان بردووە، هۆکاری ئەوەش بۆ «نەگونجاویی شوێنو تەرخانکردنی زەوییەکان دەگەڕێننەوە».

فەخرەدین حەمەسەلیم وتی: «ئـەو زەویـانـەی خانووەکانی لەسەر دروستکراوە، پێشتر زەوی کشتوکاڵیی بوونو ئێستا بەشێکی زۆر لە خانووەکان تەقیونو ڕەنگە لـەمـاوەی (١٠) ساڵی داهـاتـوودا بەکەڵکی نیشتەجێبوونی هاوڵاتییان نەیەن».

عوسمان ساڵح، دانیشتوویەکی دیکەی گەڕەکەکەیە، ڕەخنەی لە زەوی خـانـووەکـان گـرتو وتی: «لەگەڵ ئەوەدانیم هیچ پرۆژەیەکی خزمەتگوزاریی لەم گەڕەکەی ئێمەدا جێبەجێبکرێت، چونکە پێدەچێت لە چەند ساڵی ئایندەدا تـەواوی ئەو بیناو خانووانەی دروستکراون، بتەقنو بەکەڵکی نیشتەجێبوون نەمێنن، چونکە تائێستا کە پرۆژەکە بـەتـەواوەتـی کۆتایی نەهاتووە، دیوارەکانی زیاتر لە (٥٠) خانوویان تەقیون». بە پێویستیشیزانی کە لەسەرەتاوە حکومەت ئەو لایەنەی لەبەرچاو بگرتایەو جێگای گونجاوی بۆ پرۆژەکە دیاریبکردایە.

سـەبـارەت بە خراپیی جۆری ئەو زەویانەی خانووەکانی لەسەر دروسـتـکـراوە، ئـەندازیـارێـکـی شارەوانیی هەڵەبجە کەنەیویست ناوی بهێنرێت، وتی: «هەموو زەوییەکانی دەوروبـەری هەڵەبجە زەوی کشتوکاڵین، ڕەنگە زۆربەیان بۆ ئەوە نەگونجێن یەکەی نیشتەجێبوونیان لـەسـەر دروسـتـبـکـرێـت، بـەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو لیژنەیەی کە سەرپەرشتی کارەکەیان کردووە، دەیانتوانی وەک پێویست لێکۆڵینەوە لەبارەی زەوییەکانەوە بکەن، دەبوایە بەر لە دروستکردنی خانووەکان، ئاکامەکانی ئەنجامدانی کارەکەیان تاووتوێ بکردایە».



گەڕەکی شەهیدان لەهەڵەبجە

ژمـــارە (489) یەکشەممە 2009/6/14
xalk.rozhnama@gmail.com

### سوعاد ئیسماعیل، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی:

# ئەنجومەنی پارێزگا ٩٥٪ی پرۆژەکانی وەزارەتی شارەوانی جێبەجێکردووە

عەبدولڕەحمان ئەبوبەکر

**سوعاد ئیسماعیل، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیو نوێنەری سنووری چەمچەماڵ لە ئەنجومەنەکە، لە دیدارێکی رۆژنامەدا ئاماژە بە کارو پرۆژەکانی ئەنجومەن دەکات لەو سنوورەداو پێیوایە، لە وەزارەتەکانی حکومەت زیاتر گرنگیان بە ناوچەکە داوەو دەڵێت: «ئەنجومەنی پارێزگا ٩٥٪ی پرۆژەکانی شارەوانی جێبەجێکردووە».**

**رۆژنامە: ئەو پرۆژانە چین کە لەماوەی دەستبەکاربوونتانەوە بۆ سنووری چەمچەماڵ جێبەجێتانکردوون؟**

* ئێمە وەک ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پرۆژەی زۆرمان جێبەجێکردووەو هەمووشیان تۆمارکراوە، لەساڵی ٢٠٠٦دا نزیکەی (١٨) پرۆژەمان لەو سنوورە جێبەجێکردووە، لەساڵی ٢٠٠٧یشدا بە دوو شێوە بودجەمان بۆ هاتووە، بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکانو بودجەی تەواوکاریی، لە بودجەی یەکەم (٢٤) پرۆژەمان جێبەجێکردووە، لە دووەمیش (٢٢) پرۆژەمان جێبەجێکردووە کە پرۆژەی گەورەو ستراتیژیی بوونو هەندێکیشیان بۆ شتی کاتیی بوون.

لە ساڵی ٢٠٠٨یشدا بە هەمانشێوەو بە دووبەش پرۆژەمان بۆ ئەنجامداون، لە یەکەم جاردا (٢٣)و دووەمیش (٨) پرۆژەی گرنگمان ئەنجامداوە، هەندێک پرۆژەی دیکەمان هەیە، بەڵام نەچوونەتە بواری جێبەجێکردنەوە، لەوانەش لەناو چەمچەماڵدا ئاوەڕۆمان بۆ (٧) گەڕەکی نوێو (٢) گەڕەکی کۆن کردووە، جگە لەوەی تۆڕی ئاوی (٨) گەڕەکمان جێبەجێکردووە.

سەرباری ئەوانەش سەنتەری گەنجانمان بۆ ناحیەکانی شۆڕشو تەکیەو ناو چەمچەماڵ دروستکردووە، پرۆژەی جوانکردنی شەقامی سەرەکی چەمچەماڵیش لە ئیحالەدایە.

**رۆژنامە: ئایا جوانکاریی شەقامێک یان سەنتەری گەنجان بە پرۆژەی ستراتیژیی دادەنرێت یان پرۆژەی ستراتیژیی ئەوەیە کە هەموو دانیشتووانی ئەو سنوورانە سوودی لێببینن؟ یان پرۆژەی گەورەو ستراتیژیی هەیە بە ئێوە ناکرێتو دەبێت وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ئەنجامی بدەن؟**

* لەڕاستیدا پرۆژەی ستراتیژیی ئەو پرۆژە گەورانەن کە بۆ ماوەیەکی زۆر دووردرێژ سوود بەو کۆمەڵگایە دەگەیەنێت، ئێمە پرۆژەی بەنداوی بانیمەقانو گەیاندنی پرۆژەی ئاوی گۆپتەپە- چەمچەماڵمان هەیە، کە دەبوو بکرایە، بەڵام لە توانای ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیدا نییەو دەبێت حکومەت بیکات، بەڵام هۆڵی وەرزشی داخراو بۆ ستراتیژیی نییە کە زۆربەی گەنجان سوودی لێدەبینن، یان سەنتەری گەنجان کە گەنجانی چەمچەماڵ شوێنیان نییە، یان جوانکردنی شەقامەکانی چەمچەماڵ، لەکاتێکدا تائێستا لە چەچەماڵدا گلۆپ لە سەرشەقامەکان وجودی نییە.



## ئێمە بەدیلی وەزارەت نین، چونکە وەزارەت بودجەی خۆی هەیە، بەڵام هاوکارێکی زۆرباشی وەزارەتەکان بووین

**رۆژنامە: چیتان بۆ ناحیەکانی قادرکەرەم، تەکیەی جەباری، سەنگاو، تەکیەی بەردەربەنو ئاغجەلەر کردووە کە سەر بە قەزای چەمچەماڵن؟**

* لە قادرکەرەمو تەکیەی جەباری هۆڵی بۆنەکانمان دروستکردووە، ئەویش وەک دیاریی پارێزگاری سلێمانی، چونکە ئەوان ئیدارییەن سەر بە چەمچەماڵن، بەڵام بودجەیان لەسەر سلێمانی نییە.

لە ناحیەکانی دیکە کۆمەڵێک پرۆژەمان لەبوارەکانی ئاوو ئاوەڕۆو خانووی فەرمانبەرانو هۆڵی بۆنەکان ئەنجامداوە، ئەوەش بەپێی ژمارەی دانیشتووانی سنوورەکان، تەنانەت لە گوندەکانیش خوێندنگاو بنکەی تەندروستیمان کردووە.

**رۆژنامە: بەڵام لەم ماوەیەدا دانیشتووانی سەنگاو خۆپیشاندانێکیان کرد بەهۆی نەبوونی ئاوی خواردنەوەوە؟**

*ئێمە تۆڕی ئاومان بۆکردوون نەک ئاومان بۆ بردبێتن، بۆری ناو کۆڵانەکانمان بۆ تەواوکردوون لەگەڵ تانکییەکی گەورەدا بۆمان داناون.

**رۆژنامە: باشە بۆ لە هەموو بوارەکاندا خەڵک پەنا بۆ ئەنجومەنی پارێزگا دەبات، هۆکارەکەی چییە، ئایا خەڵک متمانەی بە حکومەتو وەزارەتەکان نەماوە؟**

* ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی خۆی پەیوەست نەکردووە بە سێکتەرێکەوەو هەموو سێکتەرەکانی گرتووەتەوە، لەوانە تەندروستی، پەروەردە، شارەوانی، بەڵام ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیش رێگرنەبووە لەبەردەم وەزارەتەکاندا، کە ئەوانیش بودجەی خۆیان هەیەو خۆیان دەزانن چۆن سەرفیان کردووە.

**رۆژنامە: بودجەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی هاوتای بودجەی چەند وەزارەتی حکومەتی هەرێمە؟**

* بڕواناکەم هیچ ئەندامێکی ئەنجومەن ئەو وەڵامەیان لابێت، کەسیش بەدواداچوونی بۆ ئەوە نەکردووە، چونکە ئێمە وەکو ئەنجومەنی پارێزگاکان تائێستا دەسەڵاتی یاساییمان نییە، ئەویش بە حوکمی ئەوەی تائێستا لە پەرلەمان یاسایەک بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان دەرنەچووە، بۆیە دەسەڵاتمان نییە، کە دەسەڵاتیشمان نەبێت، بۆمان نییە بەدواداچوون بۆ وەزارەتەکان بکەینو بزانین بودجەیان چەندەو چۆن سەرفی دەکەن.

**رۆژنامە: لە سنووری چەمچەماڵدا وەزارەتەکانی پەروەردەو تەندروستیو شارەوانی چەند پرۆژەیان جێبەجێکردووە؟**

* پێموایە خوێندنگایەکی (١٨) پۆلیی دروستکراوە، کە رێکخراوێکی بیانی دروستیانکردووە، وەک باسی لێدەکەن خوێندنگایەکی دیکەش دەرچووە بۆ چەمچەماڵ، وەزارەتی تەندروستیش نەخۆشخانەیەکیان نۆژەنکردووەتەوەو پێموایە لە ناحیەی شۆڕشیش بنکەیەکی تەندروستییان دروستکردووە.

وەزارەتی شارەوانیش نازانم چیان کردووە، چونکە دەسەڵاتی یاساییمان نییەو ناتوانین بەدواداچوون بکەین بۆ ئەو پرۆژانە، بەڵام ئەندازیارێکی شارەوانیی چەمچەماڵ بە منی وت کە سێ ساڵە بودجەیان نییە تا پرۆژە جێبەجێبکەین، لەگەڵ ئەوەشدا من دەتوانم بڵێم ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی ٩٥٪ی پرۆژەکانی وەزارەتی شارەوانی جێبەجێکردووە.

**رۆژنامە: ئایا نەدەکرا ئەو وەزارەتانە لەماوەی کابینەی پێنجەمدا چەند پرۆژەیەکی پێویستیان لەو سنوورە بکردایە، کە خەڵکی بەوشێوەیە گلەیی نەبوایە؟**

* بەڵێ دەکرا، چونکە هەر وەزارەتەو بودجەی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام پێدەچێت شوێنی پێویستتر هەبووبێت، بۆیە نەکراوە، زیاتریش بەرنامەی خۆیانە.

**رۆژنامە: کەواتە کێ کەمتەرخەمە وەزارەتەکان یان بەڕێوەبەرێتییەکانی سەر بە وەزارەتەکان؟**

* بەشێکی کەمتەرخەمییەکە لە ئەستۆی فەرمانگەکانە کە دەکرا داکۆکی زیاتریان بکردایە، بەشێکی دیکەشی وەزارەتەکان خۆیانن، بەڵام دەکرێت فەرمانگەکان پرۆژە بنێرنە وەزارەتەکان یان ئەوان دەینێرن وەزارەتەکان بودجەیان نییە، ئەمەش وەڵامی لای وەزارەتەکانە لای من نییە.

**رۆژنامە: تۆ وەک ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگا ئاگاداری ئەو بەرپرسانە هەیت کە سەردانی چەمچەماڵو ئەو سنوورە دەکەن، وەزیری شارەوانیو تەندروستیو پەروەردە چەندجار سەردانیان کردووە؟**

* هەندێک کات قایمقام ئاگادارم دەکات، هەندێک کاتیش ناتوانم بزانم، چونکە پێم ناڵێن، بەڵام پێموایە وەزیری تەندروستی هاتووەو وەزیری پەروەردەش ئاگادارنیم، نەشم بیستووە وەزیری شارەوانی هاتبێت.

**رۆژنامە: تا چەند ئێوە وەک ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەجیاتی وەزارەتەکان کارتان کردووە؟**

* ئێمە بەدیلی وەزارەت نین، چونکە وەزارەت بودجەی خۆی هەیە، بەڵام هاوکارێکی زۆرباشی وەزارەتەکان بووین.

**سوعاد ئیسماعیل محەمەد**
**- لەدایکبووی ساڵی (١٩٧٢)ە.**
**- دەرچووی کۆلێژی یاسایە.**
**- ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانییەو نوێنەری سنووری چەمچەماڵە لەو ئەنجومەنەدا.**

# «خەڵکی کوردستان گۆڕاون‌و شتی رواڵەتیی کاریان تێناکات»

جەمال ئیختیار



بەبڕوای بەشێکی شارەزایانی بواری کۆمەڵناسی تێڕوانینی خەڵکی کوردستان بەرامبەر هەڵبژاردنەکان گۆڕاوە، بەو پێیەی ئێستا خەڵک بە تێڕوانینی جیاوازەوە بەشداریی دەکات‌و دەنگ دەدات‌و کاری رواڵەتیش کاریگەریی لەسەر تێروانیان بەرامبەر قەوارەو لایەنەکانی بەشداری هەڵبژاردن ناگۆڕێت.

بەراورد بە وڵاتانی دراوسێی هەرێمی کوردستان، خەڵک بەشداریی چالاکیان لە هەڵبژاردندا هەیەو وەکو بەشێک لە ئاراستەکردنی وڵاتەکەی خۆیان سەیری دەکەن، بە هەمان شێوەش لە هەرێمی کوردستان گۆڕانکاریی بەسەر تێڕوانینی خەڵکدا هاتووە، هەندێک لە هاوڵاتییانیش باس لەوەدەکەن کە تاقیکردنەوە باشترین بەڵگەیە، بەشێکی زۆر لە خەڵک گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتە کە گواستنەوەی دەسەڵات لەو لایەنەوە کە نەیتوانیوە ویستی خەڵک جێبەجێ بکات بۆ لایەنێکی دیکە، باشترین چارەسەرە.

لە ئێران کە دراوسێی هەرێمە، لەدوای ئەو گلەییانەی کە بەهۆی دەسەڵاتداریێتی مەحمود ئەحمەدی نەژادەوە دروست بووبوون، خەڵک لە کایە سیاسییەکانی وڵاتی خۆیان ساردبیوونەوەو لە سەرەتای دەستپێکردنی رکابەری چوار کاندیدەکە بۆ پۆستی سەرۆکایەتیی ئێران، وا چاوەڕوان دەکرا کە هەڵبژاردنی ئەمجارەش وەکو ٢٠٠٥ کە تێیدا ئەحمەدی نەژاد سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ساردوسڕبێت، بەڵام بەپێچەوانەوە هەر ئەو هاوڵاتییانەی کە لە هەڵبژاردنی پێشوودا بەپیر دەنگدانەوە نەچووبوون، ئەمجارەیان بە خرۆشێکەوە کە تەنیا لە سەردەمی خاتەمیدا بینرابوو، خۆیان بۆ هەڵبژاردن ئامادەکردو لە رۆژی هەڵبژاردنیشدا روویانکردە سندوقەکانی دەنگدان.

پاساوی هاوڵاتییانی ئێرانی ئەوەبوو کە لە هەڵبژاردنی پێشوودا پێیانوابوو بارودۆخی ئێران، ئازادییەکان، مافەکانی خەڵک ئەگەر باشترنەبێت، خراپتر نابێت، بەڵام لەدوای هەڵبژاردنی رابردوو، هاوڵاتییان هەستیان بەوەکرد کە تا چ رادەیەک بوونی ئەوان لەسەر سندوقەکانی دەنگدان گرنگەو هەستیانکرد کە دەکرێت هەوڵی گواستنەوەی دەسەڵات بدەن، خەڵکی ئێران ئەوەیان کرد بە بنەمایەک بۆ تێڕوانینی خۆیان بۆ هەڵبژاردن، ئەوەش بووە هۆی گەرمبوونی رکابەرییەکانی هەڵبژاردن بۆ نوێکردنەوەی کۆنتراکتی دەسەڵات.

لە هەرێمی کوردستاندا بە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانیشەوە لە ماوەی (١٨) ساڵدا تائێستا چوار هەڵبژاردن کراوەو خەڵکی کوردستان بۆ هەڵبژاردنێکی دیکەو دیاریکردنی ئەندامانی پەرلەمان دەچنەوە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان، لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا هاوڵاتییان بە تێڕوانینێکی جیاوازەوە بەشداریی دەکەن.

عەبدوڵڵا رەشید، هاوڵاتییەکی دانیشتووی سلێمانییە، باس لەوەدەکات کە بەشداریی دەنگدان دەکات، ئەگەرچی هەڵبژاردنەکانی رابردوو بە حەماسەتەوە لە دەنگداندا بەشداریان دەکردو دەنگیان بۆ کورد دەدا، بەڵام ئەمجارەیان دەنگ بۆخۆیان دەدەن‌و وتی: «هەڵبژاردن رێگایەکە بۆ گۆڕینی ئەوانەی کە بەدڵیان نییە، دەکرێت خەڵک بەمشێوازە بیر لە گۆڕینی بەڕێوەبەرانی وڵاتەکەی بکاتەوە».

بە هەمانشێوەی عەبدوڵڵا، رێبوار سەلیم کە هاوڵاتییەکی دیکەیە، پێیوایە بەراورد بە رابردوو، بیرکردنەوەی خەڵک گۆڕاوەو بەشێکی زۆری هاوڵاتییان چی دیکە وەکو جاران بە حەماسەتەوەو بۆ چەند لایەنێکی دیاریکراو دەنگ نادەن، بەتایبەتیش بوونی لیستی جیاواز ئەو دەرفەتە بە خەڵک دەدات کە دەسەڵات لەلایەنێکەوە بۆ لایەنێکی دیکە بگوازنەوەو «تاقیکردنەوەش باشترین بەڵگەیە»، بە پێویستیشی دەزانێت کە هاوڵاتییانی کوردستان لەئاستی بەرپرسیارێتیدابن‌و بزانن کە چۆن دەسەڵاتی دەنگدانی خۆیان بەکاردەهێنن.

شارەزایانی بواری کۆمەڵناسی، گۆڕانی تێڕوانینی خەڵک بە شتێکی باش دەزانن‌و پێیانوایە لە داهاتوودا بەرەو باشتریش دەچێت.

ئارام عەلی فەرەج، مامۆستای کۆمەڵناسی لە زانکۆی سلێمانی، پێیوایە خەڵک ئێستا بەرنامە بەلایەوە گرنگەو وتی: «ئەگەر جاران بە حەماسەتەوە دەچوونە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان، بەڵام ئێستا بە تێڕوانینی جیاوازەوە دەچن، هۆکارەکانی پەیوەندی، کرانەوەی کوردستان بەڕووی دنیای دەرەوەدا، ئەو گۆڕانانەش کە لە ئەنجامی هەڵبژاردن لە وڵاتانی دراوسێدا روودەدەن، کاریگەریان لە سەر بارودۆخی هەرێمی کوردستان هەبووە، ئەوەش شتێکی باشەو حیزب‌و لایەنە سیاسییەکان چیتر ناتوانن لەسەر مێژووی خۆیان بژین، بەشداریکردنی سیاسیی خەڵک بەو شێوازە گرنگییەکی زۆری هەیە».

# دۆڵی مەلەکان هێشتا دوو ئیدارەیە

ئەحمەد باڵەکی

دانیشتوانی گوندەکانی سەر بە دۆڵی مەلەکان رەخنەی ئەوە دەگرن کە تائیستا سنوورەکەیان بە دوو ئیدارەیی ماوەتەوەو ئەوەش وایکردوە خزمەتگوزاریی پێویستیان پێشکەش نەکرێت‌و گرفتیان هەیە.

دۆڵی مەلەکان (٩) گوندی لەسەرەو نزیکەی (١٥٠٠)ماڵ لەخۆدەگرێت، لەدوای شەڕی ناوخۆوە تائێستا بە دوو ئیدارەیی ماوەتەوە ئەوە لەکاتێکدایە کە هەردوو ئیدارەی حکومەت (هەولێر، سلێمانی) لە کابینەی پێنجەمدا یەکیانگرتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا لەڕووی ئیدارییەوە دۆڵەکەو گوندەکانی سەر بە ناحیەی خەلیفان‌و قەزای سۆرانە، بەڵام لەڕووی پەروەردەو تەندروستییەوە سەر بە ناحیەی بالیسان‌و قەزای کۆیەیە.

ئیسماعیل حەمەد، دانیشتوی گوندێکی سنووری دۆڵی مەلەکان، باسی لەوەکرد کە لە نێوان دوو ئیدارەییدا پەراوێزخراون‌و وەک پێویست خزمەتیان نەکراوە، لەکاتێکدا کە دەیان شەهیدیان هەیەو وتی: «تائێستا کارەبای نیشتیمانیمان نیەو بە هەر ٩ گوندەکەشەوە یەک خوێندنگای ناوەندیمان هەیەو رێگاوبانیشمان وەک پێویست نییە، ئەوە لەکاتێکدایە کە ئەم دۆڵە لانکەی شۆڕشە یەک لەدوای یەکەکانی کوردی بووەو هەر کاتێک شۆڕشەکان تێک بکشابان لێرە خۆیان دەگرتەوە، بەڵام بەداخەوە ئێستا ئەو خزمەتەی بەشارەکان دەکرێ بەگوندەکان ناکرێ».

هەرچەندە لە گوندی کەندۆلی سەر بە دۆڵەکە کۆمەڵێک خانوو بۆ کەسوکاری قوربانیانی کیمیاباران دروستکراوەو دوای لافاوەکەی مانگی تشرینی دووەمی ٢٠٠٦یش کە زیانی بە گوندی بلەی خواروی دۆڵی مەلەکان گەیاند، حکومەت کۆمەڵێک خانوی بۆ خەڵکی گوندەکە دروستکرد، بەڵام بەشێک لە دانیشتووانی گوندەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە زۆرێک لە پێداویستیە سەرەکیەکان ماوە بۆیان دابینبکرێت کە هەندێک گوندی بەرەو چۆڵبوون بردوە.

جەنگاوەر خالید، بەڕێوەبەری ناحیەی خەلیفان نکۆڵی لە دووئیدارەیی دۆڵی مەلەکان‌و هەندێک ناوچەی دیکە نەکردو لەبارەی رەخنەو گلەییەکانی دانیشتوانی ناوچەکە وتی: «راستە تائیستا ئەم دۆڵە بەتەواوی نەکەوتوەتە سەر ناحیەی خەلیفان‌و لەروی پەروەردەو تەندروستیەوە سەر بە ناحیەی بالیسان‌و قەزای کۆیەیە، تائێستا لەسەر دۆڵی مەلەکان‌و ئەو شوێنانەی کێشەی دوو ئیدارەییان هەیە دوو کۆبونەوەمانکردووەو وا بریارە کۆبونەوەیەکی دیکە سازبکەین‌و کۆتایی بەم کێشەیە بهێنین».

وتیشی: «کۆمەڵێک خانومان لەگوندی بلەی خوارو گوندی کەندۆڵ دروستکردوەو چەند ساڵێک لەمەوبەر رێگایان بۆ قیرتاوکراوە، هەقی خۆشیانە داوای کارەبای نیشتیمانی‌و یانەی چیمەنی دەستکرد پرۆژەی دیکە بکەن، بەڵام تا ئێستا بوجەمان بۆ نەهاتوە».

## بۆ بەڕێز/
## جێگری سەرۆکی حکومەت
## وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێم

من کە کارمەندی بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی پێنجوێنم بەناوی (عەلی ساڵح خوارەحم) بەناونیشانی (کارگوزار) بەنووسراوی بەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەی سلێمانی/ بەڕێوەبەرێتی خۆیەتی ژمارە (٨٦٢٣) لەبەرواری (٢٠٠٩/٥/٤) خانەنشینکردنم پەسەندکراوە بەوپێیەی لەدایکبووی ساڵی (١٩٤٥)م‌و تەمەنم (٦٣) ساڵی پڕکردووەتەوە، بەڵام بەرواری (٢٠٠٨/٧/١)م بۆ دانراوەو دەبێت لەوماوەیەوە تا (٢٠٠٩/٥/٤) کە دەوامم کردووە ئەو مووچەیەی مانگانە وەرمگرتووە بیگەڕێنمەوە.

لێرەوە داواکارم بەدواداچوون بۆ ئەو کێشەیەم بکرێت‌و مافم نەخورێت، چونکە من تائەو بەروارە دەوامی ئاساییم کردووەو فەرمانی کارگێڕییەکەشم لەوکاتەدا دەرچووە کە هیچ گوناهێکی ئێمەی تێدا نییە، بۆیە ناکرێت ئێمە باجەکەی بدەین‌و داواکارین ئەو کێشەیەم بۆ چارەسەربکرێت‌و ئەو بارە گرانە نەخرێتە سەرشانم.

**لەگەڵ رێزدا...**

www.netewe.com

# وێنەو خەڵک

فۆتۆ: ئاری سابیر



پرۆژەی ئاوی دەربەندی رانیە بڕی ٢٢ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخانکراوە لە٢٠٠٥/٧/١٣ دەستکراوە بەکارکردن تیایدا، ماوەی پرۆژەکە ٢٩٥ رۆژ بووە دەبوو لە ٢٠٠٦/٥/٨ تەواو بوایە، لەگەڵ ئەوەی زیاتر لەدووساڵ بەسەر وادەی تەواوبوونی تێپەڕیووە، دانیشتوانی سنوورەکە بەدەست کەمیی ئاوەوە دەناڵێنن تائێستا تەواو نەبووە.

## بینای فەرمانگەی تەندروستی نوێی سەرچنار ٧ مانگە تەواوکراوەو نەکراوەتەوە

گۆران عوسمان

بینای فەرمانگەی تەندروستی سەرچنار لە ٢٠٠٨/١٠/١دا کاری دروستکردنی کۆتایی هاتووە، بەڵام تائێستا نەکراوەتەوەو هیچ سوودێکی بۆ دانیشتووانی سنوورەکە نەبووە، ئەوەش هاوڵاتییانی نیگەران کردووە.

بینای فەرمانگەکە لە ناوجەرگەی بازاڕی سەرچناردایەو لەلایەن سوپای ئەمریکاوە دروستکراوە، د.عەونی عەلی، بەڕێوەبەری فەرمانگەی تەندروستی سەرچنار، باسی لەوەکرد کە لە سەرەتاوە بەنیازبوون بیناکەیان بدرێتێو بیکەنە بنکەی تەندروستی سەرچنار، بەڵام دواتر «د.ئاسۆ فایەق پزیشکی نەخۆشیی دڵ لە نەخۆشخانەی منداڵان لە سلێمانی، پەیوەندی پێوەکردم کە لە ئیتاڵیا هاتبووەوە، وتی هاوکاریمان بکەن بیناکە بکەینە سەنتەری چاندنی مۆخی منداڵان»، ئاماژەی بەوەشکرد کە ئێستا پزیشکو کارمەندە ئیتاڵییەکان رۆژانە سەردانی ئەو فەرمانگەیە دەکـەنو کاری تێدا دەکەن، بەڵام بەرپرسانی سەنتەرەکە رەتیدەکەنەوە کە ئێستا کار لەو بینایەدا بکەن.

لە پەیوەندییەکدا د.ئاسۆ رەتیکردەوە کە بیناکە بکەنە سەنتەری چاندنی مۆخی منداڵ، بەڵکو ویستویانە بیکەنە سەنتەری نەخۆشییەکانی دڵ، ئەوەشی بە رۆژنامە راگەیاند کە زیاتر لەماوەی ساڵێکە پەیوەندیان بەو بیناو فەرمانگە نوێیەوە نەماوە.

لەلایەکی دیکـەوە د.ڕێـکـەوت حەمە رەشید، بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی سلێمانی بە وەکالەت، هەرچەندە ئەوەی رەتـکـردەوە کە ئیتاڵییەکان لە ئێستادا سەردانی ئەو شوێنە بکەنو کاری تێدا بکەن، بەڵام لەبارەی وەرنەگرتنو سوودنەبینین لە بینای فەرمانگەکە، وتی: «شتی وانییە وەرنەگیرابێتەوە، هۆکاری نەکردنەوەشی ئەوەیە کە لە پەیوەندیداین لەگەڵ ئیتاڵییەکاندا بۆ چەند پرۆژەیەک، کە یەکێک لەو پرۆژانە ئەو فەرمانگەیەیە کە بکرێتە نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە نەخۆشییەکانی سنگی منداڵان».

تەرخانکردنی بینای فەرمانگەکە بۆ مەبەستێکی دیکە، هاوڵاتییانی سنوورەکەی نیگەرانکردووەو بەشێکیان پێیان باشە بکرێتە سەنتەرێکی فریاگوزاریی خێرا، بەوپێیەی سنوورەکەیان بـەرفـراوانـە جگە لـەوەی ناوچەیەکی گەشتوگوزارییەو ئەگەری حاڵەتی کتوپڕی زۆرە.

لەوبارەیەشەوە د.ڕێکەوت وتی: «ئێمە چاوەڕوانی ئەو وەفدە ئیتاڵییە دەکەین کە سەردانی کوردستان دەکـەن، وا بڕیاری لەسەر دەدەین کە بکرێتە نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە نەخۆشییەکانی سنگی منداڵان، چونکە لە ئێستادا زۆرێک لە منداڵان گیرۆدەی ئەو نەخۆشیەن، ئەگەر هاتو شوێنێکی دیکە هەبوو لە ناوچەکەداو زانیمان گونجاوە بۆ ئەو پرۆژەیە، ئەوا داوای خەڵکی سنوورەکە بەهەند وەردەگرینو پێمان خۆشە خزمەتی ئەو خەڵکەی پێبکەین».



خەڵک ڕۆژنامە
سەرپەرشتیار: سەنگەر جەمال
بۆ پەیوەندی: ٠٧٧٠١٥٨٦٠٢٢